# گوڵان

سـاڵی بیسـت و هـەشتـەم (١٣١١)


## تەنیا دەستوور ئایندەی هاوبەشمانە لەگەڵ عێراق

# کوردستان کاراکتەرێکی کارا بۆ پاراستنی ئاسایشی وزە






# دامەزراندن و ڕێکخستنەوەی ڕێکخراوە جەماوەرییەکان



یەکێک لە بڕیارەکانی کۆنگرەی نۆیەم بایەخدان بە کاری ڕێکخراوەیی و پیشەیی بوو. دوای کۆنگرەی نۆیەم، هەوڵێکی تەواو درا بۆ ڕێکخستنەوەی ڕێکخراوە جەماوەرییەکان و تەنانەت بەستنی کۆنفرانس و کۆنگرەکانیشیان بەپێی بارودۆخ و کات لەو پێناوەدا و هەرزوو ڕێکخراوە جەماوەرییەکان و بەتایبەتی قوتابیان و لاوان و ئافرەتان ڕێک خرانەوە.

یەکەم ڕێکخراوی نهێنیی یەکێتیی قوتابییان، ساڵی ١٩٧٦ لە پارێزگای هەولێر بەناوی ڕێکخراوی شیرین دامەزرا، ئەم ڕێکخراوە توانیی، لەسەر هەڵدانەوەی ڕێکخستنەکانی قوتابییاندا ڕۆڵی کاریگەری خۆی ببینێت.

پاش دامەزراندنەوەی یەکێتیی لاوانی دیموکراتی کوردستان و پەرەسەندنی ڕێکخستنەکان، ساڵی ١٩٨٠ لێژنەیەکی کاتی دمەزرا بە مەبەستی سەرکردایەتیکردنی یەکێتیی لاوان لە ئێران و چەند هەڤاڵێک بۆ لێژنەکە هەڵبژێردران.

بارودۆخەکە بۆ یەکێتیی ئافرەتان جیاواز و دژوارتر بوو، دوای نسکۆی ساڵی ١٩٧٥ و بەتایبەتی لە نێوان ١٩٧٥ – ١٩٨٣دا بەهۆی ئەو بارودۆخە نالەبار و هەستیارەی هاتە ئاراوە، ئافرەتان بەدەگمەن دەیانتوانی چالاکیی بەرچاو بکەن.

ساڵی ١٩٨٣ سەر لە نوێ پێداچوونەوە و ڕێکخستنەوەی کاری ڕێکخراوەیی ئافرەتان لە تاراوگە کاری لەسەر کرا، بۆ ئەم مەبەستە دەستەی باڵای یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان پێک هات لە هەڤاڵان: (وەزیرە پیرداود، سکرتێر. – ڕازیە حەسەن خەتاب، ئەندامی دەستەی باڵا. کوردستان پیرداود، ئەندامی دەستەی باڵا).

یەکێتیی قوتابییان لە ناوخۆی وڵاتیش ڕۆڵێکی بەرچاویان بینی، بەتایبەتی لە بەڕێوەبردن و سەرپەرشتیی ڕاپەڕینەکاندا وەک:

- لە ١٠ی ئایاری١٩٨٢دا، هێرشیان بردە سەر بارەگای قوتابییانی بەعس لەناو قەڵادزێ.
- لە ١٠ی ئایاری ١٩٨٢دا، لە مەسیف سەڵاحەدین خۆپیشاندنێکی گەورەیان ساز کرد و وێنە و پۆستەری پارتییان بڵاوکردەوە.
- لە ٤ی حوزەیرانی ١٩٨٢، ئەوکاتە ڕژێم بەزۆر قوتابییانی بەرەو مۆڵگەکانی شەڕ دەنارد، لەسەر ڕێی عەنکاوە، قوتابییان خۆپیشاندانێکی گەورەیان ڕێکخست.
- شەوی ١٩ لەسەر ٢٠ی تەمووزی ١٩٨٢، ل. ن زاخۆی یەکێتیی قوتابییان چەندین بڵاوکراوەیان لە ٢٧ و ٢٨ی تەمووزی ٨٢ لە باتۆفە، ١٣ و ١٤ی تەمووزی ٨٢ لە ناسریە و ١٦ و ١٧ی تەمووزی ٨٢ لە دهۆک و ئاگەنی و بێگوڤا بڵاوکردەوە.

# چاپكراوی نوێ




چاپی یەکەمی دیوانە شیعری (سنوورێك لە خوێن، ماڵێك لە ئازار) لەلایەن توێژەر و نووسەر و شاعیر (ئەبوبەکر شوانی)یەوە، لە دووتوێی (١٢٠) لاپەڕەی قەبارە ناوەند کەوتە کتێبخانەی کوردی و بەردەستی خوێنەرانەوە، ئەم دیوانە شیعرییە چەند هەڵبژاردەیەکی لە بەرهەمی شیعریی نووسەر لەخۆ گرتووە، بەشێکی بەرچاویان زادەی قۆناغی شەڕی داعش و ڕەشاوی ئەم هێزە تاریکەن بۆ سەر خاك و گڵی کوردستان. چەند دەقێکیشیان بۆ سروود نووسراون، ئەوانی دیکەشیان - وەك نووسەر دەڵێت- هەستی بەشدارییەتی بەرانبەر خاك و خوێن و سەربەخۆیی و ژان و ئازارەکان و پێشمەرگە و دووبارە خۆپێناسەکردنەوەی لە سەنگەرەکانی نیشتمانیترین شەڕی کورد لە دوای ڕاپەڕینەوە.

بەشەکەی دیکەی ئەم دیوانە شیعرییە زووخا و هەڵڕشتن و یەخە داتەکاندن و هەست بە ژان و ژوارن بەرانبەر خۆرەی دووبەرەکی، یەکتر بە نەفرەتکردن و پشتکردنە بەختی خۆ و دەرفەت و شەڕە گەڕەکی سیاسی و گەندەڵی و ڕوو وەرگێڕان لە نیشتمان و مێژوو و ئاییندە.

دەقەکانی ئەم دیوانە هەمە مەبەست و ناونیشانن، لەوانە، سەربەخۆیی وڵات، هەروەها نیشتمان و هەڵەبجە و پێشمەرگە و کەرکوك و شەهیدی کوردستان، ئاماژەکردن بۆ ئاشتی و نائومێدی و کارەساتە نەتەوەییەکەی (١٦)ی ئۆکتۆبەر، بەئاگاهاتنەوە بەرانبەر پرس و پێشهاتەکان، جگە لە چەندین ناونیشانی دیکە، کە شاعیر لەنێو دەقە شیعرییەکانیدا ئاماژەیان پێ دەکات.

دانەیێك لەم دیوانە شیعرییە گەیشتووەتە گوڵان، دەستخۆشی لە نووسەر و شاعیر (ئەبوبەکر شوانی) دەکەین.. هیوای سەرکەوتنی بۆ دەخوازین.

# تیروپشکی جامی جیهانی ٢٠٢٢ لە قەتەر راکێشرا




| کۆمەڵەی یەکەم |
| --- |
| قەتەر |
| سەنیگال |
| هۆڵەندا |
| ئیکوادۆر |

| کۆمەڵەی دووەم |
| --- |
| ئینگلتەرا |
| ئەمریکا |
| ئێران |
| پاشکۆی ئەوروپا براوەی یاری (ئوسکۆتلەندا – ئۆکرانیا) لەگەڵ (وێڵز) یاری دەکات |

| کۆمەڵەی سێیەم |
| --- |
| ئەرژەنتین |
| مەکسیک |
| پۆڵەندا |
| سعودیە |

| کۆمەڵەی چوارەم |
| --- |
| فەرەنسا |
| دانیمارک |
| تونس |
| پاشکۆ براوەی یاری (ئوستراڵیا– ئیمارات) لەگەڵ پیرۆ یاری دەکات |






| کۆمەڵەی پێنجەم |
| --- |
| ئەڵمانیا |
| ئیسپانیا |
| پاشکۆ براوەی یاری (نیوزلەندا- کۆستەریکا) |
| ژاپۆن |

| کۆمەڵەی شەشەم |
| --- |
| بەلژیکا |
| مەغریب |
| کرواتیا |
| کەنەدا |

| کۆمەڵەی حەفتەم |
| --- |
| بەرازیل |
| سویسرا |
| سڕبیا |
| کامیرۆن |

| کۆمەڵەی هەشتەم |
| --- |
| پورتوگال |
| ئۆرۆگوای |
| کۆریای باشوور |
| گانا |




■ خاوەن ئیمتیاز
شەوکەت شێخ یەزدین
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
فەرهاد محەمەد
Editor-in-Chief:
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Mob: 07504030900

■ سکرتێری نووسین
د.هێمن غەنی

■ سیاسەت و ناوخۆ:
ساڵح عومەر
شەماڵ نوری
د. شێیان فەرهاد
بەهادین جەلال

■ گشتی:
د.عادل حوسێن
تارا عومەر
خەلیل بلەیی
سەنگەر شنۆیی
مەهدی حاجی ساڵح
کارزان کانەبی
رێبین رەمزی

■ بەڕێوەبەری کارگێڕی و دارایی:
سلێمان یاسین

■ بەڕێوەبەری هونەری:
شاخەوان جەعفەر

■ بەرگ:
لوقمان رەشیدی

■ وێنەگر:
کەمال ئاکرەیی


بۆ ریکلام کردن پەیوەندی بکە بە:
Mob: 0750 2206537
salih_omer2003@yahoo.com

چاپخانەی رۆکسانا - هەولێر

ناونیشان: هەولێر -رووناکی/ شەقامی ٤٠ مەتری

*Web: www.gulanmedia.com*

## پرۆفیسۆر کامەران ساڵەیی :



**ئەگەر حزبەکان و ئیتاری تەنسیقی پرۆسەی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار زیاتر پەک بخەن، عێراق بەرەو چارەنووسێکی نادیار دەچێت**

## بەهمەن کاکە عەبدوڵڵا :




**پارەی خاڵە سنوورییەکان و داهاتی ناوخۆی سلێمانی هیچ شەفافییەتێکی تێدا نییە**

## هووشەنگ ئەمیرئەحمەدی :



**کاتی ئەوە هاتووە ناکۆکییە سەربازی و سیاسییەکانی ناوچەکە بگۆڕدرێن بۆ ئاوێتەبوونی ئابووری**

## جێراڵد فێرشتەین :



**ئیدارەی بایدن دەیەوێت لە ئاست کێشەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا رێگاچارەی دیپلۆماسی بگرێتەبەر**

زاگرۆس فەتاح :

## سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە کۆڕبەندی جیهانیی وزەدا پێگەی جیۆپۆلەتیکی کوردستانی بە جیهان ڕاگەیاند و، داوای کرد بیکەنە پێگەیەکی باشی وەبەرهێنان



## با لە ڕۆژی جیهانیی هۆشیاریی ئۆتیزمدا

ئاوڕ لە منداڵانی خاوەن پێداویستیی تایبەت بدرێتەوە بۆ ئەوەی تێکەڵی کۆمەڵگە بکرێنەوە




## ستاتیکای پۆشاکی کوردی



## ئاپێکی مۆبایل تێستی کرۆنا دەکا



## زیانەکانی نووستن پاش ژەمێکی چەوری پارشێو



دڵسۆز عوبێد :

## خەمساردیی لایەنی پەیوەندیدار و گرنگی نەدان بە یارییەکە نیگەرانیی لای ئێمە دروست کردووە



# مانگی پیرۆزی ڕەمەزان مانگی خوداپەرستی و خۆشەویستی و پاراستنی یەکڕیزییە

بە ناوی خودای گەورە و میهرەبان. بە بۆنەی هاتنەوەی مانگی ڕەمەزانی پیرۆز جوانترین و گەرمترین پیرۆزبایی ئاراستەی موسڵمانانی کوردستان دەکەم، لە خوای گەورە داواکارین خوداپەرستیمان قبووڵ بکات و، ئەم مانگە پیرۆزە ببێتە خێر و خۆشی و ئاسوودەیی و بەختەوەری بۆ هەموو لایەك و، ببێتە مایەی پتەوکردنی زیاتری ڕیزەکانمان و نزیکبوونەوەی زیاترمان لە خودای گەورە و میهرەبان و ئاوەدانکردنەوەی مزگەوت و ماڵەکانمان.

مانگی ڕەمەزانی پیرۆز مانگی ئاسوودەیی دەروون و پاڵنەری چاکە و خێر و گەڕانەوەیە لە تاوان و قبووڵکردنی تەوبەیە. لەم مانگەدا ئەرك و ڕۆڵی مامۆستایانی ئایینی لە خوداپەرستی و ئیشی چاکە و چاندنی تۆوی ئاشتی و یەکڕیزی و خۆشەویستی زۆر گرنگە. دڵنیام مامۆستایانی ئایینی هەروەك چۆن لە ڕابردوودا پێشەنگ بوون لە وشیارکردنەوەی تاك و کۆمەڵگەدا، هەر بەو نەفەسی خوداپەرستییەوە ژینگەیەکی ئارام و پڕ لە بەختەوەری و خوداپەرستی بە باشترین شێوە بۆ موسڵمانان بەڕێوە دەبەن. لە کاتێکدا موسڵمانانی کوردستان لەم مانگە پیرۆزەدا خوداپەرستی دەکەن و زیاتر ڕوو لە مزگەوتەکان دەکەن، زۆر گرنگە زیاتر هانی موسڵمان بدرێت بۆ کاری چاکە و خێر و بەخشندەیی.

لە مانگی ڕەمەزانی پیرۆزدا موسڵمانان لە مزگەوت و ناو ماڵەکان زیاتر لە یەکتر نزیك دەبنەوە و، زیاتر هەست بە ئازار و مەینەتییەکانی یەکتر دەکەن و، دڵنەوایی و ڕێز و خۆشەویستی پێشکەشی یەك دەکەن. لەم مانگە پیرۆزەدا موسڵمانان زیاتر ڕوو لە خێر و سەدەقە و هاوکاری و یارمەتیدانی یەکتر دەکەن، ئەمەش دەبێتە هۆکارێك بۆ زیاتر نزیکبوونەوە و ڕێزگرتن لە یەکتر و هەستکردن بە ئازار و مەینەتییەکانی یەکتر. پێغەمبەرمان دروودی خودای لەسەر بێت، پێمان دەڵێت: لە مانگی ڕەمەزاندا ئەگەر هەر هیچ شتێکت دەست نەکەوت پێشکەشی برا موسڵمانەکەتی بکەیت، بە پارچە خورمایەك هاوکاریی براکەت بکە، بۆ ئەوەی خۆشەویستیی ئەو بەدەست بهێنیت، بۆیە پێویستە هەمووان دەستی هاوکاری و کۆمەك و بەهاناوەچوونی هەژاران درێژ بکەین. لە مانگی ڕەمەزانی پیرۆزدا موسڵمانان زیاتر فێری ڕێزگرتن لە کات و یاسا دەبن و، بە یەك (الله اکبر) هەمووان پێکەوە دەستبەرداری خواردن و خواردنەوە دەبن و بە (الله اکبر)ێکیش لە ئێوارەدا دەست بە خواردن و خواردنەوە دەکەنەوە.

ئەمساڵ کە لە ڕۆژەکانی سەرەتای مانگی ڕەمەزانی پیرۆزداین، دوای ئەوەی سوپاس بۆ خودا شوێنەوارەکانی پەتای کۆرۆنا لە سەرمان کەم بووەتەوە، مامۆستایانی ئایینی بەراورد بە دوو



**د. عەبدوڵڵا مەلا سەعید**

سەرۆکی یەکێتیی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان


تایبەت بۆ گوڵانی نووسیوە

سـاڵی ڕابـردوو باشـتر دەتوانـن بـە ئـەرك و پەیامـی خوداپەرسـتیی خۆیـان هەڵسـن و، ڕیـز و تەبایـی موسـڵمانان بپارێـزن.

ئێمـە لـە یەکێتیـی زانایانـی ئایینـی ئیسـلامی کوردستان، بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی ئەوقاف و کاروبـاری ئایینـی بەرنامەیەکـی چـڕ و فراوانمـان لـەم مانگـە پیـرۆزەدا دانـاوە، بـۆ خزمەتکردنـی موسـڵمانان لـە بەجێگەیاندنـی ئەرکـی خوداپەرسـتی و عیبادەتیانـدا، هەروەکـو چۆن داوامـان لـە وەزارەت و دامەزراوە پەیوەندیدارەکان و پارێزگارەکان و بەرپرسانی یەکـە ئیدارییـەکان کـردووە، چاودێری و بەدواداچوونـی تونـدی بـازاڕ بکـەن و، ڕێگـە نـەدەن کەسـانێك هەڵکشـانی خواسـتی پێداویسـتییەکانی موسـڵمانان بـۆ خـواردن و خواردنـەوە و کەلوپەلـەکان بقۆزنـەوە و، بـە نایاسـایی و ناشـەرعی قازانجێکـی زۆر لەسـەر حیسـابی موسـڵمانان و ئـەم مانگـە پیـرۆزە بکـەن. ئێمە وەکو زانایان و مامۆستایانی ئایینی هەرگیز لە دژی ئەوە نین برایەکی بازرگان و کاسبکار و پیشەوەرێك قازانـج نـەکات، بـەڵام لەسـەر حیسـابی موسـڵمانان و گرانکردنـی بـازاڕ نەبێـت. داوامـان لـە مامۆسـتایانی ئایینـی کـردووە موسـڵمانان هـان بـدەن لـەم مانگـەدا و، لـە دوای مانگـی ڕەمەزانـی پیرۆزیش لـە قۆرخکاری و گەمەکـردن بـە کاڵا و نرخـەکان دوور بکەونـەوە، بڕواشـمان بـە موسـڵمانانی کوردسـتان زۆرە کـە ڕەچـاوی دۆخ و گوزەرانـی خەڵکـی بکـەن و، ڕێگـە نـەدەن بۆ بەدەستهێنانی قازانجێکی کـەم و کاتی زیان بە پاداشتی خوداپەرستی و دینداری و تاعەتکردنیان بگەیێنـن و، بەدەستهێنانی ئـەو هەمـوو ڕەحم و بەزەیی و بەخشـندەیی و میهرەبانییـەی خـودای گـەورە لـەم مانگـە پیـرۆزەدا لـە دەسـت بـدەن.

هـەر لـەم بۆنەیـەدا داواکارم لـە حـزب و لایەنـە سیاسـییەکانی کوردسـتان کـە لـەم مانگـە پیـرۆزەدا، دەسـتی هـاوکاری و تەبایـی بـۆ یەکتـر درێـژ بکـەن و، کێشـەو گرفتەکانـی نێوانیـان بـەلاوە بنێـن و، هەمـوو پێکـەوە خزمەتـی ئـەم میللەتـە بکـەن، پاراسـتنی کیانـی کوردسـتان و ئەزموونەکـەی، یەکێکـە لـە ئەرکـە ئایینـی و شـەرعییەکانمان و خـودای گـەورەو میهرەبـان و پێغەمبەرمـان درودی خـوای لەسـەر بێـت داوامـان لـێ دەکـەن خزمەتـی موسـڵمانان بکەیـن و، ئاشـتی و تەبایـی و پێکەوەژیـان و لێبووردەیـی بپارێزیـن، ئەمـەش بـە پاراسـتنی یەکڕیـزی و تەبایـی نێوانمـان دەبێـت، بەتایبەتـی لـە بەغـدا کـە لـە ئێسـتادا میللەتەکەمـان بـە هـۆی دواکەوتنـی پێکهێنانـی حکومەتـی عێـراق و بوونـی کێشـە و دووبەرەکییـەوە لـە قۆناغێکـی هەسـتیاردان.دووبارە لـە خـوای مـەزن نـزاکارم نوێـژ و ڕۆژوو و عیبادەتـی هەمـووان قبـووڵ بـکات و، ئـەم مانگـە پیـرۆزە ببێتـە مانگـی خێـر و خۆشـی و تەبایـی و یەکڕیـزی .





## لە پەراوێزی بەشداریی مسرور بارزانی
## لە کۆڕبەندی جیهانیی وزە و لووتکەی حکومەتەکانی جیهاندا

# هەرێمی کوردستان کاراکتەرێکی کارا بۆ پاراستنی ئاسایشی وزە

بە بانگهێشتی فەرمیی دەوڵەتی ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی و ئامۆژگای ئەنجومەنی ئەتڵەسی، مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەشداریی لە (کۆڕبەندی جیهانیی وزە) کرد، کە ماوەی دوو ڕۆژی خایاند و هەروەها بەشداری لە «لووتکەی حکومەتەکانی جیهان» لە شاری دووبەی کرد، کە یەك ڕۆژ بەردەوام بوو.

سەرۆکی حکومەتی کوردستان لە ڕۆژی یەکەمی کۆڕبەندی جیهانیی وزە کە لە ژێر ناونیشانی «جیۆپۆلەتێکی وەرچەرخانی وزە» بەڕێوە چوو، لە پەنێلێکیدا بە ناونیشانی «پەرەپێدانی وزە، هەناردەکردن و ئایندەی هەرێمی کوردستان لە عێراقدا»، وتارێکی گرنگی پێشکەشی ئامادەبووان کرد و، جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە ئێستا کوردستان توانای بەرهەمهێنانی ٥٠٠ هەزار بەرمیل نەوت و ٥٠٠ ملیۆن پێی سێجا گازی لە ڕۆژێکدا هەیە و، دوای وتارەکەی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان پەنێلێك بۆ «سەرۆك و بەڕێوەبەری جێبەجێکاری هەر پێنج کۆمپانیای نەوت و گازی «شامران، گەلف کیستون، گەنەڵ ئینرجی، کریسنت کۆمپانی، پیترۆ گرووپ» گرێ درا، کە هەر پێنج کۆمپانیاکەش لە دوای پەسەندکردنی یاسای نەوت و گازی هەرێم لە کوردستان وەبەرهێنان لە کەرتی نەوت و گاز دەکەن، لە پەنێڵەکەشدا وێڕای ئەوەی سەرۆك و بەڕێوەبەری جێبەکاری کۆمپانیاکان جەختیان لەسەر ئەوە کردەوە، ئەوان کە بەپێی یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان گرێبەستیان لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان کردووە، گرێبەستەکان بەپێی ئەو دەسەڵاتانە کراوە کە لە دەستووردا بۆ هەرێمی کوردستان دیاری کراون و، دوای ئەوەش لەلایەن پسپۆڕانی یاسایی و دادگای نێودەوڵەتییەوە ئەوە پشتڕاست کراوەتەوە کە یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی دەستووری عێراقدایە و، هیچ گومانێك لەسەر شەرعییەتی ئەو یاسایە نییە، بۆیە ئێمە لەسەر کارەکانی خۆمان نەك هەر بەدەوام دەبین، بەڵکو بازنەی وەبەرهێنەکانمان لە

**ئێستا کوردستان توانای بەرهەمهێنانی ٥٠٠ هەزار بەرمیل نەوت و ٥٠٠ ملیۆن پێی سێجا گازی لە رۆژێکدا هەیە**

**یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی دەستووری عێراقدایە و، هیچ گومانێک لەسەر شەرعییەتی ئەو یاسایە نییە**

هەردوو بواری کەرتی «نەوت و گاز» فراوانتر دەکەین. ئەوەی سەرۆك وەزیرانی کوردستان لە وتارەکەیدا ئاماژەی پێ کرد، بۆ ئاستی بەرهەمهێنانی ئێستای نەوت و گاز لە هەرێمی کوردستان، ئەوا بە ئاستێك ئەو رێژەیە فراوان دەکەین، کە لە ئایندەیەکی نزیکدا بگاتە سێ بەرانبەر و، هەروەها لەسەر ستەیجی کۆڕبەندی جیهانیی وزە لە دوبەی، سەرۆك و بەڕێوەبەرانی جێبەجێکاری هەر پێنج کۆمپانیاکە داوایان لە وەبەرهێنەرانی ئامادەبووی کۆڕبەندەکە کرد، کە ئەوانیش بێنە کوردستان و لە کوردستان وەبەرهێنان بکەن، زیاد لە مەش جەختیان لەوە کردەوە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان رێز لەو ئیمزایەی خۆی دەگرێت کە لەسەر گرێبەستەکان دەیکات و، بە شێوەیەکی زۆر رێکوپێك دەستهەقی کۆمپانیاکان لەکاتی خۆیدا دەدات، ئەم پەنێڵە کە لە ئەجێندای کۆڕبەندی جیهانیی وزە لە رۆژی یەکەم وەك پەنێڵێکی سەرەکی و تایبەت و جیاواز دیاری کرابوو، جێگەی سەرنج و سەرسووڕمانی هەموو ئامادەبووانی کۆڕبەندەکە بوو و، زۆر ڕاستگۆیانە سەرنجی لەسەر درا و، بووە جێگەی وەبەرهێنانی دیکە، کە پێشتر ئەوان لە ڕوانگەی عێراقەوە سەیری هەرێمی کوردستانیان کردبوو، بەڵام گەواهیی سەرۆك و بەڕێوەبەرانی جێبەجێکاری ئەو کۆمپانییانەی لە هەردوو کەرتی «نەوت و گاز» لە کوردستان وەبەرهێنان دەکەن، ڕاشکاوانە حکومەتی هەرێمی کوردستانیان بەو شێوەیە پیشان دا، بەوەی ڕاستە تا ئێستا بەشێکە لە عێراقێکی ئاڵۆز و ناسەقامگیر، بەڵام دەکرێت لە ڕوانگەی ئەزموونی ئیماراتەوە سەیری بکرێت و، ئومێدی هەمان ئایندەی بۆ دەخوازرێت.

دوابەدوای کۆڕبەندی جیهانیی وزە، مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەشداریی لە «لووتکەی حکومەتەکانی جیهان» کرد، لەم لووتکەیەدا کە نوێنەری ١٩٠ دەوڵەت میوان بوون و زیاتر لە ٤٠٠٠ کەسایەتی و پسپۆڕ بەشدار بوون و، هاوکاتیش بوو لەگەڵ کۆتاییهاتنی پێشانگای گەورەی «ئیکسپۆ ٢٠٢٠ - Expo 2020 ئەم لووتکەیەش لە دوای بڵاوبوونەوەی «پەتای کۆرنا لە کۆتایی ساڵی ٢٠١٩» بە گەورەترین ڕووداو و گردبوونەوەی گەورە لەسەر ئاستی جیهان دادەنرێت و، لووتکەکەش «مۆزەخانەی داهاتوو - Museum of the future» وەك گەورەترین دەستکەوت نمایش کرد کە لە ساڵی ٢٠١٣وە دامەزراوە. جێگەی ئاماژە پێکردنە ئەم مۆزەخانەیە بە هاوشێوەی مۆزەخانە نەریتییەکانی جیهان شتی کۆنی تێدا نمایش ناکرێت، بەڵکو پێشبینییەکانی پێشکەوتنی مرۆڤایەتی بۆ ساڵی ٢٠٧٠ پێشانی مرۆڤایەتی دەدات و، ئەجێندای لووتکەی ئەمساڵی «حکومەتەکانی جیهان»یش تایبەت بوو بەوەی حکومەتەکانی جیهان چۆن حوکمڕانیی خۆیان لەگەڵ گۆڕانکارییە خێراکانی تەکنەلۆژیا و مەترسییەکانی گۆڕینی کەشوهەوا و تەحەددییەکانی دیکە دەگونجێنن، بۆ ئەمەش لە پێنج تەوەری سەرەکیدا ١١٠ پەنێڵی تیا بەڕێوە برا و، تەوەرە سەرەکییەکانیش بریتی بوون لە:

١- ئایندەی وزەی جیهان.

٢- گەیشتن بە وزەی پاك.

٣- کەمکردنەوەی ئاستی بڵاوبوونەوەی گازی دووەم ئۆکسیدی کاربۆن و گەیاندنی بە سفر.

٤- تێڕوانین لە سێکتەری وزە بۆ ساڵی ٢٠٢٢.

٥- دۆزینەوەی چارەسەر بۆ ئەو تەحەددییانەی ڕووبەڕووی «سێکتەری وزە»ی ئەورووپا بووەتەوە.

لە ناو ئەم لووتکە جیهانییە گەورەیە و هاوشانی نوێنەری ١٩٠ وڵات، بەڕێز مسرور بازانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان یەکێك بوو لە بەشداربووانی سەرەکیی پەنێڵی «ئایا جیهان ئامادەیە بۆ قۆناخی پۆست پەترۆڵ؟»، لەم پەنێڵە گرنگەشدا جیا لە بەشداریی بەڕێز مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، هەر یەکە لە بەڕێزان «سهێل محەمەد مەزرووعی وەزیری وزە و ژێرخانی دەوڵەتی ئیمارات و شازادە عەبدولعەزیز ئال سعوود وەزیری وزەی شانشینی عەرەبستانی سعودی» ئامادە بوون و تێکڕا هەر سێ بەشداربووەکە جەختیان لەسەر پارێزگاریکردن لە ئاسایشی وزەی

جیهان و بەردەوامبوون لەسەر هەناردەکردنی نەوت کردەوە و، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕاشکاوانە ڕایگەیاند: «تەحەددیی زۆر گەورە ڕووبەڕووی ئاسایشی وزەی عێراق و هەرێمی کوردستان دەبێتەوە و ئەمەش جیا لەوەی کاریگەریی بۆ سەر ژیانی ڕۆژانەی خەڵکەکەی هەیە، لە هەمان کاتدا کاریگەری لەسەر ئاستی هەناردەکردنی نەوتیش هەیە»، لەم چوارچێوەیەشدا و سەبارەت بەو تەحەددییە ترسناکانەی ڕووبەڕووی ئاسایشی وزەی هەرێمی کوردستان دەبێتەوە، بەڕێز مسرور بارزانی بە ئامادەبووانی لووتکەکەی ڕاگەیاند: ئەو هێرشانەی بە ڕۆکێتی بالیستیکی کرانە سەر هەولێر، یەکێکە لەو هەڕەشانەی دەکرێنە سەر ئاسایشی وزەی هەرێمی کوردستان و، ئەوان وا سەیری پەرەپێدان و پێشکەوتنەکانی کەرتی وزەی هەرێمی کوردستان دەکەن، کە مەترسی بێت بۆ سەر خۆیان، بەڵام ئەم مەترسییە پێچەوانەکەی ڕاستە و، پەرەپێدانی کەرتی وزە لە هەرێمی کوردستان، سوودێکی زۆری بۆ تەواوی عێراق و دەوڵەتانی دراوسێی و جیهانیش هەیە. لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئاماژەی بەو بڕیارە کرد کە بەناو دادگای فیدراڵی دژ بە یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان دەری کردووە و، ئاماژەی بەوەکرد ئەم بەناو دادگایە کراوەتە ئامرازێکی سیاسی بۆ گوشارخستنە سەر ئێمە و ڕێگرتن لە پێکهێنانی حکومەتی داهاتووی عێراق، بەڵام ئێمە لەگەڵ بەرپرسانی حکومەتی فیدراڵیی عێراق قسەمان کردووە و، داوامان کردووە کە پێکەوە بگەینە ڕێککەوتنێك لە چوارچێوەی دەستووری عێراقدا و، بەوپەڕی تواناوە بەرگری لە مافە دەستوورییەکانی خۆمان دەکەین، لەبەر ئەوەی تەنیا ئەو دەستوورە ئایندەی هاوبەشمانە.

ئەوەی لە کۆڕبەندی جیهانیی وزە و لووتکەی حکومەتەکانی جیهان جێگەی سەرنج بوو بۆ ئاست و پێگەی بەشداریی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەو تەوەرە گرنگانە بوون کە هەر دوو ڕووداوەکە پێکەوە کۆیان کردبووەوە، دەکرێت لە چەند خاڵێکدا ئاماژەیان پێ بکەین:

١- ئایا ئاسایشی وزە دەبێتە ڕێگر بۆ گواستنەوەی وزە؟

٢- تەنگژەی وزەی ئەوروپا: وەڵامدانەوەیەکی کورتمەودا و ئاسایشێکی دوورمەودا.

٣- نەوت و گاز و سفربوونی دووەم ئۆکسیدی کاربۆن.

٤- ڕاگەیاندنی سەرکەوتووانی بونیادنەری سبەینێی سەوز.

٥- پەرەپێدانی وزە، هەناردەکردن و ئایندەی هەرێمی کوردستان لە عێراقدا.

٦- گفتوگۆیەکی گەرم: وەبەرهێنان لە سفرکردنی کاربۆن. ئاراستەی ئیمارات.

٧- هایدرۆجین: ئاسایشی وزە و تەواوکاری گواستنەوەی وزە.

٨- دوای تەنگژە: دووبارە بونیادنانەوە لە پێناوی ئاسایشی وزە و کارکردن بۆ گۆڕانکاریی کەشوهەوا.

٩- کونەپەپووی شەو: ئەمریکا چی لە ئۆپێك دەوێت؟

ئەم تەوەرانە هەموویان ئەجێندای دوو ڕۆژی کۆڕبەندی جیهانیی وزە بوون، لە ناو ئەو ئەجێندا گرنگانەدا و، لە ڕۆژی یەکەمی کۆڕبەندەکە، ئەجێندای «پەرەپێدانی وزە و هەناردەکردن و ئایندەی هەرێمی کوردستان لە عێراقدا» تەوەرێکی سەرەکیی کۆڕبەندەکە بووە و، لە هەمان کاتدا لە ناو لووتکەی حکومەتەکانی جیهانیشدا، دیسان پەنێڵی دووەم کە بە ناونیشانی «ئایا جیهان ئامادەیە بۆ قۆناخی پۆست نەوت؟ و قسەکردن لەسەر ئاسایشی وزە و تەحەددییەکانی بەردەم ئاسایشی وزە و، بوون بە کاراکتەری کار، سێ لایەن بە کاریگەری ئەم پرسە دەزانرێت کە ئەوانیش «هەرێمی کوردستان و عەرەبستانی سعودی و دەوڵەتی ئیماراتە» لەم پەنێڵەدا کە بەڕێز مسرور بارزانی قسەی تێدا کرد، ڕاشکاوانە جەختی لەسەر ئەوە کردەوە، ئەگەر هاوکارمان بن بۆ ڕەواندنەوەی ئەو تەحەددییانەی دێنە بەردەم ئاسایشی وزەی هەرێمی کوردستان، ئەو توانایەمان هەیە کە هاوبەشێکی کاریگەر بین بۆ پاراستنی ئاسایشی وزە و ڕزگارکردنی ئەورووپا لەو تەنگژەیەی کە ئێستا بە هۆی شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیاوە لەسەر پرسی وزە دووچاری بووەتەوە.

**مسرور بارزانی بە ئامادەبووانی لووتکەکەی ڕاگەیاند: ئەو هێرشانەی بە ڕۆکێتی بالیستیکی کرانە سەر هەولێر، یەکێکە لەو هەڕەشانەی دەکرێنە سەر ئاسایشی وزەی هەرێمی کوردستان**

**پەرەپێدانی کەرتی وزە لە هەرێمی کوردستان، سوودێکی زۆری بۆ تەواوی عێراق و دەوڵەتانی دراوسێی و جیهانیش هەیە**



## زاگرۆس فەتاح

بریکاری وەزارەتی پلاندانان بۆ گوڵان:

# سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە کۆڕبەندی جیهانیی وزەدا پێگەی جیۆپۆلەتیکی کوردستانی بە جیهان ڕاگەیاند و، داوای کرد بیکەنە پێگەیەکی باشی وەبەرهێنان

# لە پلانی ساڵی ٢٠٢٢دا (٧٠٠) ملیار دینار بۆ پرۆژەکانی وەزارەت و پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان دانراوە

**لە دیدارێکی تایبەتیدا لەگەڵ گۆڤاری گوڵان، زاگرۆس فەتاح بریکاری وەزارەتی پلاندانان باسی لە گرنگیی کۆڕبەندی وزەی دوبەی کرد، هاوکات جەختی لەسەر پلانی حکومەت بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەکان لە ساڵی ٢٠٢٢ و چەند پرسێکی دیکەی پەیوەندیدار بە ڕێکخستنەوەی باج و بەرنامەی نوێی حکومەت بۆ پرۆژە خزمەتگوزارییەکان کرد. لێرەدا پوختەی وەڵامەکانی بڵاودەکەینەوە.**

*** پێش ئەوەی پرسیارەکانی تایبەت بە پلانی حکومەت بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەکان دەست پێ بکەین، دەکرێت بزانین تا چەند بەشداریی سەرۆکی حکومەت لە لووتکەی کۆڕبەندی وزەی جیهانیدا گرنگ بوو؟**

- بەشداریی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە کۆڕبەندی وزە لە دوبەی، گرنگیی زۆری هەبوو، چ لە ڕووی نیشاندانی پێگە و جیۆپۆلەتیکی هەرێمی کوردستان لەسەر نەخشەی وزەی جیهانی و گرنگیی وەبەرهێنان تێیدا، چ لە ڕووی ئەو چاوپێکەوتن و دیدارانەی کە لە پەراوێزی کۆڕبەندەکەدا لەگەڵ حاکمی میرنشینی دوبەی و حاکمی شاریقە و گەورە بەرپرسانی ئەو وڵاتە و گەورە کۆمپانیا جیهانییەکانی وزە ئەنجامی دا. سەرۆکی حکومەت لە ڕێگەی پەیوەندییەکانیەوە بە جیهانی دەرەوەی ڕاگەیاند کە هەرێمی کوردستان پێگەیەکی گرنگە لەسەر نەخشەی جیهانیی وزە و دەکرێت گەورە کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکان بێن و لە هەرێمی کوردستان وەبەرهێنان لە نەوت و گازدا بکەن، ئەمەش ڕۆڵێکی گەورەی دەبێت بۆ ڕاکێشانی وەبەرهێنانی بیانی بۆ هەرێمی کوردستان و پتەوکردنی پەیوەندییە ئابوورییەکانمان.

سەرۆکی حکومەت لە ڕێگەی ئەم پەیوەندییە نێودەوڵەتییانەیەوە پێگەی هەرێمی کوردستان لە مەحافیلە نێودەوڵەتییەکاندا بەهێز دەکات. سەرۆکی حکومەتی کوردستان لەم کۆڕبەند و کۆنگرە نێودەوڵەتییانەدا دەیەوێت بە جیهان بڵێت هەرێمی کوردستان پێگە و ستراتیژیی جیۆپۆلەتیکی زۆر باشی هەیە بۆ ئەوەی ببێتە سەرچاوەیەکی باشی وەبەرهێنان، بە تایبەتی وەبەرهێنان لە بواری وزەدا، نەك تەنیا بۆ عێراق و بۆ خۆی، بەڵکو بۆ تەواوی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهان و بازاڕەکانی ئەوروپاش، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەسەر ئەو ستراتیژیەتە کار دەکات کە وزەی خۆمان دابین بکەین و سێکتەرە جۆراوجۆرەکانی پیشەسازیی نەوت و گاز پەرە پێ بدەین و، ئەم سەرچاوە گرنگەی سامان ببێتە سەرچاوەیەك بۆ بەهێزکردنی توانای ئابووری و دارایی حکومەت، تا حکومەتی هەرێمی کوردستان بەردەوامی بە پرۆژە خزمەتگوزارییەکانی بدات و، پرۆژە و کاری باشتر پێشکەش بە هاووڵاتیان بکات و، ئاستی بژێوی ژیانی خەڵکیش لە کوردستان زیاتر بەرز بکاتەوە.

*** بۆ ئەمساڵ وەزارەتی پلاندانان تا چەند بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەت و پارێزگاکاندا پرۆژە خزمەتگوزاری و ستراتیژییەکانی دیاری کردووە، بۆ ئەوەی بچنە بواری جێبەجێکردنەوە؟**

**٣٠٠ ملیار دینار بۆ جێبەجێکردنی پرۆژە لە پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان دانراوە.**

**٤٠٠ ملیار دینار بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەی وەزارەتەکان دانراوە**

**زیاتر لە ٥٠ ملیار دینار بۆ دروستکردن و نۆژەنکردنەوەی قوتابخانەکان تەرخان دەکەین**

**دوو یاسای تایبەت بە کار و کرێکاری بیانی ئامادە دەکەین، تا پاڵپشتیی گەنجی خۆمان بکات بۆ کارکردن**

- سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەر لە دەستپێکی کابینەی نۆیەمی حکومەتەوە بڕیاری دا پڕۆژەکان دەست بە جێبەجێکردنیان بکرێتەوە، خۆشبەختانە وێڕای قەیرانی دارایی و پەتای کۆرۆنا لە ساڵی ٢٠١٩ وە، لە پارێزگا و دەڤەرە جیاجیاکانی کوردستان بە دەیان پڕۆژەی گەورە و ستراتیژی دەست بە جێبەجێکردنەوەی کرا، لە ئێستادا بۆ ساڵی ٢٠٢٢ پلانێکمان ئامادە کردووە، بە شێوەیەك کە ئەگەر توانای دارایی حکومەت لە بار بێت، بتوانرێت بڕی ٧٠٠ ملیار دینار لە ئەمساڵدا بۆ پڕۆژەکان خەرج بکرێت، بە پێی پلانەکە ٣٠٠ ملیار دینار دانراوە بۆ پڕۆژەی خزمەتگوزاری و بچووك بۆ پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان (هەولێر – سلێمانی – دهۆك- هەڵەبجە و ئیدارە سەربەخۆکانی گەرمیان و ڕانیە و سۆران و زاخۆ) هاوتەریب لەگەڵ ئەم پلانەدا ٤٠٠ ملیار دینار بۆ جێبەجێکردنی پڕۆژەی گەورە و ستراتیژیی وەزارەتەکان دانراوە.

*** زۆرترینی ئەو پڕۆژانە چ سێکتەرێکی لەخۆگرتووە و، ئایا تا چەند هاوسەنگی و ڕەچاوی داخوازی و داواکاریی هاووڵاتیان لە دەستنیشانکردنی پڕۆژەکاندا کراوە و، ئایا میکانیزمێك بۆ ئەم پرۆسەیە دیاری کراوە؟**

- هەرێمی کوردستان پێویستی بە جێبەجێکردنی پڕۆژەی زۆر هەیە کە لە دەرەوەی توانای دارایی حکومەتە، بە ڕەچاوکردنی توانای دارایی و ڕیزبەندی گرنگیی پڕۆژەکان و نیشانەی ڕێژەی دانیشتووان، پشکی شێر لە پڕۆژەکانی ئەمساڵی ٢٠٢٢ دراوە بە وەزارەتەکانی (شارەوانی و ئاوەدانکردنەوە و پەروەردە و تەندروستی و کارەبا)، لەم بوارانەشدا بە پلەی یەکەم گرنگی دراوە بەو پڕۆژە خزمەتگوزارییانەی کە ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە ژیان و بژێوی هاووڵاتیانەوە هەیە، پڕۆژەی ئاو و ئاوەڕۆ و شەقام و ڕێگاوبان و کارەبا و دروستکردنی قوتابخانە و بنکەی تەندروستی لەخۆگرتووە، ئەمساڵ پێشبینی دەکەم زیاتر لە ٥٠ ملیار دینار بۆ دروستکردن و نۆژەنکردنەوەی قوتابخانەکان تەرخان بکەین، یان هەندێك قوتابخانە کە تەواو نەبوون بڕە پارەیەکی بۆ تەرخان دەکرێت تاوەکو تەواو بکرێن.

لە زۆربەی ئەو پڕۆژانەی جێبەجێ دەکرێن، هاوسەنگیمان پاراستووە بۆ ئەوەی لە هەموو پارێزگا و ناوچە و قەزا و ناحیە و شار و شارۆچکەیەکی ئەم کوردستانە، بتوانرێت پارە بۆ ئەنجامدانی پڕۆژەکان تەرخان بکرێت، هاوکات ڕیزبەندیشمان بە پڕۆژە خزمەتگوزارییەکان و سێکتەرەکانی پەروەردە و تەندروستی داوە، لەمەشدا ڕەچاوی ئەوەمان کردووە کە هاووڵاتیان چ پڕۆژەیەکیان زۆر پێویستە، هەر لەم چوارچێوەیەدا و بۆ گرنگیدانی زیاتر بە پێداویستیی هاووڵاتیان و وەرگرتنی ڕای هاووڵاتیان، ڕاپرسییەکمان لە ڕێگەی هێڵی ئەنتەرنێتەوە بڵاو کردووەتەوە، بۆ ئەوەی بزانین لە ڕوانگەی هاووڵاتییانەوە چ پڕۆژەیەکیان بەلاوە گرنگە، تا ئێستا ١٢ هەزار کەس ئەم ڕاپرسییەیان پڕ کردووەتەوە و ڕیزبەندی و گرنگیی جۆری پڕۆژەکانیان لە ناوچەکانی خۆیان بۆ ناردووین. لە لایەکی دیکەوە بۆ پڕۆژە گەورەکان کە لە لایەن وەزارەتەکانەوە پێشکەش دەکرێن، پارەیان بۆ تەمویل ناکرێت، تا دیراسەی جەدوا (کەڵکی ئابووری)ی ئەو پڕۆژەیە نەکەن، کە ئەمەش زۆر گرنگە و وا دەکات کە بڕیاری دروست لەسەر جێبەجێکردن و تەمویلی پڕۆژەکان بدرێت.

*** سەبارەت بە شۆڕکردنەوەی دەسەڵاتە ئیداری و داراییەکان کە بە یەکێك لە بەرنامەکانی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان دادەنرێت، بۆ ئەوەی دەسەڵاتی مەرکەزییەت کەم بکرێتەوە، لەم بوارەدا چیتان کردووە؟**

- ئێمە زۆر بڕوامان بە لامەرکەزییەتی ئیداری هەیە، کە چیتر پێویست ناکات دامەزراوە و فەرمانگەکانی حکومەت بۆ هەموو بڕیارێك، یان کارێکی بچووك بگەڕێنەوە بۆ سەرووی خۆیان، لەم پێناوەشدا هەنگاوی باش نراوە، بە تایبەتی دوای ڕاگەیاندنی ئیدارە سەربەخۆکان و پێدانی دەسەڵاتی زیاتر پێیان، بەڵام بۆ شۆڕکردنەوەی دەسەڵاتی دارایی گرفتمان هەیە، چونکە هەندێك پارێزگا و ناوچە هەیە توانای داراییان نزمە، یان توانای ڕێکخستن و وەرگرتنی داهاتە ناوخۆییەکانی ئەوەندە کەمە کە مووچە و خەرجییە سەرەتاییەکانی خۆیان بۆ دابین ناکرێت، ئەمەش لای هەموو هاووڵاتیانی ئەو ناوچانە ڕوونە کە ئیدارەکانیان تەنانەت ناتوانن ئیدارەی دارایی خۆیان بگرنە ئەستۆ،

**ڕاپرسییەکمان بڵاو کردووەتەوە بۆ ئەوەی لە ڕوانگەی هاووڵاتیانەوە بزانین ئەوان چ جۆرە پڕۆژەیەکیان بەلاوە گرنگە و، تا ئێستا ١٢ هەزار کەس ڕاپرسییەکەیان پڕ کردووەتەوە.**

**سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەسەر ئەو ستراتیژییەتە کار دەکات کە وزەی خۆمان دابین بکەین و سێکتەرە جۆراوجۆرەکانی پیشەسازیی نەوت و گاز پەرە پێ بدەین**

**لە زۆربەی ئەو پڕۆژانەی جێبەجێ دەکرێن، هاوسەنگیمان پاراستووە بۆ ئەوەی لە هەموو پارێزگا و ناوچە و قەزا و ناحیە و شار و شارۆچکەیەکی ئەم کوردستانە، بتوانرێت پارە بۆ ئەنجامدانی پڕۆژەکان تەرخان بکرێت**

**زۆر بڕوامان بە لامەرکەزییەتی ئیداری هەیە، کە چیتر پێویست ناکات دامەزراوە و فەرمانگەکانی حکومەت بۆ هەموو بڕیارێک، یان کارێکی بچووک بگەڕێنەوە بۆ سەرووی خۆیان**

بۆیە حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ئەو ئیدارە سەربەخۆیانە پاڵپشتیی باشیان دەکات و پارەی پێویستیان دەداتێ و دەسەڵاتی ئەوەشی داونەتێ چ پڕۆژەیەکیان دەوێت، خۆیان جێبەجێی بکەن.

*** بۆ ڕێکخستنەوەی سیستمی باج و دەرامەت تا چەند دادپەروەری و یەکسانی فەراهەم بووە و، لە ماوەکانی ڕابردوودا چ گۆڕانکارییەك لەم سیستەمە ئەنجام درا و، ئایا دەکرێت ئەو گۆڕانکارییە بزانین کە لەسەر چ بنەمایەك سیستەمی باج ڕێك دەخەنەوە؟**

- کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەروەکو لە بەرنامەکەیدا ئاماژەی پێ داوە، زۆر جەختی لەسەر چاکسازی کردووە، هەر لەم چوارچێوەیەدا ڕێکخستنەوەی سیستمی باج و دەرامەت لە سەرەتای دەستبەکاربوونی ئەم کابینەیەدا یەکێك بووە لە ئامانجەکانی، پێشتر کۆمپانیا گەورەکان وەکو پێویست باجیان نەداوە و خۆدزینەوە لە باج هەبووە، هەر بۆ ئەم مەبەستە لە مانگی حەوتی ساڵی ٢٠٢٠ بە فەرمانی ڕێزدار سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی دارایی و ئابووری ڕاسپێردران بۆ ڕێکخستنەوە و چاکسازی لە سیستمی باج، لەسەر ئەم بنەمایە توانیمان نەخشەڕێگەیەك بۆ سیستمی باج ئامادە بکەین، بەو ئاراستەیەی باج زیاتر لەو کەسانە وەربگیردرێت کە توانای داراییان زیاترە، تا سیستەمێکی دادپەروەرانە ڕێك بخەین، حکومەت مەبەستیەتی کە داهاتی باج لەگەڵ سەرچاوەکانی دیکەی داهات بەکاربهێنێت بۆ مووچە و جێبەجێکردنی پڕۆژەکان و پێشخستنی خزمەتگوزارییەکان، بە هیچ شێوەیەك ئامانجی حکومەت ئەوە نییە کە لە ڕێگەی ڕێکخستنەوەی سیستمی باجەوە باری سەرشانی هاووڵاتیانی ئاسایی قورستر بکات، بە پێچەوانەوە سیستمی باج بە شێوەیەك ڕێك دەخەینەوە کە داهاتەکەی لە بەرژەوەندیی گشتی و هاووڵاتیانی ئاسایی و پڕۆژەکاندا خەرج دەکرێت.

*** هاوبەشیی کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت (PPP) بەکوێ گەیشت، بەتایبەتی کە حکومەت بە قەیرانێکی داراییدا تێپەڕ دەبێت و، ڕەنگە لە توانیاندا نەبێت هەموو پڕۆژەیەك جێبەجێ بکات؟**

- دوای پەسەندکردنی ڕەشنووسی پەیڕەوی PPP و بڵاوکردنەوەی لە وەقایعی کوردستان، لە ئێستادا لە ئامادەکردنی لیستی کۆمەڵێك پڕۆژەداین، بۆ ئەوەی بتوانین بە شێوازی هاوبەشی کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت جێبەجێ بکرێت و بەڕێوەببرێت، لەمەشدا جەختمان لەسەر پڕۆژە خزمەتگوزارییەکان کردووەتەوە، کە شارەوانی و کارەبا و ڕێگاوبان و ئاو لەخۆدەگرێت و، دەرگامان واڵا کردووە بۆ بەشداریکردنی کەرتی تایبەت لەگەڵ حکومەتدا، زۆربەی ئەم پڕۆژانەش درێژخایەنن و بودجەیەکی گەورەیان پێویستە، ئامانجی سەرەکیی ئەم پڕۆژانەش خزمەتکردنی هاووڵاتیان و بووژانەوەی کەرتی تایبەت و ڕەخساندنی هەلی کارە، لە ئێستادا پێداویستیی وەبەرهێنانی هەرێمی کوردستان زیاتر لە ٣٠ ملیار دۆلارە، ئەمەش لە دەرەوەی توانای دارایی حکومەتە، بۆیە پەیڕەوکردنی سیستمی هاوبەشی نێوان کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت گرنگیی لە ڕادە بەدەری هەیە و، دەتوانێت یارمەتیدەر بێت لە پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە داراییەی کە لە جێبەجێکردنی پڕۆژەکاندا هەیە. لێرەدا پێویستمان بە پرۆسەیەك هەیە کە هەندێکی لە پەیڕەوەکەدا باس کراوە و هەندێکی لە ڕێنماییدا باس دەکرێت و ڕۆڵی دامەزراوە جیاوازەکانی حکومەت بە ڕوونی دەردەخات.

*** هەر سەبارەت بە وەبەرهێنان و فرەچەشنکردنی ئابووری، ئایا تا چەند لە هەوڵەکان سەرکەوتوو بوون لە فرەچەشنکردنی ئابووری و داهاتەوە؟ ئایا دەتوانین بڵێین کەرتەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازی و گەشتیاری هەنگاوی باشیان ناوە و لەسەر نەخشەڕێگەیەکی ڕاست و دروست دەڕۆن؟**

- یەکێك لە ئامانجە سەرەکییەکانی کابینەی نۆیەم ئەوەیە کە چیتر ئەوەندە پشت بەداهاتی نەوت نەبەستین و هەنگاو بەرەو فرەچەشنکردنی ئابووری بنێین، لەم چوارچێوەیەشدا هەنگاوی باش نراوە و توانراوە چەندین پڕۆژە لە داهاتی ناوخۆ جێبەجێ بکرێت. توانای دارایی حکومەت بەشێکی توانای دارایی فرۆشتنی نەوتە و بەشێکی دیکەی باج و دەرامەت و ڕسوماتی

**هەندێک پارێزگا و ناوچە هەیە توانای داراییان نزمە، یان توانای ڕێکخستن و وەرگرتنی داهاتە ناوخۆییەکانی ئەوەندە کەمە کە مووچە و خەرجییە سەرەتاییەکانی خۆیان بۆ دابین ناکرێت**

**توانیمان نەخشەڕێگەیەک بۆ سیستمی باج ئامادە بکەین، بەو ئاراستەیەی باج زیاتر لەو کەسانە وەربگیردرێت کە توانای داراییان زیاترە، تا سیستەمێکی دادپەروەرانە ڕێک بخەین**

**بە هیچ شێوەیەک ئامانجی حکومەت ئەوە نییە کە لە ڕێگەی ڕێکخستنەوەی سیستمی باجەوە باری سەرشانی هاووڵاتیانی ئاسایی قورستر بکات**

**پێداویستیی وەبەرهێنانی هەرێمی کوردستان زیاتر لە ٣٠ ملیار دۆلارە، ئەمەش لە دەرەوەی توانای دارایی حکومەتە**



ناوخۆیە، تەنانەت ڕێژەیەکی زۆری کرێکار و کارمەندی ناوخۆ لە کەرتەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازی و گەشتیاریدا کار دەکەن. بۆ نموونە لە بواری وەبەرهێنان لە کەرتی کشتوکاڵدا هەنگاوی باش نراوە، وەك لە بواری کارگەی ئارد و کرینەوەی بەروبوومی گەنمی جووتیاران و پەلەوەر و پیشەسازیی خۆراکیدا، لە کەرتی گەشتوگوزاریشدا لە ڕێگەی وەبەرهێنانەوە چەندین پرۆژەی گەشتیاری دامەزراون و کوردستان ناوبانگێکی باشی گەشتیاریی هەیە، بەرنامە و ستراتیژیەتی گرنگیش بۆ پەرەپێدانی کەرتی پیشەسازی دانراوە، کەمکردنەوەی شوێنەوارەکانی قەیرانی دارایی بۆ پەیڕەوکردنی سیاسەتی فرەچەشنکردنی ئابووری و بووژانەوەی کەرتی کشتوکاڵ و پیشەسازی و گەشتوگوزاری دەگەڕێتەوە.

*** لە قسەکانتدا زۆر جەختت لەسەر هەژاری و بێکاری کردەوە، ئایا دەتوانین بزانین بۆ کەمکردنەوەی ڕێژەی هەژاری و بێکاری چی کراوە؟ چونکە ئەم دوو بوارە گرنگییەکی لە ڕادە بە دەری لە سەرکەوتنی پرۆسەی چاکسازی و گەشەپێداندا هەیە؟**

- کەمکردنەوەی ڕێژەی بێکاری و هەژاری دوو بابەتی زۆر گرنگە بۆ ئێمە، لە ئێستادا ڕێژەی هەژاری لە هەرێمی کوردستان نزیکەی ٧٪ و ڕێژەی بێکارییش بەپێی ئەو داتایانەی هەمانە لە ١٠-١١٪ یە، ئەمەش بەراورد بە عێراق ڕێژەیەکی زۆر کەمترە، لەم بارەیەوە ئێمە لە وەزارەتی پلاندانان لەگەڵ وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی و بانکی نێودەوڵەتی و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکاندا سەرقاڵی ئامادەکردنی (تۆڕی پاراستنی کۆمەڵایەتین) کە ستراتیژییەکی گەورەیە و ئیشی لەسەر دەکەین بۆ هاووڵاتیانی کەمدەرامەت، کە مووچە و دەرامەتێکیان نییە و بە هیچ شێوەیەك ناتوانن کار بکەن و توانای داراییان زۆر لاوازە. (تۆڕی پاراستنی کۆمەڵایەتی) سیستمێکە بۆ هاوکاریکردنی ماددی و مەعنەویی خەڵکە کەمدەرامەتەکان، لەم پێناوەدا سیستم و پرۆگرامی خۆمان دادەڕێژین، بۆ ئەوەی لە کاتی ئێستا و لە کاتی قەیرانەکاندا هاوکارییان بکەین، هەر لەگەڵ وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتیدا دوو کاری دیکەمان هەیە، یەکێکیان لەسەر پێداچوونەوەیە بە یاسای کاردا، بۆ ئەوەی بتوانین یاسایەکی کاری تۆکمەمان هەبێت و پێشکەشی ئەنجومەنی وەزیرانی بکەین و بۆ پەرلەمان بەرز بکرێتەوە، بە پێی ئەم یاسا نوێیەی کار، پاڵپشتی گەنجەکانی خۆمان دەکەین و دەیانپارێزین، هەروەها یاسایەکی دیکەی خانەنشینیی کەرتی تایبەت کاری لەسەر دەکەین، تا هەر کەسێك

**لە بواری وەبەرهێنان لە کەرتی کشتوکاڵدا هەنگاوی باش نراوە، وەک لە بواری کارگەی ئارد و کرینەوەی بەروبوومی گەنمی جووتیاران و پەلەوەر و پیشەسازیی خۆراکیدا**

**ئێستادا ڕێژەی هەژاری لە هەرێمی کوردستان نزیکەی ٧٪ و ڕێژەی بێکارییش بەپێی ئەو داتایانەی هەمانە لە ١٠-١١٪یە، ئەمەش بەراورد بە عێراق ڕێژەیەکی زۆر کەمترە**



لە کەرتی تایبەت کار دەکات، زەمانەتی هەبێت، هەروەها ڕێنمایی نوێ بۆ کرێکاری بیانی دەردەکەین، ئەمەش وا لێ دەکەین هێنانی کرێکاری بیانی زەحمەتتر دەکەین، بۆ ئەوەی هانی کۆمپانیاکانی خۆمان بدەین کرێکاری خۆمان بەکار بهێنن، چیتر پاساوی ئەوەمان قبووڵ نییە کە دەڵێن گەنجی خۆمان کار ناکەن، بە پێچەوانەوە گەنج و لاوی زۆرمان هەیە کە ئامادەی کارکردنن، بەڵام بە هۆی زۆریی کرێکاری بیانییەوە دەرفەتی کارکردنیان کەم بووەتەوە.

*** هەنگاوەکانی بەئەلیکترۆنیکردنی حکومەت و کەمکردنەوەی ڕۆتین و بە مۆدێرنکردنی کاری بەڕێوەبردن و پەرەپێدانی مرۆیی بەکوێ گەیشتووە؟**

- لە بواری بەئەلیکترۆنیکردنی حکومەت، لەسەر دوو بابەت کارمان کردووە، یەکەمیان: دانانی سیستمێکی ئەلیکترۆنییە بۆ خانەنشینی لە هەرێمی کوردستان، بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی دارایی و ئابووری توانیومانە سیستمێکی ئەلیکترۆنی بۆ خانەنشینی دروست بکەین، کە لە لایەن بەڕێوەبەرایەتییەکانی خانەنشینی لە پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان بەکار دەهێنرێت. دووەمیان: بەئەلکترۆنیکردنی سیستمی گرێبەستە گشتییەکانە، کە بە یەکێك لە بەرنامە گرنگەکانی زیادکردنی شەفافییەت و کەمکردنەوەی گەندەڵی دادەنرێت.

سەبارەت بە تەوەری دووەمی پرسیارەکەتان، ئێمە لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتی پەرەپێدانی مرۆیی دامەزراوەیەکمان هەیە کە پێی دەڵێن (KIPA)، لە ڕێگەی ئەم دامەزراوەیەوە هەموو ساڵێك کۆمەڵێك خولی ڕاهێنان لە سەرجەم بوارەکاندا بۆ فەرمانبەرانی وەزارەتەکان دەکەینەوە، ساڵانە توانیومانە ٥٠ خولی ڕاهێنان بکەینەوە، بۆ ئەمساڵیش خولەکانمان بەردەوامی هەیە و لە پلانماندایە ژمارەیان زیاتر بکەین.

لەم کابینەیەدا ئامانجمانە خزمەتگوزاریی باشترە بۆ گەورەترین سەرمایەی مرۆیی خۆمان کە هاووڵاتییانە، بۆ ئەم مەبەستە لە ڕێگەی چاکسازییەکان و گۆڕانکارییەکان و دەرکردنی یاسا و هەموارکردنەوە و بەئەلەکترۆنیکردنی حکومەت و دانانی سکاڵای ئەلیکترۆنی و زیاتر نزیکبوون لە خواست و داواکارییەکانی هاووڵاتیانەوە، لە هەوڵی ئەوەداین بەراورد لەگەڵ عێراقدا ئاستی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکانمان باشتر بکەین، لە بواری خزمەتگوزاری و بژێویی ژیان و ئابوورییەوە هەرێمی کوردستان زۆر پێشکەوتووتر و ئاوەدانترە، ئەمەش بەهۆی حوکمڕانیی باش و بوونی سەقامگیرییەکی سیاسی و ئەمنیی باشە، کە تادێت وەبەرهێنان زیاتر دەبێت.

**سەرقاڵی ئامادەکردنی (تۆڕی پاراستنی کۆمەڵایەتین) کە ستراتیژییەکی گەورەیە و ئیشی لەسەر دەکەین بۆ هاووڵاتیانی کەمدەرامەت، کە مووچە و دەرامەتێکیان نییە و بە هیچ شێوەیەک ناتوانن کار بکەن و توانای داراییان زۆر لاوازە**

**گەنج و لاوی زۆرمان هەیە کە ئامادەی کارکردنن، بەڵام بە هۆی زۆریی کرێکاری بیانییەوە دەرفەتی کارکردنیان کەم بووەتەوە**




# سەرچاوەکانی وزە




# وەک کۆڵەگەی بونیادنانەوەی نەتەوە لە هەرێمی کوردستاندا

پرۆسەی بونیادنانەوەی نەتەوە «Nation Building» کارێکی سەخت و دژوارە و، وەك (لی کوان یو) سەرۆکی پێشووی سەنگافورا دەڵێت: «دوای سەربەخۆیی سەنگافورا لە ساڵی ١٩٦٥، لە هەموو کتێبخانەکانی جیهاندا کتێبێك نەبوو، فێرم بکات، چۆن وڵاتێکی پەراوێزخراوی وەك سەنگافورا بونیاد بنێمەوە، بۆیە بە ناچاری خۆم کتێبی سەرکەوتنی چیرۆکی سەنگافورام نووسیوە». ئەگەر ئەم قسەیەی «لی کوان یو» لەگەڵ سەرجەم پرۆسەکانی بونیادنانەوەی دەوڵەت لە دوای شەڕی دووەمی جیهانییەوە لە وڵاتانی تازەپێگەیشتوو «بێجگە لە ژاپۆن و وڵاتانی ئەورووپا لە چوارچێوەی پلانی مارشاڵدا» بڕوانین، ئەوا ژمارەی ئەو سەرکردانەی توانیویانە لە سەرانسەری جیهاندا لە پرۆسەی بونیادنانەوەی دەوڵەت سەرکەوتوو بن، لە ژمارەی پەنجەکانی دەست تێپەڕ ناکات و، هەموو ئەزموونە سەرکەوتووەکانیش بەرهەمی فیکر و بیرکردنەوەی ئەو سەرکردانە بوون، کە لە ناو واقیعی لۆکاڵیی خۆیانەوە هەنگاویان بۆ پەرەپێدانی بەردەوام و سەرخستنی پرۆسەکە ناوە.

لەم چوارچێوەیەدا ئەگەر لە ئاسیا سەرنج لە ئەزموونە سەرکەوتووەکانی «تایوان، کۆریای باشوور، سەنگافورا، مالیزیا» بدەین، ڕاستە دەبینین چوار ئەزموونی سەرکەوتووی پرۆسەی بونیادنانی نەتەوەن، بەڵام هەر یەکەیان بە شێوازێکی جیاواز لەسەر دوو ئاستی گرنگ سەرکەوتنیان بەدەست هێناوە، کە بریتیین لە:

١- توانیویانە بە سەرخستنی پرۆسەی بونیادی نەتەوە، ژیانێکی شایستە بۆ گەلەکەی خۆیان دروست بکەن.

٢- بوونە نموونەیەکی بەرز لەسەر ئاستی جیهان.

لەسەر ئەم بنەمایە ئەگەر خوێندنەوەیەك بۆ ئەو وتارە بکەین کە مسرور بارزانی لە ڕۆژی یەکەمی کۆڕبەندی جیهانیی وزە لە دوبەی پێشکەشی کرد، ئەوا دەگەینە ئەو دەرەنجامەی کە ئەویش بە هەمان شێوەی سەرکردە سەرکەوتووەکانی جیهان، لە پرۆسەی بونیادنانی نەتەوە ئامانجی ئەوەیە کە «هەم گەلی کوردستان ژیانێکی شایستەی هەبێت و خزمەتگوزارییە سەرەکییەکانیان بۆ دابین بکرێت، هەمیش هەرێمی کوردستان ببێتە نموونەیەکی بەرزی سەرکەوتنی پرۆسەی بونیادنانەوەی نەتەوە لە جیهاندا». لەم بارەوە سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەم جۆرە پەیامی خۆی بۆ ئایندەی کوردستان بە ئامادەبووان ڕاگەیاند: «خۆشحاڵم کە ئەم گوتارە لە شوێنێکدا دەخوێنمەوە کە باوکانی زۆربەتان لێرە تێڕوانینێکی بەرزیان بۆ بونیادی دەوڵەت هەبووە، بۆ ئەوەی ژیانێکی شایستە بۆ گەلەکەیان دابین بکەن و ببنە نموویەکی بەرز لە جیهاندا، دوای پەنجا ساڵ ئێستا دەبینین دەوڵەتی ئیمارات هەر دوو دەستکەوتەکەی بە دەست هێنا و بووەتە ناوەندی هێزی ناوچەکە، ئەمەش بەرئەنجامی ئەو تێڕوانینە بەرزەیە کە سەرکردەکانی ئەم دەوڵەتە بە شێوەیەکی زۆر لۆژیکییانە سەرچاوەی وزە و لێهاتوویی بۆ گەلەکەیان بەکار هێناوە».

سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ئاماژەکردنی بۆ ئەزموونی سەرکەوتووی بونیادنانەوەی دەوڵەت لە ئیمارات، ئامانجی ئەوە بوو کە بە ئامادەبووان بڵێت: مەرج نییە هەر دەوڵەتێك خاوەنی سەرچاوەی وزەی سرووشتی بێت، ئەوا دەتوانێت لەم پرۆسە سەختەی بونیادنانەوەی دەوڵەتدا سەرکەوتوو بێت، بەڵکو لەمەش زیاتر بە ئامادەبووانی ڕاگەیاند: «لەم جیهانەدا دەوڵەتێکی دیکە نابینی بە هاوشێوەی ئیمارات بەو شێوە کاریگەر و چالاکە سەرچاوەی وزەی کردبێتە کۆڵەگەی بونیادنانی دەوڵەت».

سوودوەرگرتن لە ئەزموونی سەرکەوتووی پرۆسەی بونیادنانی دەوڵەتی ئیمارات، بریتی نییە لە کۆپیکردنەوەی ئەو ئەزموونە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئاگادارە لەوەی کە ئەزموونی هیچ دەوڵەتێك لە دەوڵەتێکی دیکەدا دووبارە ناکرێتەوە، بەڵکو دەبێت ئەو ئەزموونە سەرکەوتووە بکرێتە ئیلهامێك و لێوەی فێر بین چۆن ئاستەنگەکانی خۆمان تێپەڕێنین و، چۆن ئەو کێشەکانمان چارەسەر بکەین. مسرور بارزانی ئەم ڕاستییەی لە ئامادەبووان نەشاردەوە و پێی ڕاگەیاندن: «ئێمە و ئیمارات بۆچوونی هاوبەشمان هەیە و کۆمەڵێك بەهای

**وێڕای هەموو ئەم ئاستەنگانەی ڕووبەڕووی کوردستان بوونەوە، لۆژیک و کاریزمایی سەرۆک مسعود بارزانی وای کرد گەلی کوردستان سەرکەوتوو بێت و، گەشەسەندنی کوردستانیش زیاتر بەرەو پێشەوە بچێت**

**مسرور بارزانی بە هەمان شێوەی سەرکردە سەرکەوتووەکانی جیهان، لە پرۆسەی بونیادنانی نەتەوە ئامانجی ئەوەیە کە «هەم گەلی کوردستان ژیانێکی شایستەی هەبێت و خزمەتگوزارییە سەرەکییەکانیان بۆ دابین بکرێت، هەمیش هەرێمی کوردستان ببێتە نموونەیەکی بەرزی سەرکەوتنی پرۆسەی بونیادنانەوەی نەتەوە لە جیهاندا**

هاوبەش کۆمان دەکاتەوە و، ئێمە گەلی خۆمان دەپارێزین و خزمەتیشیان دەکەین، لە هەمان کاتدا ڕێز لە بەرامبەریش دەگرین، لە ساڵانی ڕابردوو سەیری ئەزموونی ئیماراتمان کردووە و لێوەی فێر بووین و توانیومانە زنجیرەیەك ئاستەنگ تێپەڕێنین.»

ئەم پەیامە ڕاستەوخۆ و ڕاشکاوانەی مسرور بارزانی بۆ ئەمەیە کە زۆر بە وردی دیراسەتی هەردوو دیوەکەی سامانی سرووشتی کردووە و، لەوە تێگەیشتووە کە ئەگەر نەزانرێت بە شێوەیەکی دروست مامەڵە لەگەڵ سامانی سرووشتی بکرێت، ئەوە لە بری «ڕەحمەت دەگۆڕێت بۆ نەعلەت» بۆیە لەم چوارچێوەیەدا ئاماژە بەوە دەکات کە ئاراستەی هەرێمی کوردستان لە پەرەپێدانی کەرتی وزە ئومێدبەخشە و، لە ماوەی کەمتر لە ١٥ساڵ دوای پەسەندکردنی یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان، توانراوە لە کەرتی وزە سەرکەوتنی بەرچاو بەدەست بهێنرێت و، ئێستا کوردستان توانای هەناردەکردنی ٥٠٠ هەزار بەرمیل نەوت و ٥٠٠ ملیۆن پێ سێجا گازی سرووشتیی لە ڕۆژێکدا هەیە، بەڵام لە بەردەم ئەم ئاراستەیە و زیاتر بونیادنانەوەی هەرێمی کوردستاندا، کۆمەڵێك تەنگژە ڕووبەڕووی هەرێمی کوردستان دەبنەوە کە بریتین لە:

١- عێراق وڵاتێکی ناسەقامگیرە و تەنگژەیەکی مەزهەبیی قووڵی تێدایە، کە کاریگەری لەسەر کوردستانیش هەیە.

٢- سەرهەڵدان و تێکشکاندنی تیرۆریستانی داعش، کە هێزی پێشمەرگەی کوردستان ڕۆڵێکی گەورەی لە تێکشکاندنیدا هەبووە.

٣- بەم دواییانە غەدرێکی گەورە لە هەرێمی کوردستان کرا، ئەویش بە ڕێگەی بڕیاری بە ناو «دادگای فیدراڵی» دژی یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان.

بەڵام وێڕای هەموو ئەم ئاستەنگانەی ڕووبەڕووی کوردستان بوونەوە، لۆژیك و کاریزمایی سەرۆك مسعود بارزانی وای کرد گەلی کوردستان سەرکەوتوو بێت و، گەشەسەندنی کوردستانیش زیاتر بەرەو پێشەوە بچێت.

## • مامەڵەی لۆژیکانە لەگەڵ سەرچاوەکانی وزە

ستراتیژیەتی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستانە

بەرنامەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەسەر چەند ستوونێك داڕێژراوە و، ئەو ستوونانەش بریتین لە:

١- بنبڕکردنی گەندەڵی و چاکسازیی ڕیشەیی لە کەرتی گشتیدا.

٢- فرەییکردنی سەرچاوەکانی داهات و ئابووری.

٣- کەمکردنەوەی ڕۆتین و لابردنی ئاستەنگەکان لە بەردەم کەرتی تایبەتدا.

٤- مامەڵەی لۆژیکانە لەگەڵ پەرەپێدانی کەرتی وزە وەك سەرچاوەیەکی گرنگی داهات، بۆ ڕێکخستنەوەی کۆی ژێرخانەکان.

ئەگەر سەرنج لە ئەدای کابینەی نۆیەم لە ماوەی سێ ساڵی ڕابردوو بدەین، دەبینین وێڕای بڵاوبوونەوەی پەتای کۆڤید١٩ و ڕووبەڕووبوونەوەی قەیرانی ئابووری و مامەڵەی خراپی حکومەتی فیدراڵی سەبارەت بە بەشە بودجەی کوردستان، بەڵام لە بەرامبەردا وەرچەرخانێکی گەورە لە بنبڕکردنی گەندەڵی و چاکسازیی ڕیشەیی لە کەرتی گشتیدا ئەنجام دراوە و، لە بواری چالاکترکردنی کارەکانی کەرتی تایبەتیشدا، بە سەدان پرۆژەی ستراتیژی لە بوارەکانی «پیشەسازیی گەورە و بچووك و مامناوەند، گەشتیاری، کشتوکاڵی» ئەنجام دراون، لەمەش زیاتر ئامانجی سەرۆکی حکومەتی کوردستان ئەوەیە کوردستان بکاتە ناوەندێکی بزنس و ئابووریی گەورە لە ناوچەکەدا.

لەسەر ئاستی مامەڵەی لۆژیکانەش لەگەڵ کەرتی وزە، لە ماوەی ئەم سێ ساڵەی کابینەی نۆیەمدا، ڕیفۆرمێکی باش لەم کەرتەدا کراوە و ئاستی گەڕانەوەی داهاتی نەوت بۆ حکومەت لە ٢٨٪ بەرزکراوەتەوە بۆ ٤١٪ و لە هەمانکاتیشدا دیالۆگی بەردەوام لە نێوان حکومەت و ئەو کۆمپانییانە هەن کە لە کوردستان لەم کەرتەدا وەبەرهێنان دەکەن، بەتایبەتی بۆ ئەوەی لە شێوازی بەرهەمهێنانی نەوتدا، پەیڕەوی «شێوازی وزەی پاك» بکەن، بۆ ئەمەش بە

**وەرچەرخانێکی گەورە لە بنبڕکردنی گەندەڵی و چاکسازیی ڕیشەیی لە کەرتی گشتیدا ئەنجام دراوە و، لە بواری چالاکترکردنی کارەکانی کەرتی تایبەتیشدا، بە سەدان پرۆژەی ستراتیژی لە بوارەکانی «پیشەسازیی گەورە و بچووك و مامناوەند، گەشتیاری، کشتوکاڵی» ئەنجام دراون**

**بە کۆمپانیاکان ڕاگەیەندراوە چیدیکە ڕێگە نەدرێت گازی سرووشتیی کێڵگە نەوتییەکان بسووتێت و، لەبری ئەوە وەك گازی سرووشتی بەرهەم بهێنرێت و بەکاربهێنرێتەوە بۆ دابینکردنی وزەی کارەبا**

کۆمپانیاکان ڕاگەیەندراوە چیدیکە ڕێگە نەدرێت گازی سرووشتیی کێڵگە نەوتییەکان بسووتێت و، لەبری ئەوە وەك گازی سرووشتی بەرهەم بهێنرێت و بەکارهێنرێتەوە بۆ دابینکردنی وزەی کارەبا. لەسەر ئەم بنەمایە سەرۆکی حکومەتی کوردستان لە کۆڕبەندی وزەی جیهانی ئاماژەی بە ستراتیژیەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان کرد و پێی ڕاگەیاندن: «مامەڵەی لۆژیکانە لەگەڵ کەرتی وزە بووەتە پرسێکی میحوەری بۆ داهاتوومان، حکومەتی کوردستانیش ئەمەی

بۆ سەرخستنی ئەم ستراتیژە و هاوکاری و هەماهەنگیی زیاتر لەگەڵ وەبەرهێنەرانی بیانی و دەوڵەتانی ناوچەکە، حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆچوونی تازەی پێشکەشی هەموو لایەك کردووە و، سەبارەت بە کۆمپانیا گەورەکانی بواری کەرتی وزە، سەرۆکی حکومەت ڕاشکاوانە پێی ڕاگەیاندن: بەردەوام دەبین لە وەبەرهێنانی زیاتر لە سەرچاوەکانی وزە و بەردەوامیش دەبین لە بەرەو پێشەوەبردنی توانای هەناردەکردنمان و، دڵنیایی دایە هەموو




کردووەتە ستراتیژیەتی خۆی و ئەم ستراتیژەش بۆ هەتا هەتایە کوردستان دەپارێزێت، هەر بۆیە دەبێت ئایندەی ئێمە لەسەر کەرتی وزە بونیاد بنرێتەوە، بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە بۆ ئەم پرسە چی دەکەین؟ لە وەڵامدا دەڵێم ستراتیژیەتی وزەی حکومەتی کوردستان لەسەر دوو ستوون جێگیر کراوە، کە یەکەمیان بەرپرسیارێتیمانە بەرامبەر خواست و ویستی گەلەکەمان، دووەمیان بوونی هەولێرە بە ناوەندێکی بزنێس و وەبەرهێنان بۆ ناوچەکە.»

لایەك کە لە ئایندەیەکی نزیکدا کوردستان دەبێتە سەرچاوەیەکی گرنگی دابینکردنی وزە و، دەبێتە سەرچاوەیەکی سەرەکی بۆ هەناردەکردنی گازی سرووشتی بۆ تورکیا و عێراق و ئەورووپا، لەمەش زیاتر کوردستان ئەو توانایەی هەیە کە هاوکار بێت بۆ دابینکردنی ئاسایشی وزە لە جیهاندا.

سەبارەت بە هاوکاری و هەماهەنگیی زیاتری ئابووری و بازرگانی لە نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا و عێراق و دەوڵەتانی کەنداو، سەرۆکی

حکومەتی کوردستان جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە دیالۆگی لەگەڵ «حکومەتی عێراق، تورکیا، دەوڵەتانی کەنداو» کردووە بۆ ئەوەی بە تۆڕێکی ڕێگەی ئاسنین هەموو ناوچەکە پێکەوە گرێ بدرێتەوە و، بەمەش وەرچەرخانێك لە هەماهەنگی و هاریکاری لەسەر ئاستی ئیقلیمی دێتە ئاراوە.

● **دەستوور ..**

## ئایندەی هاوبەشمانە لەگەڵ عێراق

لە کاتێکدا هەموو جیهان سەرقاڵی ئەوەیە کە سنوورێك بۆ ئەو ئاستەنگ و تەحەددییانە دابنێت کە ڕووبەڕووی ئاسایشی وزە دەبێتەوە، کەچی ڕۆژانە لەلایەن عێراقەوە ئاستەنگ و تەحەددیی زیاتر بۆ ئاسایشی وزەی هەرێمی کوردستان دروست دەکرێت، هەر بەو بیانووشەوە کوردستان مووشەکباران دەکرێت. سەبارەت بەم تەحەددی و ئاستەنگانە بە تایبەتی بڕیاری ئەم دواییەی بە ناو دادگای فیدراڵیی عێراق دژی یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان، سەرۆکی حکومەتی کوردستان ڕاشکاوانە بە کۆڕبەندی جیهانیی وزەی ڕاگەیاند: «ئێمە زۆر هەوڵماندا بۆ ئەوەی میکانیزمێك لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی بدۆزینەوە بۆ دابەشکردنی داهاتی نەوت و گاز بۆ هەموو هاووڵاتیانی عێراق، ئەمەش ئەوەیە کە دەستوور داوامان لێ دەکات و تەنیا ڕێگەیە بۆ ئەوەی ئێمە و عێراق پێکەوە هەنگاو بۆ پێشەوە هەڵبگرین. لێرەدا دەمەوێت ڕاشکاوانە پرسێك ڕوون بکەمەوە، ئەویش بڕیاری ئەم دواییەی بە ناو دادگای فیدراڵیی عێراقە، کە تانەیان لە ئێمە داوە بۆ نەهێشتنی پیشەسازیی نەوت، بۆیە ڕاشکاوانە دەڵێم ئەو بڕیارە تەواو سیاسییە و گوشارێکە بۆ دواخستنی پرۆسەی پێکهێنانی حکومەت لە عێراقدا و، دۆستەکانمان خۆیان دەتوانن بە ڕاشکاوی ئەم ڕاستییە ببینن، بۆیە لەگەڵ هاوبەشەکانمان لە حکومەتی عێراق قسەمان کردووە، بۆ ئەوەی لە چوارچێوەی دەستووری عێراقدا بگەینە ڕێککەوتنێك کە ڕێز لە مافە دەستوورییەکانی ئێمە بگرێت و، هەموو کات گوتوومانە ئێمە دەخوازین هاوکاریی هەموو عێراق بکەین، لە مووسڵ تا بەسرا و، نابێت چیتر ئەو گەمەیە بکرێت کە دەرەنجامەکەی سفرە، بۆ ئەمەش بە کردەیی کردوومانە و کارەبامان بۆ چەند بەشێکی عێراق دابین کردووە و، توانای ئەوەشمان هەیە کە پشتگیریی پێداویستیی وزەیان بکەین، دەستووریش ئایندەی هاوبەشی هەردوولامانە».

سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەم پەیڤە ڕاشکاوانەی خاڵبەندیی پیتەکانی کرد و، داوای لە حکومەتی عێراق کرد کە ڕێز لە مافە دەستوورییەکانی گەلی کوردستان بگرێت و، ئەو دەستوورە ئایندەی هاوبەشی هەردوو لایە، لە هەمان کاتیشدا سەرۆکی حکومەت دڵنیاییی تەواوی دایە ئەو کۆمپانییانەی کە ئێستا لە کوردستان لە کەرتی وزەدا وەبەرهێنان دەکەن و، ئەوانیش هەر لە هەمان کۆڕبەند بۆ جیهانیان سەلماند کە ئەوان پێش ئەوەی کۆنتراکت لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان بکەن، یاسای نەوت و گازی کوردستانیان پیشانی پسپۆڕانی یاسایی و دادگای نێودەوڵەتی داوە و، هەموو جەختیان لەسەر ئەوە کردووەتەوە کە یاسای نەوتی گازی کوردستان، لە چوارچێوەی دەستووری عێراقدایە و، هیچ کێشەیەکی نییە، بۆیە سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان جارێکی دیکە بانگهێشتی وەبەرهینەرانی کرد، کە لەسەر هەمان یاسا بێنە کوردستان و وەبەرهێنانی خۆیان لە کەرتی وزە فراوانتر بکەن و، حکومەتی هەرێمی کوردستان پابەندە بە ناوەڕۆکی ڕێککەوتنەکە و ڕێزی دەگرێت و بە ڕێکوپێکی و لە کاتی خۆیدا دەستهەقی کۆمپانیاکان دەدات.

ئەوەی لە میانەی هەر دوو کۆڕبەندی جیهانیی وزە و لووتکەی حکومەتەکانی جیهان بۆ پێگە و شکۆی هەرێمی کوردستان تێبینی کرا، ئەوەیە کە ئەمڕۆ لەسەر ئاستی دابینکردنی ئاسایشی وزەدا جیهان پێویستی بە هاوکاریی هەرێمی کوردستان هەیە، لەسەر ئاستی حوکمڕانی لە سەدەی بیست و یەکەمیشدا، ئەزموونی حوکمڕانیی کوردستان لە حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، شێوازێکە لە خۆگونجاندن لەگەڵ تەنگژە و تەحەددییەکان و، دۆزینەوەی چارەسەرە بۆ تەنگژە و تەحەددییەکان، کە ئەمەش جۆرێکە لەو ئاراستەیەی کە حوکمڕانی لە سەدەی بیست و یەك ناچارە پابەندی بێت.

**ئەوەی لە میانەی هەر دوو کۆڕبەندی جیهانیی وزە و لووتکەی حکومەتەکانی جیهان بۆ پێگە و شکۆی هەرێمی کوردستان تێبینی کرا، ئەوەیە کە ئەمڕۆ لەسەر ئاستی دابینکردنی ئاسایشی وزەدا جیهان پێویستی بە هاوکاریی هەرێمی کوردستان هەیە**

**ئەزموونی حوکمڕانیی کوردستان لە حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، شێوازێکە لە خۆگونجاندن لەگەڵ تەنگژە و تەحەددییەکان و، دۆزینەوەی چارەسەرە بۆ تەنگژە و تەحەددییەکان، کە ئەمەش جۆرێکە لەو ئاراستەیەی کە حوکمڕانی لە سەدەی بیست و یەک ناچارە پابەندی بێت**



**پرۆفیسۆر کامەران سالەیی**

**پسپۆڕ و شارەزا لە بواری یاسا بۆ گوڵان:**

# ئەگەر حزبەکان و ئیتاری تەنسیقی پرۆسەی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار زیاتر پەک بخەن، عێراق بەرەو چارەنووسێکی نادیار دەچێت

**پەکخستنی پرۆسەی سیاسی و دانانی کۆسپ و ئاستەنگ لە بەردەم یەکلاکردنەوەی پۆستی سەرۆك کۆمار، تەنیا لە پێناو بەدیهێنانی بەرژەوەندیی حزبی و بەدەستهێنانی پۆستە بۆ لایەنەکانی شیعە لە (هاوپەیمانێتی ئیتاری تەنسیقی)دا، بەمەش عێراق کەوتووەتە بەردەم چارەنووسێکی نادیاری ئاڵۆز، بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسە، دیدارێکمان لەگەڵ پرۆفیسۆر کامەران ساڵەیی پسپۆڕ و شارەزا لە بواری یاسا سازدا، لێرەدا پوختەی قسەکانی بڵاو دەکەینەوە.**

*** دوای ئەوەی ئیتاری تەنسیقی بۆ جارێکی دیکە کۆسپی خستە بەردەم بەڕێوەچوونی دانیشتنی یەکلاکردنەوەی پرسی سەرۆك کۆمار، وا بڕیارە لە ٤/٦ لایەنە سیاسییەکان لە پەرلەمان بۆ جارێکی دیکە کۆببنەوە، پرسیار لێرەدا ئەوەیە، ئەگەر ئەم پەککەوتنەی لایەنە شکستخواردووەکانی هەڵبژاردن هەر وا بەردەوام بێت، عێراق بەرەو کوێ دەچێت؟**

- عێراق لە بارودۆخێکی زۆر خراپدایە و بۆ هەمووان دەرکەوت ئەو لایەنانەی لە چوارچێوەی ئیتاری تەنسیقیدا کار بۆ پەککەوتنی هەڵبژاردنی سەرۆك کۆمار دەکەن، لەگەڵ نەوەی نوێ و پەرلەمانتارە سەربەخۆکان و هەردوو حزبی یەکگرتوو و کۆمەڵ، هەر بڕوایان بە پرۆسەی دیموکراتی نییە و تەنیا بۆ بەرژەوەندیی خۆیان کار دەکەن و، دەیانەوێت بەشداری حکومەت بن و پۆستیان بەر بکەوێت، باشە نەوەی نوێ و پەرلەمانتارە سەربەخۆکان کە دەیانگوت دەیانەوێت ئۆپۆزسیۆن بن، ئەی بۆچی ناچنە پەرلەمان بۆ ئەوەی لە چوارچێوەی پرۆسەی دیموکراتیدا سەرۆك کۆمار و حکومەتی عێراق پێك بهێنرێت و ئەوان بە ڕۆڵی ئۆپۆزسیۆنی خۆیان لە ناو پەرلەماندا هەڵسن، چۆن دەبێت ماڵەکانی خۆیان بکەنە پەرلەمان و لەوێوە قسە و لێدوان بدەن، لە کاتێکدا ئیشی ئەوان نوێنەرایەتیکردنی ئەوانەیە کە دەنگیان بۆ داون و دەبێت لە ناو پەرلەماندا بەو ئەرك و کارەی خۆیان هەڵسن. لایەنی سەدری کە زۆر توورەیە و تەنانەت ئەمجارە بڕیاری داوە هەر گفتوگۆ و دانیشتنیان لەگەڵ نەکات، بەڵام دوایی لە تویتێکدا لە یەکی ڕەمەزان تا نۆی شەوال مۆڵەتی دابوو بە لایەنە سیاسییەکان بۆ ڕێککەوتن، ئەمە هەمووی بەرەو ئەوەمان دەبات سەدر لە هەوڵی دووبارە هەڵبژاردنێکی دیکەدا بێت، خۆ ئەگەر بە پێی ماددەی ٦٤ی دەستووری هەڵسوکەوت بکرێت کە ١١٠ ئەندام داوا بکەن و ١٦٥ ئەندام ڕازی بن بە هەڵوەشانەوەی پەرلەمان، ئەوا

**لەم خولەدا ڕێژەی بەشداربوو ١٩٪ بوو، لە ئەگەری دووبارە ئەنجامدانی هەڵبژاردن ڕەنگە ئەمجارە کەمتر بێت و هەموو حزبەکانی دیکەی دەرەوەی هاوپەیمانێتی زۆرینەی نیشتمانی ئەو دەنگانەی خۆیان ناهێننەوە**

پەرلەمان هەڵدەوەشێتەوە و سیناریۆی ئەمجارەی هەڵبژاردن بەم شێوەیە دەبێت کە سەدرییەکان لە بری ٧٣ کورسی ١٠٠ دەنگ زامن دەکەن و پارتی دەنگەکانی زیاد دەکات و هەرچی یەکێتی و حزبەکانی ناو ئیتاری تەنسیقی هەیە، دەنگەکانیان کەم دەکات و نەوەی نوێ و پەرلەمانتارە سەربەخۆکانی عەرەب هەر دەنگیان نامێنێت، تەنانەت لەم خولەدا ڕێژەی بەشداربوو ١٩٪ بوو، لە ئەگەری دووبارە ئەنجامدانی هەڵبژاردن ڕەنگە ئەمجارە کەمتر بێت و هەموو حزبەکانی دیکەی دەرەوەی هاوپەیمانێتی زۆرینەی نیشتمانی ئەو دەنگانەی خۆیان ناهێننەوە، هەر بۆیە ئەوان دژی ئەو سیناریۆیەی هەڵوەشانەوەی پەرلەمانن. بەپێی ماددەی ٧٦ لە دەستوور کە دەڵێت زۆرینە بۆی هەیە حکومەت دروست بکات، ئیتاری تەنسیقی ئەو ڕاستییە دەزانن کە تا دەستنیشانی سەرۆك کۆمار نەکرێت، ناتوانرێت سەرۆك وەزیران دەستنیشان بکرێت، بۆیە ئەوان پرۆسەی سیاسی پەك دەخەن و ڕێگەکەیان داخستووە و، سێیەکی پەکخەریان بەکار هێنا، تاوەکو سەرۆك کۆمار دانەنرێت، ئەمەش بۆ خۆشەویستیی یەکێتی نییە و بۆ خۆیانە، چونکە نەك بۆ سەرۆك وەزیران، بەڵکو لەسەر پۆستەکانی دیکەش ڕێك نەکەوتوون، ئەگەر شیعەکان لە دابەشکردنی پۆستەکاندا کەوتنە ڕێککەوتن، ئەو کات زۆر بە ئاسانی دادەنیشن و سەرۆك کۆماریش هەڵدەبژێردرێت کە ڕێبەر ئەحمەدە و، ئەو تەکلیفی ئەو کەسە دەکات کە دەبێتە سەرۆك وەزیران بۆ پێکهێنانی حکومەت.

*** ئایا ئەم پەکخستنانەی دانیشتنەکانی پەرلەمان ئاماژەیەك نییە بۆ قووڵبوونەوەی کێشەکان و دەستێوەردانی زیاتری ئیقلیمی؟ ئایا لە ناو ئەم ژینگە ئاڵۆز و پڕ لە کێشمەکێشەدا تاچەند ئەگەری هەیە عێراق بەرەو پاشاگەردانیی سیاسی بڕوات؟**

- پێش ئەوەی وەڵامی پرسیارەکەت بدەمەوە، با کەمێك بۆ مێژووی دروستکردنی عێراق بگەڕێینەوە، کە عێراق هەر لە بنەڕەتدا بە چەوتی دروست کراوە، سەرەتا شتێك نییە بە ناوی میللەتی عێراق و لە چەند میللەتێکی جیاواز لە شوناس و ئایین و مەزهەب و زمان پێك هاتووە و، بنەمای بوون بە دەوڵەتێکی بەهێزی تێدا نییە. مەلیك فەیسەڵی یەکەم ئەم ڕاستییەی دەزانی و بەردەوام دەیگوت گەلانی عێراق و پەرلەمانی عێراق بە ناوی (مجلس الأمة العراقي)، ئێمەی میللەتی کورد بە بێ ئارەزوومەندانە لکێندراوین بەم وڵاتە پارچە پارچەیەوە، هەرجارەو ڕژێم و فەرمانڕەوایەك هاتووە و وەکو خێر هەندێك مافی بە کورد داوە، بەڵام هەرگیز وەکو ئێستا نەبووە کە واقیعێکی زۆر تاڵ و ناخۆشە و هەمووان دژی یەکتری ڕاوەستاون بۆ بەرژەوەندیی تایبەتی خۆیان، ئەمەش واقیعە ڕاستەکەی عێراقە، چونکە پارچە پارچەین و هەر کەسەو بۆ خۆی هەوڵ دەدات و بووەتە کۆمەڵێك دەوڵەتی بچووکی قووڵ و، هەر حزب و لایەنێکی سیاسی لە عێراقدا دەزگای هەواڵگری و چەکدار و ئابووریی خۆی هەیە و، کەس بڕوای بە دەستوور و یاسا نەماوە و لایەنگری بۆ کۆماری ئیسلامیی ئێران لە هەموو کاتێك زیاتر تۆخ بووەتەوە، ئەم ژینگە ئاڵۆز و ململانێ و توندوتیژییەش کە دژی ئاساییبوونەوەی پرۆسە سیاسییەکە دەیکەن، دەریخست هەمووان چاوەڕوانی پشکێکن لە کێکەکە و کەس بڕوای بە دیموکراتی و نیشتمان و خزمەتکردنی خەڵك نییە. تۆ سەیری نەوەی نوێ بکە، کاتێك بەرژەوەندیی ماددی دەست نەکەوت، ڕاستەوخۆ ئەمجارە نەچووە ناو دانیشتنەکەی پەرلەمانەوە، هەموو ئیدعا و پاساوەکانیشیان وەکو ڕۆژی ڕووناك دیارە ڕاستیی تێدا نییە. لەگەڵ ئەم ڕەشبینییەشدا بەردەوام ئومێدێك هەیە بەوەی دۆخەکە نەگاتە مریشکە ڕەشە کە پێکدادانی نێوماڵی شیعە ڕوو بدات، چونکە ئێران خوازیاری ئەمە نییە، خوانەخواستە ئەمە ڕوو بدات، کۆتایی حوکمی شیعەیە لە عێراقدا و سوننە کە بە درێژایی سەدەیەك تا ٢٠٠٣ حوکمی عێراقیان کردووە، دووبارە دێنەوە سەر حوکمی عێراق (بە لایەنی کەمەوە حوکمی بەغدا) لەم بارودۆخە نێودەوڵەتییەی ئێستاشدا لە بەرژەوەندیی ئەمریکا و ڕۆژئاواش نییە ئەم پێکدادانە ڕوو بدات، بەڵام لە دیوێکی دیکەوە چوونە ناو بۆشایی دەستووری و یاسایی ئاڵۆزییەکان پتر دەکات.

**ئیتاری تەنسیقی ئەو ڕاستییە دەزانن کە تا دەستنیشانی سەرۆک کۆمار نەکرێت، ناتوانرێت سەرۆک وەزیران دەستنیشان بکرێت، بۆیە ئەوان پرۆسەی سیاسی پەک دەخەن و ڕێگەکەیان داخستووە**

**ئەگەر شیعەکان لە دابەشکردنی پۆستەکاندا کەوتنە ڕێککەوتن، ئەو کات زۆر بە ئاسانی دادەنیشن و سەرۆک کۆماریش هەڵدەبژێردرێت کە ڕێبەر ئەحمەدە و، ئەو تەکلیفی ئەو کەسە دەکات کە دەبێتە سەرۆک وەزیران بۆ پێکهێنانی حکومەت**

**عێراق هەر لە بنەڕەتدا بە چەوتی دروست کراوە، سەرەتا شتێک نییە بە ناوی میللەتی عێراق و لە چەند میللەتێکی جیاواز لە شوناس و ئایین و مەزهەب و زمان پێک هاتووە و، بنەمای بوون بە دەوڵەتێکی بەهێزی تێدا نییە**

**هەر حزب و لایەنێکی سیاسی لە عێراقدا دەزگای هەواڵگری و چەکدار و ئابووریی خۆی هەیە و، کەس بڕوای بە دەستوور و یاسا نەماوە و لایەنگری بۆ کۆماری ئیسلامیی ئێران لە هەموو کاتێک زیاتر تۆخ بووەتەوە**

*** بەڵام دواجار لە دژایەتیکردنی کورد و بەدەستهێنانی مافە نەتەوەییەکانی کورددا هەموو ئەم هێزانەی شیعە و سوننە یەکن، پرسیار ئەوەیە لەم بارودۆخە ئاڵۆز و پڕ مەترسییەدا دەبێت کورد چۆن مامەڵە بکات؟**

- کەی عێراق بەهێز بووبێت، بە هەمووان کەوتوونەتە گیانی ئێمەی کورد و پەلاماریان داوین، من ئەوە بە هەڵەیەکی مێژوویی دادەنێم کە کورد لە دروستکردنەوەی عێراقدا بەشدار بوو، ناکۆکییەکانی نێوان شیعە و سوننەمان چارەسەر کرد، لە کاتێکدا سوننە بە ناچاری پشتی داوە بە کوردەوە، چونکە باش دەزانێت بەرگەی تەوژمی شیعە ناگرن و دەچەوسێنەوە، خۆ ئەگەر ڕۆژێك سوننەش حوکم بکاتەوە، هەر کورد دەچەوسێنێتەوە و هەمووان بۆ بێهێزکردنی کورد کار دەکەن. دەبێت دووبارە هەوڵ بدەینەوە نێومالّی کورد ڕێك بخەینەوە، بە تایبەتی چارەسەری ناکۆکییەکانی نێوان پارتی و یەکێتی، دەبێت سازان و ڕێککەوتنێك بکەین و ڕێگە نەدەین لە دژی یەکتر بەکاربهێنرێین و لاواز بکرێین، من دەزانم فشاری ئێران زۆرە، بەڵام نابێت مەترسییە گەورەکان لەبیرمان بچێتەوە، لێرەدا هەمووان چاوەڕوانی ڕۆڵی سەرۆك مسعود بارزانی دەکەن وەکو مەرجەعی کورد.

*** باسی ڕێکخستنەوەی نێوماڵی کوردت کرد، لەم کاتەدا هەموو هەوڵەکانی چاکسازی و ڕێکخستنەوەی داهات و گەڕانەوەیەتی بۆ گەنجینەی گشتی، بە تایبەتی لەو ناوچەیەی کوردستان کە پێی دەوترێت (زۆنی سەوز) گرفتێکی گەورە هەیە و هاووڵاتیان نەك تەنیا لە پارێزگای سلێمانی تێیدا زیانمەندن، بەڵکو هەڕەشەیەکی گەندەڵی و بێسەروبەریی گەورەشە، وەکو کەسێکی شارەزا لە بواری یاسا خوێندنەوەت بۆ ئەمە چییە؟**

- زۆر لە هێزەکانی ناوچەکە بوونی حکومەتێکی بەهێز و خزمەتگوزاری کوردیان ناوێت، لەمەشدا هەموو ئەو حزب و لایەنە سیاسی و کەسایەتییانە بەکار دەهێندرێن کە وەلائیان بۆ کۆماری ئیسلامیی ئێران هەیە، بۆیە ئەگەر یەکگرتوو نەبین و بەسەر ئەو فشارانەدا زاڵ نەبین، ئەوا هەرگیز سەقامگیریی سیاسی و ئابووری نابینین و کێشەی نەبوونی پارە و تاڵانکردنی بانکەکان هەر دەمێنێت. ئەوەتا بەپێی ڕێککەوتنی نێوان هەر دوو دەسەڵاتەکەی ناو حکومەت (پارتی و یەکێتی ) بەشێك لە بودجەکە بە داهاتی نەوتە و، بەشەکەی دیکەی بە داهاتی خەملێنراوی ناوخۆییە، ئیتر بۆچی لەلایەن حکومەتی خۆجێییەوە وا لەو خەڵکە مەزلوومەی سلێمانی دەکرێت، کە بۆ لەخشتەبردنی خەڵکەکەی ژێر دەسەڵاتیان ئۆباڵی ئەمەش دەخەنە سەر سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و پارتی. یەکێتی لە عێراقیشدا کە پۆستی سەرۆك کۆماری بەدەستەوە بوو، هیچ ماددەیەکی دەستووریی جێبەجێ نەکردووە، بە ماددەی ١٤٠ی دەستووریشەوە، باشە خۆ سەرۆك کۆمار پارێزەری دەستوورە، ئەی بۆچی بەرهەم ساڵح نوقەی لێوە نەهات، تەنانەت ڕاوێژکارەکانی سەرۆك کۆمار و پاسەوانەکان لە کۆشکی سەلام جگە لە حزبەکەی یەکێتی، ڕاوێژکاری هەرچی حزب و لایەنی سیاسی هەیە تێدایە و وەکو ئەوەیان لێ کردووە تەنیا سەرقاڵی چەند بەرژەوەندییەکی ماددی و کەسی و حزبیی خۆیان بن، باشە سەرۆك کۆمار بۆ هەموو عێراقە، خۆ ئەگەر پێشێلکارییەکی دەستووری ببینێت، دەبێت دەنگێکی لێوە بێت، لە ١٦ی ئۆکتۆبەر پێشێلکاریی دەستووری کراوە لە توزخورماتوو ماڵی کورد بە دەستی سوپای عێراق و میلیشیا چەکدارەکان سووتا و تالان و وێران کرا، کەچی بەرهەم ساڵحی سەرۆك کۆمار هاتە کەرکووك و گوتی بارودۆخەکە خۆش و باشە، ئیتر نازانم بۆچی نابێت ئەمجارە پارتی وەکو ئیستحقاقاتی هەڵبژاردن ئەو پۆستە وەربگرێت، خۆ دەیان پۆستی دیکە لە بەغدا هەیە، ئەم عینادییە سیاسییەی یەکێتی بۆچی دەگەڕێتەوە؟ من تەنیا مەسەلەکە بۆ نەبوونی نیازپاکی دەگەڕێنمەوە، ئەگینا بۆ ڕاستەوخۆ چوونە لای هاوپەیمانێتییەکی دۆڕاو کە دەیانفرۆشێت و زیانمەندی یەکەم خودی یەکێتییە لەم هاوکێشەیەدا، بۆ ئەوان هەلێکیان لە بەردەستدایە بگەڕێنەوە بۆ ناوماڵی کورد و هەر دوو لایەنی پارتی و یەکێتی لە بەغدا هەبن و کار بۆ بەدەستهێنانی مافە دەستووری

**من ئەوە بە هەڵەیەکی مێژوویی دادەنێم کە کورد لە دروستکردنەوەی عێراقدا بەشدار بوو، ناکۆکییەکانی نێوان شیعە و سوننەمان چارەسەر کرد**

**ئەگەر ڕۆژێک سوننەش حوکم بکاتەوە، هەر کورد دەچەوسێنێتەوە و هەمووان بۆ بێهێزکردنی کورد کار دەکەن**

**زۆر لە هێزەکانی ناوچەکە بوونی حکومەتێکی بەهێز و خزمەتگوزاری کوردیان ناوێت، لەمەشدا هەموو ئەو حزب و لایەنە سیاسی و کەسایەتییانە بەکار دەهێندرێن کە وەلائیان بۆ کۆماری ئیسلامیی ئێران هەیە**

**ئەگەر یەکگرتوو نەبین و بەسەر ئەو فشارانەدا زاڵ نەبین، ئەوا هەرگیز سەقامگیریی سیاسی و ئابووری نابینین و کێشەی نەبوونی پارە و تاڵانکردنی بانکەکان هەر دەمێنێت**



**له تورزخورماتوو ماڵی کورد به دەستی سوپای عێراق و میلیشیا چەکدارەکان سووتا و تالان و وێران کرا، کەچی بەرهەم ساڵحی سەرۆک کۆمار هاتە کەرکووک و گوتی بارودۆخەکە خۆش و باشە**

و نەتەوەییەکانی گەلی کوردستان بکەن و، دەستبەرداری ئەم سیاسەتەی دژایەتیکردنی پارتی بن، کە بە هیچ شێوەیەك نەك تەنیا خزمەتی کورد ناکات، بگرە خزمەتی یەکێتیش ناکات.

*** ئەگەر لەسەر ئەم خاڵە کەمێك هەڵوەستە بکەین، ئەوەی بەدی دەکرێت، ئەوەیە کە ڕۆژانە بە شێوازی جۆراوجۆر دژایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان دەکرێت، ئایا ئەم گوشار و ئامرازانانە کە گەیشتووەتە بۆردومانکردن بە مووشەکی بالستیکی و سووتاندنی بارەگای پارتی لە بەغدا و جووڵاندن و دژایەتیکردنی دۆسێی نەوت و گازی کوردستان، تا چەند دەرئەنجامی بۆ بەدیهێنانی مەرامی نەیارانی کورد دەبێت؟**


- کورد دەتوانن فشارێکی بەهێز پێك بهێنن و هەموو حزبەکان تێبگەیەنن بە پارتی و یەکێتی و گۆڕان و نەوەی نوێشەوە، کە ئێمەش میللەتێکین لە ناو ئەم هەموو گێژاو و ئالۆزییەدا پێویستیمان بە مەرجەعێك هەیە، کە ئەویش مسعود بارزانی-یە، ڕاگەیاندنی دڵسۆزی کوردی لاوازە، ڕاستییەکان ناگەیەنێت، ئەوەندەی لە هەوڵی کۆکردنەوەی جەماوەرە، ئەوەندە لە هەوڵی نیشتمانپەروەری و ئینتیمای نەتەوەییدا نییە، ڕاگەیاندنی یەکێتی خۆی سەرقاڵی دژایەتیکردنی پارتی کردووە و هەرچی گۆڕان و نەوەی نوێشە بۆ بەدەستێهانانی لایەنگر و دەنگ، بەپێی ئاوازی هەڵەی بارودۆخەکە هەڵسوکەوت دەکەن، هەرچی حزبە ئیسلامییەکانیشە بۆ بەرژەوەندیی خۆیان بازرگانی بە ئایینەوە دەکەن. باشە ئیعلامێك ئەمە حاڵی بێت ئیتر چۆن ئینتیما بۆ خاك و نەتەوە و نیشتمان دروست دەبێت؟ هەرچی ڕاگەیاندنی حکومەتیش هەیە، وێڕای ئەوەی لاوازە، کاری بۆ شەفافییەت و ڕوونکردنەوەی ڕاستییەکان نەکردووە و متمانەی لای خەڵکی لەدەست داوە. ڕاگەیاندنی کوردی بەردەوام کاری بۆ ناشرینکردنی ڕاستییەکان و شاردنەوەی کردووە، ئەوەندە کاری بۆ دەرخستنی ڕاستییەکان نەکردووە، تۆ بڕوانە لە پرسی مەسەلەی سەرۆك کۆمار چ شەڕێکی ڕاگەیاندنیان دەست



پێ کردووە. باشە پارتی حزبێکی گەورەیە و زۆرترین دەنگەکانی بەدەست هێناوە، ئیتر بۆچی ئەو هەموو دوژمنایەتییەی دەکەن؟ حزبە کوردییەکان هاوشێوەی دوژمنەکانی کوردن کە ڕقیان لە کوردە و نایانەوێت سەر بەرز بکاتەوە، بۆ ئەم مەبەستە تەنیا ڕێگرییەك لە بەردەم جێبەجێکردنی ئەم ئەجێندایە مسعود بارزانی-یە، وەکو چۆن پێشتر دژایەتیی مەلا مستەفا بارزانی-یان دەکرد، باشە هیچ ئەندام و لایەنگرێکی ئیسلامییەکان پرسیویەتی حزبەکانیان چ بەرژەوەندییەکیان هەیە کە نەچن دەنگ بدەن، یان هەر هیچ نەبێت بوونیان هەبێت و نیساب تەواو بکەن و سەرۆك کۆمار هەڵبژێردرێت، باشە لە بری ئەوەی گفتوگۆ بکەین، بۆچی دژایەتی حکومەتی هەرێم و پارتی بکرێت. دوژمنەکانی کورد و کوردستان بەردەوام هێرشیان کردووەتە سەر مسعود بارزانی و خوازیار نین وەکو شیعە کوردیش مەرجەعییەتێکی گەورەی هەبێت و ڕۆڵی لە یەکگرتنی لایەنەکان و گەیشتن بە کەناری ئارامی بۆ ئەم نەتەوە مەزڵوومە هەبێت، بەداخەوە ئەو هێزە ئیقلیمییانە بەردەوام حزب و لایەنی سیاسیی کوردیان بۆ هێرشکردنە سەر ئەم مەرجەعییەتە بەکار هێناوە و، هەموو کاتێك ویستوویانە وەکو ئێستا کورد پارچە پارچە بێت، هەرچی ئەمریکا و هاوپەیمانەکان هەیە، ئەوەندە مەبەستیانە عێراق بپارێزن، ئەوەندە سەرقاڵی ئێمە نەبوون، ئەگەرچی لە دوای دۆزینەوەی نەوت و گازەوە هەرێمی کوردستان بووەتە خاوەن پێگەیەکی بەهێز و ئەو هێزانەی ڕۆژئاوا بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی گەورە کۆمپانیاکانیان، خوازیارن سەقامگیری لە کوردستان بەردەوام بێت، بەرژەوەندییەکانی گەورە کۆمپانیاکانی نەوت و گازی سرووشتی وەك DNO، گەنەل ئینەرجی، تاقا، غازپرۆم نەفت، مائەرێسك ئۆیڵتۆتاڵ و شیفرۆن بۆ ئاراستەکردنی سیاسەتی گەورە وڵاتان گرنگە، چاکسازییەکانی وەزارەتی پێشمەرگە و پاڵپشتی و هاوکارییەکانی ئەمریکا بۆ وەزارەتی پێشمەرگە جوانترین بەڵگەی ئەم ڕاستییەن، بەڵام من نایشارمەوە تا نەبینە دەوڵەت بارودۆخی کوردستان هەر وا دەمێنێتەوە.

**ڕاگەیاندنی دڵسۆزی کوردی لاوازە، ڕاستییەکان ناگەیەنێت، ئەوەندەی لە هەوڵی کۆکردنەوەی جەماوەرە، ئەوەندە لە هەوڵی نیشتمانپەروەری و ئینتیمای نەتەوەییدا نییە**

# دیمانەی تایبەت



جێراڵد فێرشتەین، جێگری سەرۆك و توێژەری باڵایە لە ئەنستیتوتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە بارەگاکەی لە «واشنتۆن دی سی»یە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، پێشتریش لە ساڵەکانی (٢٠١٠-٢٠١٣) باڵیۆزی ئەمریکا بووە لە وڵاتی یەمەن و ٤١ ساڵ خزمەتی لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا هەیە. هەروەها جێگری یاریدەدەری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بووە بۆ کاروبارەکانی ڕۆژهەڵاتی نزیك. گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسێکی لەگەڵدا تاوتوێ کرد کە پتر پەیوەست بوون بە هەلومەرجی ئێستای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە.

## جێراڵد فێرشتەین

جێگری سەرۆکی ئەنستیتوتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ گوڵان:

# ئیدارەی بایدن دەیەوێت لە ئاست کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ڕێگاچارەی دیپلۆماسی بگرێتەبەر

*** ئێوە پێشتر باڵیۆزی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بوون لە وڵاتی یەمەن و لە ئێستاشدا جێگری سەرۆکی یەکێك لە سەنتەرە دیار و بەرچاوەکانی بواری شرۆڤەکاری و توێژینەوەن لە بارەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە، چۆن لە دۆخی ئەم ناوچەیە دەڕوانن، بە تایبەتی لە بەر ڕۆشنایی ئەو پەرەسەندنانەی بەم دواییە ڕوویان دا لە پەیوەندی بە هەڵکشانی هێرشەکانی حوسییەکان بۆ سەر سعودیە؟**

- سەرەتا من دەمەوێت ئەوە بڵێم کاتێك لە کۆتایی ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپدا بڕیاری ئەوە درا حوسییەکان بخرێنە لیستی ڕێکخراوە تیرۆریستییەکانەوە، ئەوا بە تێڕوانینی من ئەمە بڕیارێك نەبوو کە بە باشی تاوتوێ کرابێت، چونکە دەرئەنجامێکی ئەوتۆی لێ نەکەوتەوە بە ئاراستەی چارەسەرکردنی دۆخەکە لەو وڵاتەدا. بەڵام کاتێك ئیدارەی جۆ بایدن دەست بە کار بوو، ئەوا ویستی هەوڵ و کۆششەکانی لە بواری دیپلۆماتی و برەودان بە دیالۆگ و گرتنەبەری ڕێچکەی دیپلۆماسی و ڕێگاچارەی ئاشتییانە بۆ یەکلاکردنەوە و کۆتاییهێنان و چارەسەرکردنی ئەم تەنگژە و قەیرانە بێت، لەم ڕووەوە پێیان وابوو بڕیاری دروست ئەوەیە کە بزووتنەوەی حوسییەکان لە لیستی تیرۆر دەربهێنن و ئەم بڕیارە و ئەم کارەشیان ئەنجام دا، ئومێد و ئامانجەکەش ئەوە بوو کە ئەمە کەشێك دەڕەخسێنێت و دەرفەتێك دروست دەکات بۆ ئەوەی بزووتنەوەی حوسییەکان بگەڕێنەوە بۆ سەر مێزی گفتوگۆ، ئێستاش ئاشکرایە کە ئەم بڕیارە سەرکەوتوو نەبوو و دەرئەنجامی خوازراوی لێ نەکەوتەوە، چونکە ئەوە ساڵێك بە سەر ئەو بڕیارەدا تێ دەپەڕێت، کەچی



بزووتنەوەی حوسییەکان پتر بارودۆخەکەیان بەرەو هەڵکشان بردووە، هەم لە ناوخۆی وڵاتەکەدا و هەم لە ئامانجگرتنی عەرەبستانی سعودیە و ئیماراتدا، لەم ڕوانگەیەوە پێم وایە پێویستە ئیدارەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە سەرۆکایەتیی جۆ بایدن بە بڕیارەکەی خۆیدا بچێتەوە و دەرك بەو ڕاستییە بکات کە هێشتا حوسییەکان نەگەیشتوونەتە ئەو قەناعەت و دەرئەنجامەی کە دەبێت پەنا بۆ گفتوگۆ و دیالۆگ ببەن، چونکە هێشتا کەسانێکی زۆر هەن لە نێو بزووتنەوەی حوسییەکاندا کە پێیان وایە دەتوانن سەرکەوتن و باڵادەستیی سەربازی بە دەست بهێنن لە یەمەندا، واتە باوەڕیان وایە کە بە بەئامانجگرتنی سعودیە و یەمەن دەتوانن سعودیە و هاوپەیمانێتییەکەی ناچار بکەن کە دەست لە پشتیوانیی هێزەکانی دژ بە حوسییەکان لە یەمەندا هەڵبگرن، ئەمەش دەرفەتیان بۆ دەڕەخسێنێت بۆ ئەوەی لە ڕووی سەربازییەوە بارودۆخەکە بە ئاراستەی بەرژەوەندیی خۆیاندا ببەن. لە بەر ئەوە پێم وایە لەم ڕووەوە ئەولەوییەتەکە ئەوەیە کە دەبێت بە ڕوونی و ڕاشکاوی ئەوە بە حوسییەکان بوترێت، یان بۆیان بسەلمێندرێت کە ئەم ڕێچکەیەی ئەوان گرتوویانەتەبەر سەرکەوتن بەدەست ناهێنێت و، ئامانج و ئەنجامی خوازراوی لێ ناکەوێتەوە بۆ ئەوان و باشترە کە زیاتر کار لەگەڵ نەتەوە یەکگرتووەکان و نێردراوی تایبەتیی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ یەمەن بکەن.

*** وەك گەورە دیپلۆماتکارێکی پێشووی ویلایەتە یەکگرتووەکان و ئێستاش وەك توێژەرێکی کاروبارەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئایا ڕواڵەت و ڕەهەندەکانی سیاسەتێکی دەرەکیی هاوسەنگ و واقیعبینانە چین کە پێویستە ئیدارەی سەرۆك بایدن بیگرێتەبەر لە ئاست قەیران و تەحەددییەکانی ئەو ناوچەیەدا؟**

- سەرەتا دەبێت ئاماژە بەوە بکەین کە لە کاتی گرتنەدەستی دەسەڵاتدا لە لایەن ئیدارەی سەرۆك بایدنەوە، جەخت لەسەر پرسێك، یان پرەنسیپێکی بنەڕەتی کرایەوە لە پەیوەندی بە سیاسەتی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە ئاست ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئەو پرەنسیپەش چڕ بووەوە لە کەمکردنەوەی دەستتێوەردان و تێوەگلانە سەربازییەکان و برەودان بە ڕێچکە و ڕێگاچارە دیپلۆماسییەکان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان و برەودان بە سەقامگیری و ئاسایشی ناوچەکە، لە ماوەی یەك ساڵی ڕابردووشدا ئەم ئیدارەیە هەوڵی داوە ئەم ڕێچکەیە بگرێتەبەر. دوو نموونەی زەق و بەرچاویش لەم ڕووەوە بریتین لە دەستپێکردنەوەی هەوڵ و گفتوگۆکان بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتن، یان گەڕانەوە بۆ ڕێککەوتنی پێشووی ئەتۆمی لەگەڵ ئێراندا، دووەمیان بریتییە لە پشتیوانیکردنی هەوڵەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ یەکلاکردنەوەی شەڕ و قەیرانی یەمەن. بەڵام ئەو دەرئەنجامەی تا ئێستا بە دەست هاتوون، دەرئەنجامێکی تێکەڵن. چونکە لێرەدا کێشەکە ئەوەیە کە وڵاتانی

دۆست و هاوپەیمانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ناوچەکەدا لایان ڕوون نییە، یان بەرچاو ڕوون نین لەوەی پابەندبوونەکانی ئەمریکا چین و ستراتیژیەتەکەی بە دیاریکراوی چییە، لە دەرئەنجامدا وڵاتانی ناوچەکە، بە تایبەتی وڵاتانی ناوچەی کەنداو ویستوویانە لە هێز و وڵاتانی دیکە نزیك ببنەوە، بۆ نموونە چین و ڕووسیا، بۆ ئەوەی بتوانن بە چەشنێك پەیوەندی و هاوبەشییەکانیان لەگەڵدا دابڕێژنەوە کە لە کۆتایی و لە دەرئەنجامدا ببنە هۆی بەدیهێنانی بەرژەوەندییە ئابووری و سیاسییەکانیان و پاراستنی سەقامگیری و ئاسایشیان. من لێرەدا نامەوێت بڵێم کە کێشە و گرفت لە گرتنەبەری ڕێگاچارەی دیپلۆماسیدا هەیە کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە سەرۆکایەتیی جۆ بایدن دەیەوێت پیادەی بکات و بیگرێتەبەر لە ئاست ئەم ناوچەیەدا، بەڵکو دەبێت ئیدارەی بایدن ئەم کارە بە چەشنێك بکات کە ببێتە هۆی دڵنیاکردنەوەی دۆست و هاوبەش و هاوپەیمانەکانی لە ناوچەکەدا، واتە دەبێت ئەم وڵاتانە لەوە دڵنیا بکرێنەوە کە هەوڵە دیپلۆماتییەکانی ئەمریکا نابێتە هەڕەشە و مەترسی لەسەر بەرژەوەندییەکانی ئەوان و پابەندبوونەکانی ئەمریکاش لە ئاست ئەواندا جێگیرە و بەردەوام و درێژخایەنە و ئەمریکاش ئامادەیە لە نزیکەوە کاریان لەگەڵدا بکات بۆ چارەسەرکردن و بایەخدان بە نیگەرانییە ڕەواکانیان.

*** لە بەر ڕۆشنایی ئەو پەرەسەندن و ڕووداوانەی لەم ناوچەیەدا لە ئارادان و ڕوودەدەن و بە لەبەرچاوگرتنی دەستتێوەردانە دەرەکییەکان لە وڵاتانی ئەم ناوچەیەدا، ئایا پێت وایە ئەم ناوچەیە بە چ ئاقارێکدا دەڕوات و پێشبینیتان بۆ ئایندەی ئەم ناوچەیە چییە؟**

- لە ڕاستیدا لەم ساتەوەختەدا ئایندەی ئەم ناوچەیە نارۆوونە، لەگەڵ ئەوەشدا چەند تەوژم و پێشهاتێك هەن کە دەکرێت کاریگەر بن لەسەر پەرەسەندنەکانی داهاتوو، یەکێکیان بریتییە لە دەرئەنجامی گفتوگۆکانی تایبەت بە پرسی پرۆگرامە ئەتۆمییەکەی ئێران، لێرەشدا پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئەگەر گفتوگۆکان بە گەیشتن بە ڕێککەوتن کۆتاییان هات، ئیدی ئێران ئامادە دەبێت بۆ ئەوەی مامەڵەیەکی بنیاتنەرانە بکات لەگەڵ بارودۆخی ناوچەکەدا و هاوکار بێت بۆ بەدیهێنانی سەقامگیری لە ناوچەکەدا، نەك تەنیا لە یەمەن، بەڵکو لە سووریاش، ئایا ئێران ئامادە دەبێت ڕۆڵی ئەرێنی ببینێت بۆ کۆتاییهێنان بەم تەنگژانە، هەروەها ئایا گفتوگۆی نێوان ئێران و سعودیە، لە هەمان کاتدا ئێران و ئیمارات دەبنە دەرفەتێك بۆ خاوکردنەوەی گرژییەکان و برەودان بە دیالۆگ، ئەمانە پرسی جددین، ئەمانە ئەگەرن، مەبەستم ئەوەیە بۆی هەیە ئەم هەوڵانە دەرئەنجامی ئەرێنییان لێ بکەوێتەوە، لە هەمان کاتدا ئەگەری ئەوەش هەیە هیچ دەرئەنجامێکی خوازراو و بنیاتنەریان لێ نەکەوێتەوە. مەسەلەیەکی دیکەی پەیوەست بە درێژەکێشانی هاوبەشێتی و پەیوەندی نوێی ئیسرائیل لەگەڵ وڵاتانی عەرەبیدا و ئەگەری ئەوەی دووبارە تێهەڵچوونەوەی ئیدارەی ویلایەتە یەکگرتووەکان بۆ سەرلەنوێ دەستپێکردنەوەی گفتوگۆکانی ئاشتی لە نێوان ئیسرائیل و فەلەستیندا، کە پێم وایە ئەمە کاریگەریی باش و خوازراوی لێ دەکەوێتەوە ئەگەر ڕوو بدات. مەسەلەیەکی دیکەی جددی پەیوەندیدارە بەوەی ئایا وڵاتانی ناوچەکە بە چەشنێك کار دەکەن کە ببنە هۆی لاوازکردنی زەمینەی سەرهەڵدان و تەشەنەکردنی توندڕەوی و توندوتیژی؟ چونکە ئەگەر کار بکرێت بۆ لاوازکردنی ڕێکخراوە تیرۆریستییەکانی وەك داعش و ئەلقاعیدە، ئەمە لە کۆتاییدا دەرئەنجام و کاریگەریی ئەرێنی لێ دەکەوێتەوە لەسەر ئارامی و ئاسایش و سەقامگیریی ناوچەکە. بە گشتی هەندێ تەحەددی و دژواری هەن کە یەخەی ناوچەکە و وڵاتانەی ئەو ناوچەیەیان گرتووە کە دەبێت ببنە هۆی ئەوەی ئەم وڵاتانە هاوکاری و هەماهەنگیی زیاتر لەگەڵ یەکتردا بکەن، کێشەکانی پەیوەست بە ژینگەش، ئەمە نیگەرانی و هەڕەشە و مەترسییەکی هاوبەشە کە دەبێت سەرجەم وڵاتان هاوکاریی یەکتر بکەن. کە ئەگەر ئەم وڵاتانە لە پرسێکەوە دەست بە هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ یەکتردا بکەن، ئەوا ئەمە هەنگاوێك دەبێت بە ئاراستەی ڕاست و دروستدا.


**هێشتا حوسییەکان نەگەیشتوونەتە ئەو قەناعەت و دەرئەنجامەی کە دەبێت پەنا بۆ گفتوگۆ و دیالۆگ ببەن، چونکە هێشتا کەسانێکی زۆر هەن لە نێو بزووتنەوەی حوسییەکاندا کە پێیان وایە دەتوانن سەرکەوتن و باڵادەستیی سەربازی بە دەست بهێنن لە یەمەندا**

**ئەگەر کار بکرێت بۆ لاوازکردنی ڕێکخراوە تیرۆریستییەکانی وەک داعش و ئەلقاعیدە، ئەمە لە کۆتاییدا دەرئەنجام و کاریگەریی ئەرێنی لێ دەکەوێتەوە لەسەر ئارامی و ئاسایش و سەقامگیریی ناوچەکە**



# لووتکەی جیهانیی حکومەتەکان و بەشداری کارای مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان





**ساسان عەونی**

وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار

**بۆ گوڵانی نووسیوە**

لە ڕۆژانی ٢٩ و ٣٠ی ئاداری ٢٠٢٢، لە شاری دوبەی، بە سەرپەرشتیی بەڕێز (شێخ محەممەد بن ڕاشد ئال مەکتوم) جێگری سەرۆکی دەوڵەتی ئیمارات و حاکمی دوبەی، لووتکەی جیهانیی حکومەتەکان ٢٠٢٢، بە بەشداری سەرۆک و سەرکردەی وڵاتان و سەرۆکی حکومەت و وەزیر و سەرۆکی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و شارەزا و پسپۆڕانی بواری کاری حکومەتی و ئایندەناسان، بەڕێوەچوو.

لووتکەی جیهانیی حکومەتەکان ٢٠٢٢ لە دوبەی، کە یەکەم کۆبوونەوەی فراوان بوو لەسەر ئاستی جیهان لە دوای پەتای کۆڕۆنا، ڕووداوێکی سەرەکی جیهانییە بۆ پێشخستنی نموونەی حکومەتداری لە ئاییندەدا. ئەم لووتکەیە، بەشدارییەکی فراوانی زیاتر لە ٤٠٠٠

**ڕێزدار مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە ڕۆژی ٢٨ی ئاداری ٢٠٢٢دا لە دانیشتنێکی ئەو کۆڕبەندە لە ژێر ناوی (پێشخستنەکانی وزە، هەناردەکردن، ئاییندەی هەرێمی کوردستان) وتارێکی گرنگی پێشکەش کرد و تیاییدا ئامادەیی هەرێمی کوردستانی نیشاندا بۆ هاوکاریکردن بۆ چارەسەری لەهەر قەیرانێک کە ڕووبەڕووی کەرتی وزەی جیهانی دەبێتەوە**

**لەو لووتکەیەدا کە زیاتر لە ١١٠ دانیشتنی سەرەکی و دیالۆگ و ١٥ کۆڕبەندی جیهانیی ئەنجامدران، تیایاندا ئاڵنگارییە جیهانییەکانی سەردەمی ئێستا و ئەوانەی لە داهاتوودا ئەگەری ڕوودانیان هەیە، گفتوگۆیان لەبارەوە کرا**

**بابەتەکانی کەشوهەوا، بازرگانیی نێودەوڵەتی، ئاییندەی شار، هاتوچۆ، هایدرۆجین وەک سەرچاوەی وزەی جێگرەوە، سەرکردەکانی نەوەی داهاتوو بۆ حکومەتەکان، گەشەپێدانی بەردەوام و ئابووری و دەیان بابەتی دیکە، تەوەرەی سەرەکی و ناونیشانی ئەو دانیشتنانە بوون کە گفتوگۆیان تێدا دەکرا**

کەسایەتی لە ١٩٠ دەوڵەوەتی جیاوازەوە بەخۆیەوە بینی و بژاردەی بەرپرسانی حکومەتەکان و زیاتر لە ٣٠ ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی تیایدا بەشداربوون و گفتوگۆ و بیروڕایان بە مەبەستی دروستکردنی ئاییندەیەکی باشتر و هاوکاریکردن گۆڕییەوە.

لەو لووتکەیەدا کە زیاتر لە ١١٠ دانیشتنی سەرەکی و دیالۆگ و ١٥ کۆڕبەندی جیهانیی ئەنجامدران، تیایاندا ئاڵنگارییە جیهانییەکانی سەردەمی ئێستا و ئەوانەی لە داهاتوودا ئەگەری ڕوودانیان هەیە، گفتوگۆیان لەبارەوە کرا. هەروەها شێوازەکانی بەرزکردنەوەی ئاستی ئەدای حکومەت و بەهێزکردنی توانای حکومەتەکان بۆ ئامادەیی و گونجان لەگەڵ گۆڕانکارییە خێراکان و دۆزینەوەی شیاوترین چارەسەرییەکان کە ژیانی کۆمەڵگەکان باشتر بکات، باسیان لەبارەوە کرا. بە هەمان شێوە گرنگیی ڕوانین بۆ ئاسۆی پێشکەوتنەکانی ئاییندە لە بوارە جیاجیاکانی زانست و تەکنۆلۆژیا و پزیشکیی و کۆمەڵایەتیی و کارکردن لەو بوارانە بە جۆرێک لە خزمەتی کۆمەڵگەکان و ئایندەیەکی بەردەوام بێت بۆ نەوەکانی داهاتوو، جەختی لێ کرایەوە. جگە لەو بابەتانەی ئاماژەیان پێدرا، بابەتەکانی کەشوهەوا، بازرگانیی نێودەوڵەتی، ئاییندەی شار، هاتوچۆ، هایدرۆجین وەک سەرچاوەی وزەی جێگرەوە، سەرکردەکانی نەوەی داهاتوو بۆ حکومەتەکان، گەشەپێدانی بەردەوام و ئابووری و دەیان بابەتی دیکە، تەوەرەی سەرەکی و ناونیشانی ئەو دانیشتنانە بوون کە گفتوگۆیان تێدا دەکرا.

ڕێزدار مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە دانیشتن و دیالۆگ و کۆڕبەندەکانی لوتکەی جیهانی حکومەتەکان٢٠٢٢ لە دوبەی، بەشدارییەکی کارای کرد و یەکێک بوو لەو سەرۆک حکومەتانەی کە بایەخی زۆر بە بەشداریکردنیان درابوو. سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەو ١١٠ دانیشتنە جیاوازەی ئەنجامدران، لە سێیەمین دانیشتنی سەرەکی ئەو لووتکەیە، لە ڕۆژی یەکەمیدا لە ٢٩ی ئاداری ٢٠٢٢، لەژێر ناونیشانی (ئایا جیهان ئامادەیە بۆ قۆناغی دوای نەوت)، بەڕێز سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ میر (عەبدولعەزیز بن سەلمان ئال سعود) وەزیری وزەی شانشینی عەرەبی سعودیە و (سوهێل بن محەممەد ئەلمەزروعی) وەزیری وزە و ژێرخان لە دەوڵەتی ئیماراتی عەرەبی، یەکێک لە دانیشتنە گرنگەکانی ئەو لووتکەیەیان ئەنجامدا. لەو دانیشتنەدا کە ئامادەبوویەکی زۆری تێدا بەشداربوون، تیایدا جگە لە شیکردنەوەی ڕوانینەکان بۆ مەترسییەکانی ئاییندە لە ڕوانگەی جیاوازەوە و سەرنج و ڕا لەسەر کەرتی وزە بەشێوەیەکی گشتی، باس لەو هێرشانەش کرا کە لەلایەن دەوڵەت و تاقمە جیاجیاکانەوە دەکرێنە سەر دەوڵەت و هەرێمەکانی دیکەوە. لێرەدا سەرۆکی حکومەت ئەو پاساوانەی ڕەتکردەوە کە کرانە بیانووی مووشەک بارانکردنی هەولێر لەلایەن ئیرانەوە، هەروەها بەڕاشکاویش باسی لە یاسایی و دەستووریبوونی ئەو گرێبەستانە کرد کە حکومەتی هەرێمی کوردستان بەپێی یاساکانی پەرلەمانی کوردستان لەگەڵ کۆمپانیاکانی بواری وزەی ئەنجام داوە و دڵنیاییشی بە هەموو لایەک دا کە بەپێی یاسا و مافە دەستوورییەکانی، حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ هاوکارە نێودەوڵەتییەکانی بەردەوام دەبێت.

هەر لە پەراوێزی دەستپێکی ئەو لووتکەیە، لە (کۆڕبەندی وزەی جیهانیی)دا کە لەلایەن (ئەنجوومەنی ئەتلانتیک)ەوە ڕێکخرابوو، ڕێزدار مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە ڕۆژی ٢٨ی ئاداری ٢٠٢٢دا لە دانیشتنێکی ئەو کۆڕبەندە لە ژێر ناوی (پێشخستنەکانی وزە، هەناردەکردن، ئاییندەی هەرێمی کوردستان) وتارێکی گرنگی پێشکەش کرد و تیاییدا ئامادەیی هەرێمی کوردستانی نیشاندا بۆ هاوکاریکردن بۆ چارەسەری لەهەر قەیرانێک کە ڕووبەڕووی کەرتی وزەی جیهانی دەبێتەوە، هەروەها باسی لەو گرفت و فشارە سیاسییانە کرد کە دەویسترێت بە ناوی دادگای فیدراڵییەوە بخرێنە سەر هەرێمی کوردستان و ڕاستیی و ڕەوایی و یاساییبوونی ئەو گرێبەستانەی خستەڕوو کە بەپێی یاساکانی پەرلەمانی کوردستان و لە چوارچێوەی دەستووری عێراقدا داڕێژراون. دواتریش لەلایەن چوار لە پسپۆڕ و شارەزا نێودەوڵەتییەکانەوە گفتوگۆ دەربارەی ئەو هێڵە سەرەکییانە

کران کە سەرۆکی حکومەت لە وتارەکەیدا تیشکی خستە سەر و لەلایەن دەزگا میدیاییە جیهانییەکانەوە بایەخێکی گرنگی پێدرا.

جگە لەو بەشدارییە سەرەکیی و گرنگەی ئەو دوو رۆژە لە پێشکەشکردنی وتار و دانیشتن و کۆربەندەکان، چەندین دیدار و کۆبوونەوەی دیکەی گرنگ لەگەڵ بەرێز سەرۆکی حکومەتدا ئەنجامدران، گرنگترینیان کۆبوونەوە بوو لەگەڵ (سوهەیل ئەلمەزروعی) وەزیری وزە و ژێرخانی دەوڵەتی ئیمارات، کۆبوونەوە لەگەڵ (محەممەد بارکیندۆ) سکرتێری گشتیی رێکخراوی وڵاتانی هەناردەکاری نەوت (ئۆپێک)، کۆبوونەوە لەگەڵ (محەممەد ئەلجەدعان) وەزیری دارایی شانشینی عەرەبی سعودیە، کۆبوونەوە لەگەڵ (عەبدوڵلا بن توق) وەزیری ئابووریی دەوڵەتی ئیمارات.

هەروەها کۆبوونەوەیەکی گرنگ لەگەڵ زیاتر لە ٥٠ خاوەنکار و کۆمپانیای گەورە و وەبەرهێنەر بۆ باسکردنی دەرفەت و ئاسانکارییەکانی کە لە هەرێمی کوردستان هەن سەبارەت بە لایەنە جیاوازەکانی وەبەرهێنان.

کارێکی دیکەی گرنگی بەرێز سەرۆکی حکومەت لەو لوتکەیەدا، واژووکردنی یادداشتێکی لێکتێگەیشتن بوو لە نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و دەوڵەتی ئیماراتی عەرەبی، کە لەلایەن بەرێز سەرۆکی حکومەت و (محەممەد قرقاوی) وەزیری کاروباری ئەنجومەنی وەزیرانی دەوڵەتی ئیمارات واژوو کرا، سەبارەت بە ئاڵوگۆڕی زانیاری و شارەزایی لە بواری نوێکردنەوەی کاروباری حکومەتدا، کە لەو چوارچێوەیەدا دەوڵەتی ئیمارات هاوکاری حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکات لە پێشخستنی کاروبارەکانی حکومەتی هەرێم و بەرەودان بە توانا مرۆیی و دام و دەزگاکانی حکومەت و سوودوەرگرتن لە ئەزموونی سەرکەوتووی دەوڵەتی ئیمارات لە بواری حکومەتی ئەلیکترۆنی و دیجیتاڵکردنی خزمەتگوزارییەکاندا.

ئەوەی جێی باسە، کە سەردانی بەرێز سەرۆکی حکومەت لەلایەن کاربەدەستانی دەوڵەتی ئیماراتەوە بە گرنگییەوە بایەخی پێدرا و بە جیا لە ماوەی دوو رۆژدا لەلایەن (شێخ محەممەد بن راشد ئال مەکتوم) جێگری سەرۆکی دەوڵەتی ئیمارات و حاکمی دوبەی، (شێخ سوڵتان بن محەممەد ئەلقاسمی) حاکمی مینشینی شاریقە، (شێخ سعود بن سەقر ئەلقاسمی) حاکمی مینشینی رەئس ئەلخەیمە پێشوازی کرا و ئەو سەردانەی سەرۆکی حکومەت رووماڵێکی گرنگی رۆژنامەوانی و میدیایی دەوڵەتی ئیماراتی پێدرا.




**کۆبوونەوەیەکی گرنگ لەگەڵ زیاتر لە ٥٠ خاوەنکار و کۆمپانیای گەورە و وەبەرهێنەر بۆ باسکردنی دەرفەت و ئاسانکارییەکانی کە لە هەرێمی کوردستان هەن سەبارەت بە لایەنە جیاوازەکانی وەبەرهێنان**

**واژووکردنی یادداشتێکی لێکتێگەیشتن بوو لە نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و دەوڵەتی ئیماراتی عەرەبی، کە لەلایەن بەرێز سەرۆکی حکومەت و (محەممەد قرقاوی) وەزیری کاروباری ئەنجومەنی وەزیرانی دەوڵەتی ئیمارات واژوو کرا**



بەهمەن کاکە عەبدوڵڵا
ئەندامی پەرلەمانی کوردستان بۆ گوڵان:

# پارەی خاڵە سنوورییەکان و داهاتی ناوخۆی سلێمانی هیچ شەفافییەتێکی تێدا نییە

**دژایەتیکردنی هەرێمی کوردستان بۆ بێ ئیرادەکردنی خەڵکی کوردستانە، لە دەرەوەی هەرێم و لە ناوخۆی هەرێمیش ئەم شێوازەی هێرشکردن و دیارنەمانی پارەی داهاتی ناوخۆی سلێمانی بەڕێوە دەچێت، بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسە، گۆڤاری گوڵان دیدارێکی لەگەڵ پەرلەمانتار (بەهمەن کاکە عەبدوڵڵا) ئەندامی پەرلەمانی کوردستان سازدا و بەمجۆرە لەسەر کۆکردنەوەی داهات وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**

*** هەرێمی کوردستان بەردەوام ڕەچاوی دراوسێتی و ڕێزگرتن لە سەروەرییەکانی دراوسێتی کردووە، پرسیار لێرەدا ئەوەیە بۆ بەردەوام ئەم میللەتە دەبێت بکەوێتە بەردەم هەڕەشە و کاری دوژمنکاری؟**

- ئەگەر چاوێك بە مێژووی کورد و کوردستاندا بخشێنینەوە، دەبینین دەیان زوڵم و چەوساندنەوە و کۆمەڵکوژی و کاری دوژمنکاری بە شێوازی جۆراوجۆر دەر هەق بە میللەتی کورد کراوە، ئامانجیش تەنیا بۆ بێ ئیرادەکردنی ئەم میللەتە بووە، هەڵمەتی ئەنفال و کیمیابارانکردنی هەڵەبجە و کۆمەڵکوژیی ئێزدی و کۆڕەو و بڕینی بودجە و مووچەی خەڵکی کوردستان، هەمووی زنجیرە کارێکی دوژمنکارییانە بووە لە مێژووی نزیکی ئەم میللەتەدا، بەداخیشەوە بەردەوام سوود لە خیانەتکاری و کەسانێك وەرگیراوە کە کورد زمان و ئەڵقە لە گوێی دوژمنان بوون و پێش تانك و جبەخانەی دوژمن کەوتوون، وەك ئەوەی لە ١٦ی ئۆکتۆبەردا ڕووی دا، یان لە ناوخۆدا بە ناوی ئۆپۆزسیۆن، یان بە گەندەڵی و دزینی داهاتی ناوخۆ هاندەر و یارمەتیدەری هێزی دەرەکی بوون. ئەوەتا مێژوو خۆی دووبارە دەکاتەوە و ئەمجارە بە مووشەکی بالیستیکی هێرش دەکرێتە سەر هەولێر، تەنیا لەبەر ئەوەی ئامادە نییە دەستبەرداری پێگەی بەهێزی خۆی ببێت و گوێڕایەڵی ئەجێندا و مەرامەکانی دوژمن ببێت، ئەوان چاویان بەو سەقامگیری و پێشکەوتنە هەڵنایەت کە لەسەر دەستی سەرۆك بارزانی کورد لە مێژووی خۆیدا بەدەستی هێناوە، بەڵام دڵنیام تا کورد کەسانی نیشتمانپەروەر و دڵسۆزی هەبێت، هەرگیز ناحەزان ناتوانن مەرامی پیسی خۆیان بەدی بهێنن و شکۆی ئەم میللەتە بشکێنن. بۆ ئەم مەرام و ئەجێندا پیسەشیان و بۆ قڕکردنی گەلی کورد، بەردەوام پاساوی نابەجێ و دوور لە ڕاستی دەهێننەوە، کە هاوکات کەسان و گرووپ و هێزێك لە نێوخۆی کوردستاندا هەبوون و کارئاسانی بۆ کردوون و پشێوی و دووبەرەکی و ئاژاوەیان ناوەتەوە، لەم دواییەشدا بە دزینی پارە و داهاتی سلێمانی دەیانەوێت بارودۆخەکە زیاتر بشێوێنن و، وای نیشان بدەن کە حکومەتی بەهێز هەرگیز دروست نابێت و ڕای گشتی چەواشە بکەن، وەکو ئەو پەرلەمانتارانەی کە بە ڕۆژی ڕووناك دەزانن پارەی سلێمانی بۆ دیار نییە کەچی پەلاماری پارتی دەدەن.

*** باسی هێرشە مووشەکییە بالیستیکییەکانت بۆ سەر هەولێر کرد، ئایا هۆکارەکانی پشت ئەم هێرشە چی بوون؟**

- کاتێك عێراق هەڵەبجەی کیمیاباران کرد بە پاساوی بوونی پاسدارانی ئێران بوو، هەر بە پاساوی ڕیفراندۆمیش بە پاڵپشتیی خیانەتکارانی ١٦ی ئۆکتۆبەر کەرکووك و نیوەی خاکی کوردستانیان داگیر کردەوە، مووشەکبارانی هەولێریش وەکو پایتەختی کوردستان و هەرێمێکی فیدراڵیی سەر بە عێراق، جگە لەوەی پێشێلکاری دەستووری و سەروەریی عێراق بوو، کارێکی نامرۆڤانە و دوور لە عورفی نێودەوڵەتی بوو. مافی دراوسێتی و مێژووی نزیکی نێوان ئێران و کورد هەرگیز ئەوە قبووڵ ناکات کەسانێکی قین لە دڵ تەنانەت نەك ڕای گشتی بشێوێنن، بەڵکو دەزگا هەواڵگری و سیخوڕییەکانی خۆشیان لەکەدار بکەن و، بەو پاساوە نابەجێیە مووشەك بگرنە خانووی سەرمایەدارێکی سڤیلی کورد، خۆ ئەگەر پەیامێکیان لە دژی ئێمە هەبێت، ئەوا دەتوانێت بە زۆر ڕێگەی دیکەی دیپلۆماسی ئەم پەیامە بگەیەنن، لەلایەکی

**بەردەوام سوود لە خیانەتکاری و کەسانێك وەرگیراوە کە کورد زمان و ئەڵقە لە گوێی دوژمنان بوون و پێش تانك و جبەخانەی دوژمن کەوتوون**

**دڵنیام تا کورد کەسانی نیشتمانپەروەر و دڵسۆزی هەبێت، هەرگیز ناحەزان ناتوانن مەرامی پیسی خۆیان بەدی بهێنن و شکۆی ئەم میللەتە بشکێنن**

**کاتێك عێراق هەڵەبجەی کیمیاباران کرد بە پاساوی بوونی پاسدارانی ئێران بوو، هەر بە پاساوی ڕیفراندۆمیش بە پاڵپشتیی خیانەتکارانی ١٦ی ئۆکتۆبەر کەرکووك و نیوەی خاکی کوردستانیان داگیر کردەوە**

دیکەوە لێدوانەکانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و ئەمریکا و هاوپەیمانەکان و وڵاتانی کەنداو و هاتنی سەرۆك وەزیرانی عێراق و سەرۆکی ئەنجومەنی ئاسایش و هەر دوو جێگری سەرۆکی پەرلەمان و کەسایەتییەکانی دیکە و هەموو ئەو دەوڵەت و ناوەندە گەورەکانی جیهان نیشانەیەکی روونە، بەوەی ئەمرۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هەرێمی کوردستان دەپارێزێت و رێز لە پێگە و حکومەت و خەڵکەکەی دەگرێت. هەموو ئەو کەسایەتی و لایەنە سیاسییانەی کە پێش دوژمن دەکەون و هەولێر تۆمەتبار دەکەن، هەر زوو درۆ و چەواشەکارییەکانیان ئاشکرا دەبێت.

**ئەمرۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هەرێمی کوردستان دەپارێزێت و رێز لە پێگە و حکومەت و خەڵکەکەی دەگرێت**

**هەموو ئەو کەسایەتی و لایەنە سیاسییانەی کە پێش دوژمن دەکەون و هەولێر تۆمەتبار دەکەن، هەر زوو درۆ و چەواشەکارییەکانیان ئاشکرا دەبێت**

*** دیارە بەدبەختی و نەبوونی شانسی کوردە هەموو جارێك کە هەرێمی کوردستان پێگەی بەهێز بووە و شۆڕش و راپەرینی کردووە، دوژمنەکانی کوردستان هاتوون و بە هێزێکی ناوخۆیی و کەسانێکی کورد زمان لێیان داوە، ئایا لە ئێستادا هیچ مەترسییەك هەیە بۆ نانەوەی پشێوی و تێکدانی ناسەقامگیریی ناوخۆ لەلایەن ئەو هێزانەوە؟**

- بەردەوام خیانەتکار و جاش و خۆفرۆش بەرامبەر ئەم میللەتە لە کەمیندا بوون دژ بە هەموو ئەو سەرکردە نەتەوەیی و نیشتمانییانەی کە کاریان بۆ سەربەخۆیی و ئازادی و سەرفرازی و خۆشگوزەرانیی گەلەکەیان کردووە، هەرجارە و بە بیانوو و پاساوی نابەجێ و بە شێواز و ناوی جیاجیا، لە دەرەوە و لە ناوخۆدا کاریان بۆ تێکدانی بار و بژێویی ژیانی خەڵك و برینی بودجە و مووچەی خەڵك کردووە، هەمیشەش کاریان درۆ و بوختان و چەواشەکاری بووە، بۆ ئەوەی دواتر سواری شەپۆلی نارەزایەتی و بێزاریی هاووڵاتیان ببن، هەر ئەمانەشن لە شۆڕش و راپەرینەکاندا خیانەتیان کردووە و لە ئەنفالدا پێشی سوپای عێراق دەکەوتن و دواتریش پێشی حەشدی شەعبی کەوتن دژ بە پێشمەرگە، لە ناوخۆدا جاشە ئەڵقە لە گوێیەکانی ئێمە پێش دوژمن باسیان لە بوونی موساد دەکرد، کەسانێك هەن لەسەر شاشەی تیڤییەکان کە جلکی کوردییان لەبەردایە و ئیدعای موسڵمانێتی دەکەن، بەڵام لە راستیدا بازرگانی بە ئایینی پیرۆزی ئیسلامەوە دەکەن و لە قسەکانیاندا ژەهر دەبارێت، هەر ئەمانەش بوون هانی سەرکردە شیعەکانیان دەدا بودجە و مووچەی خەڵکی کوردستان ببڕن، سەرکردە شیعەکان دەیانگوت پێمان سەیرە پەرلەمانتاری کورد داوای برینی مووچە و بودجەی کوردستانیان دەکرد، لێرەش لەسەر شاشەی تیڤییەکان دەیانگوت بۆچی مووچەی خەڵکی پاشەکەوت دەکرێت، ئەمانە بە ئاشکرا ئیدعای پاشکەوتەیی بۆ وڵاتانی دیکە دەکەن و دژی هەموو یەکدەنگی و یەکگرتوویەکی هێزە سیاسییەکانن. ئەمانە سوودمەندن و پارە و بودجەیان دەدرێتێ لە وڵاتانی دراوسێوە. موقتەدا سەدر دەڵێت هەولێر لەژێر مووشەکباران و برسێتیکردندایە، ئەمە لە گەورەترین حزبی عێراقی و کوتلەی پەرلەمانی دەرچووە، کەچی کەناڵە بەکرێگیراوەکانی ئێرە هەر کەسەو بە ئاوازێك دژی کوردستان قسە دەکات و، یەکێك دەڵێت بەغدا مافی خۆیەتی پارە و بودجەی هەرێم ببرێت و یەکێکی دیکە دەڵێت بۆ نەوتمان فرۆشت، هەمووشی بۆ یەك ئامانجە کە خەڵکانێك لە دەوروی خۆیان کۆ بکەنەوەو ئەوان بە پەرلەمانتاریان لە بەغدا زیاتر سوودمەند بن و لە کوردستانیش و وەکو حزبی سیاسی لە کۆکردنەوەی داهات و تاڵان و دزی بەردەوام بن. خۆشبەختانە زۆر لەو خۆفرۆشانە ئەمجارە دەنگیان نەهێنایەوە، بەڵام هەندێکیشی چووە پەرلەمان، دەبێت یاسایەك لە کوردستان هەبێت بۆ لێپرسینەوە لە خیانەتکارەکان، ئەوانەی دژی هەرێمی کوردستان لە بەغدا قسەیان دەکرد، یەك رۆژ باسی قەرەبووکردنەوەی هەڵەبجە و زیانلێکەوتووانی کوردستانیان نەکرد، باسی شایستەی جووتیاران و بودجە و مووچەی کوردستانیان نەکرد و جورئەتی ئەوەیان تێدا نییە باسی داهاتی عێراق بکەن.

**بەردەوام خیانەتکار و جاش و خۆفرۆش بەرامبەر ئەم میللەتە لە کەمیندا بوون دژ بە هەموو ئەو سەرکردە نەتەوەیی و نیشتمانییانەی کە کاریان بۆ سەربەخۆیی و ئازادی و سەرفرازی و خۆشگوزەرانیی گەلەکەیان کردووە**

*** لە ئێستادا زۆر باس لە داهاتی سلێمانی و هەڵەبجە و گەرمیان و راپەرین دەکرێت، ئایا بۆچی پارە لە بانکەکانی سلێمانی نییە؟ ئایا حکومەتی هەرێمی کوردستان نایبنێرێت، یان داهاتی ناوخۆ بۆ حکومەت ناگەڕێتەوە؟**

- نەك لە سلێمانی داهاتی ناوخۆ وەکو پێویست ناگەڕێتەوە بۆ حکومەت، بەڵکو لەوەش زیاتر ئەو پارانەی لە بانکەکاندا هەیە دەیبەن و نامێنێت، بە داتاو ئامار هەموو ئەو ژمارانەی داهاتی ناوخۆی خاڵە سنوورییەکان

**نەك لە سلێمانی داهاتی ناوخۆ وەکو پێویست ناگەڕێتەوە بۆ حکومەت، بەڵکو لەوەش زیاتر ئەو پارانەی لە بانکەکاندا هەیە دەیبەن و نامێنێت**

لە سلێمانی و هەڵەبجە و ڕاپەرین و گەرمیان دراوە بە بەرپرسێکی باڵای یەکێتی لە حکومەت کە دەدزرێت و ناگەڕێتەوە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزیری دارایی بە ئاشکرا ڕایگەیاندووە کە نەك داهات لە سنووری سلێمانی وەکو پێویست کۆ ناکرێتەوە، بەڵکو داهاتی ناوخۆ ناگەڕێتەوە بۆ حکومەت، خۆ لە دوای ڕووداوەکانی هەشتی تەمووز خۆیان دەیانگوت چیتر دزی و قاچاخچێتیکردن و سەرانەمان کۆتایی پێ هێنا، هەر هاوسەرۆکی پێشووی یەکێتی ڕایگەیاند کە لە شەو و ڕۆژێکدا داهاتی قاچاخچێتی شەش ملیۆن دۆلارە، باشە یەکێتی حاکمی موتڵەقی ئەو زۆنەی خۆیان ئەی کاتێکدا لە خراپترین حاڵەتدا داهاتی ناوخۆی سلێمانی تەنیا بۆ مانگێك ١٥٠ ملیار و بۆ ١٦٠ ملیار دینارە.

ئەوان ٢٠ ساڵ خەڵکیان ڕاهێنابوو دەیانگوت پارەی نەوت شەفاف نییە، ئێستا شەفافترین پارە پارەی نەوتە و ناشەفافترین پارە پارەی خاڵە سنوورییەکان و داهاتی ناوخۆی زۆنی سلێمانییە، هەرچی پرۆژەی هەولێر و دهۆك هەیە هەر لە شەقام و کارەبا و ئاو و پارك و قوتابخانە و تونێل و دەیان پرۆژەی دیکە کە دروست دەکرێت، بە داهاتی ناوخۆکەیەتی، هەر لە داهاتی ناوخۆ تەمویلی مووچەکانیان دەکرێت، لە هەولێر و دهۆك ٧٦٪ی بودجە

**هاوسەرۆکی پێشووی یەکێتی ڕایگەیاند کە لە شەو و ڕۆژێکدا داهاتی قاچاخچێتی شەش ملیۆن دۆلارە، باشە یەکێتی حاکمی موتڵەقی ئەو زۆنەی خۆیانن ئەی بۆچی داهاتی ناوخۆیان نییە و خەڵکیش هان دەدرێت دژی حکومەتی هەرێمی کوردستان قسە بکات**



بۆچی داهاتی ناوخۆیان نییە و خەڵکیش هان دەدرێت دژی حکومەتی هەرێمی کوردستان قسە بکات، بە ئاشکرا پرۆژە لە سنووری سلێمانی دوا دەکەوێت و دەوەستێت و پارەکەی دەخورێت و تەواو ناکرێت، بڕۆن سەیری حاڵی دووسایدەکانی ڕانیە و دووکان و دەربەندیخان و تونێلەکەی کۆیە و ١٠٠مەتریی سلێمانی بکەن، هەرچەندە ئەمانە نموونەیەکی کەمن لەو بەهەدەردانە گەورەیەی داهاتی گشتی، لە یەك مانگی مەرزی پەروێزخان ملیارێك و ٣٥٠ملیۆن دینار داهات هەبووە، باشە ئەم پارەیە لە بانکەکانی سلێمانی چی لێهات، خۆیان ئیعتراف دەکەن کە بە ڕەقەمیش پارەکە ناگەڕێتەوە بۆ هەولێر، لە دەدرێت و لە سلێمانی بە هەموو سنوورەکانی گەرمیان و هەڵەبجە و ڕاپەرینەوە تەنیا ٢٤٪ی دەدرێت، کەچی لە سلێمانی لە سەرەتای ئەم کابینەیەوە بەردەوام کێشەی داهاتی ناوخۆ هەیە، هەمووشی لە چوارچێوەی بەرنامەی دزین و تاڵانکردن و بێزارکردنی هاووڵاتیان و سیاسەتی برسیکردنی خەڵکە، کە هاوتەریبە لەگەڵ سیاسەتە دوژمنکارییەکانی زۆر لایەنی سیاسی لە عێراق و لە وڵاتانی دراوسێ، ئەوان نایانەوێت کوردستانێکی بەهێز دروست ببێت و پێگەی حکومەتی هەرێمی کوردستان و خودی ڕێزدار مسرور بارزانی بمێنێت.

**لە یەک مانگی مەرزی پەروێزخان ملیارێک و ٣٥٠ملیۆن دینار داهات هەبووە، باشە ئەم پارەیە لە بانکەکانی سلێمانی چی لێهات، خۆیان ئیعتراف دەکەن کە بە ڕەقەمیش پارەکە ناگەڕێتەوە بۆ هەولێر**

# قەرزی نێودەوڵەتی و قەرزاریی دەرەکی و کاریگەرییان لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی

**قەرزی نێودەوڵەتی تەنیا قەرزەکانی سندوقی نێودەوڵەتی ناگرێتەوە، بەڵکو زۆر جار قەواره و دەوڵەتەکان بە دوو قۆڵی پەنا دەبەن بۆ ئەم ئامرازە، بۆئەوەی گرفتە سیاسی و ئابوورییەکانی خۆیان لە روانگەی سیاسەتەکانی ئاسایشی نەتەوەییەوە چارەسەر بکەن**

بابەتی قەرزی نێودەوڵەتی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە زیادبووندایە، قەبارەکەشی گەورەتر دەبێت و ڕێژەکانیشیان لە ئەنجامی ئەوەی کە پەنا بۆ قەرزی نێودەوڵەتی دەبرێت بۆ ئەوەی کە کورتهێنانی بودجەی دەوڵەتان و بابەتی پەیوەست بە گەشەپێدان و ئابووری و جەنگ پڕبکاتەوە، بۆیە هیچ دەوڵەتێك لە جیهاندا نابینرێت کە لە بواری بودجەی وڵاتەوە لەم قەرزە بە دوور بن، یان قەرز وەردەگرن، یان قەرز دەدەن، ئەم قەرزە نێودەوڵەتییانەش تەنیا لەسەر دەوڵەتەکانەوە نەوەستاون، بەڵکو ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و بانکە نیشتمانی و نێودەوڵەتییەکانیش و، هەروەها کەسایەتییە تایبەتەکانیش ئەم قەرزانە دەدەن، بەڵام ئەوەی زۆر گرنگە لە جیهانی ئەمڕۆدا پرۆسەی قەرزی نێودەوڵەتی لەلایەن گرووپی بانکی نێودەوڵەتییەوە کە بنیاتنان و ئاوەدانکردنەوە دەگرێتەوە، هەروەها دامەزراوەی نێودەوڵەتیی گەشەپێدان و کۆمپانیای دارایی نێودەوڵەتییە، جگە لەمانەش سندووقی دراوی نێودەوڵەتی کە ڕۆڵی گرنگ لەم بوارەدا دەبینێت، کە ئەرکی ئەو کڕین و فرۆشتنی دراوەکانە، بۆ ئەوەی کورتهێنانی بودجەی دەوڵەتان چارەسەر بکرێت.

ئەگەر باسی پەیوەندیی قەرزی نێودەوڵەتی بە ئاسایشی نەتەوەییەوە بکەین، بۆمان دەردەکەوێت کە لە ڕووی بابەتەکانی سیاسی و ئابووری ئەو دەوڵەتانەی کە قەرز وەردەگرن، هەڵسوکەوتیان دەربارەی پڕۆژەکان و سیاسەتی وەبەرهێنان، کاریگەریی لەسەر سەروەریی دەوڵەتە قەرزارەکان هەیە، چونکە سندوقی دراوی نێودەوڵەتی مەرجی هەیە بۆ پێدانی ئەم جۆرە قەرزانە، تەنانەت دەسەڵاتی دەستتێوەردانیشیان پێ دەدرێت لەو دەوڵەتانە، لە بواری سیاسەتی نرخ و کرێ و کارکردن و باج و وەبەرهێنان و زۆر بواری دیکە، بۆیە ئەم بابەتانە پەیوەستن بە سەروەریی دەوڵەتانەوە، دەخرێنە ژێر چاودێریی ڕێکخەری نێودەوڵەتی بۆ پەنابردن بۆ سیاسەتەکانی چاکسازی، هەروەها زۆربەی زۆری ئەو قەرزە نێودەوڵەتییانە دەرفەت دەدەنە ئەو سندوقە کە مافی پشکنین و هەڵسەنگاندنی سیاسەتی ئابووری و دارایی ئەو دەوڵەتانە بکرێن کە قەرز وەردەگرن، تەنانەت هەندێ سیاسەتیشیان لەسەر دەسەپێندرێت، پسپۆڕەکانی ئەم سندوقە دەتوانن دەستنیشانی سیاسەتی پێویست بکەن، کە دەبێ دەوڵەتانی قەرزار جێبەجێی بکەن.

ئامرازی ئاسایی قەرزی نێودەوڵەتی بریتییە لە گرێبەست، یان ڕێککەوتننامەی قەرزدان، کە ئەرك و مافەکانی ئەو لایەنانەی بەشداران، هەروەها چۆنێتیی چارەسەری کێشەکان و کام یاسا جێبەجێ دەکرێت و زەمانی گرێبەستەکەو دەستنیشانکردنی چۆنێتیی دانی قەرزەکە و ئاسایشی یاسایی و دڵنیایی وەبەرهێنان دیاری دەکات، بەڵام ڕاستییەکی دیکەش



## د.نەژدەت ئاکرەیی

پسپۆر لە ئاسایشی نەتەوەیی

**بۆ گوڵانی نووسیوە**

هەیە کە قەرزی نێودەوڵەتی تەنیا قەرزەکانی سندوقی نێودەوڵەتی ناگرێتەوە، بەڵکو زۆر جار قەوارە و دەوڵەتەکان بە دوو قۆڵی پەنا دەبەن بۆ ئەم ئامرازە، بۆئەوەی گرفتە سیاسی و ئابوورییەکانی خۆیان لە ڕوانگەی سیاسەتەکانی ئاسایشی نەتەوەییەوە چارەسەر بکەن، کێشەکانی ئەم جۆرە قەرزانە لەوەدایە کە زۆر جار ناتوانرێت لە کاتی خۆیدا پارەی قەرزەکان بدرێتەوە، مەرجی قازانج دێتە سەر ئەم قەرزانە و هەندێ جاریش ئەم مەرجانە لە پارەی قەرزەکە زیاتر دەبن، بۆیە پرۆسەی قەرزی نێودەوڵەتی وا دەکات کە لە بودجەی ئابووریی دەوڵەتەکان کورتهێنان هەبێت، بە تایبەتی پەیوەست بە ماوەی دانەوەی قەرزەکە و ئەو قازانجەی دێتە سەری.

لەسەر ئەم بنەمایەو لە چوارچێوەی پەیوەندیی نێودەوڵەتیدا بە چاودێریی نەتەوە یەکگرتووەکان پەنا دەبرێت بۆ کۆنگرە نێودەوڵەتییەکان، بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان ئەو دەوڵەتانەی قەرزیان وەرگرتووە و ئەوانەی قەرز دەدەن، کە تا ئێستا زۆر کۆنفرانسی نێودەوڵەتی ئەنجام دراون، پەنابردن بۆ بیرۆکەی ئەوەی کە خشتە دابنرێت بۆ دانی ئەم قەرزانە، بە تایبەتی ئەمە لە سەدەی ڕابردوودا زۆر بەکارهێنران، لە ساڵانی حەفتاکان و هەشتاکان و تەنانەت نەوەدەکانیش، بەڵام هەر چۆن بێت ئەم جۆرە کۆنفرانسانەش تا ڕادەیەك بۆ چارەسەرکردنی کێشەی قەرزی نێودەوڵەتی سەرکەوتوو نەبوون.


لە دەرئەنجامدا قەرزاریی نێودەوڵەتی وا دەکات کە قەرزاریی دەرەکی هەبێت بۆ قەوارەو دەوڵەتان، ئەمەش کاریگەریی هەیە بۆسەر سیاسەتەکانی ئاسایشی نەتەوەییان، داڕێژەرانی سیاسەتەکانی ئەم ئاسایشە نەتەوەییە پەنا بۆ ئەوە دەبەن کە سەرچاوەکانی دارایی دەوڵەتان هەمەجۆر بکەن، کە تەنیا پاڵپشت نەبێت بە جۆرێك لە سەرچاوەی دارایی، زۆر جاریش دەوڵەتان کار بۆ ئەوە دەکەن کە مەرج نییە قەرزەکان بە پارە بدرێنەوە، بەڵکو بە پێدانی هەندێ پرۆژەی وەبەرهێنانیش دەبێت. زۆر لە دەوڵەتەکان یاسای وەبەرهێنانیان دەرکرد و ئەم یاسایانە دەرفەتیان دایە ئەم دەوڵەتانەی دیکە کە قەرزیان داوە تا وەبەرهێنان بکەن و سوود لە چالاکیی ئابووریی ئەم دەوڵەتانە وەربگرن، بۆیە دەتوانم بڵێم ڕاستە قەرزاریی نێودەوڵەتی کاریگەرییەکی نێگەتیڤی هەیە، بەڵام لە هەمان کاتداو لە زۆر شوێندا لەسەر بنەمای دیدێکی تازە بۆ ئاسایشی نەتەوەییان پەنا بۆ ئەوە دەبەن کە ئەم قەرزە ببێتە فاکتەرێکی هەماهەنگی لە نێوان ئەم قەوارانەدا، تەنانەت ماوەکەشی بۆ ماوەیەکی درێژ دەبێت، واتا ساڵێك و دوو ساڵ نابێت، بەڵکو لە هەندێك شوێن بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان دەگاتە نیو سەدە.

**پرۆسەی قەرزی نێودەوڵەتی وا دەکات کە لە بودجەی ئابووریی دەوڵەتەکان کورتهێنان هەبێت، بە تایبەتی پەیوەست بە ماوەی دانەوەی قەرزەکە و ئەو قازانجەی دێتە سەری**

# هەرێمێکی بچووک و جێی بایەخێکی گەورە

بەستنی کۆڕبەندی جیهانی بۆ وزە لە وڵاتی ئیمارات بۆ حکومەتەکان لەم ساتەوەختەدا کە جیهان سەرباری قەیرانەکانی گۆڕانی کەشوهەوا، ڕێکخستنی تەکنەلۆژیا و جیهانی سایبەر و چەکی ئەتۆمی، پەتای کۆڤید و قەیرانە تەندروستییەکان کە هێشتا چارەسەر و میکانیزمی گونجاو بۆ مامەڵە لەگەڵ کردن و ڕووبەڕووبوونەوەیان نەدۆزراوەتەوە، هەروەها جەنگی ڕووسیا و ئۆکراین کە قەیرانێکی دیکەی کتوپڕی دروست کرد، بە تایبەتی قەیرانی گازی سرووشتی و وزە و سووتەمەنی، ئەوانە وایان کردووە، گۆڕانکارییەکان ئەوەندە خێرا بن، کە جیهان گەیشتووەتە قۆناغێك کە پێشبینییەکان زۆر سەخت بوون و، نەك لە ئایندەیەکی دوور، بەڵکو ئایندەیەکی نزیکیش نازانرێت چی ڕوو دەدات و چی بازاڕی دەبێت، تاکو خۆی بۆ دەرفەت و ڕووبەڕووبوونەوەکانی ئامادەکات. بە تایبەتی کە ئەم جەنگەی نێوان وڵاتێکی گەورەی وەك ڕووسیا و ئۆکرانیا لە کاتێکدا ڕووی دا، کە جیهان هێشتا شیفای بۆ نەهاتبوو لەو پەتا کوشندەیەی چەند ساڵێکە بەرۆکی گرتووە، کە کۆی هاوکێشە سیاسی و پیشەسازی و دیپلۆماسییەکانی گۆڕیبوو. ئەم جەنگە قەیرانێکی دیکەی هێنا ئاراوە، کە قەیرانی گازی سرووشتییە، ئەمەش لەم خێراییەدا ئاسان نییە دۆزینەوەی ئەڵتەرناتیڤ بۆ گازی سرووشتیی ڕووسیا کە گەورەترین وەبەرهێنەر و دابینکەری گازی سرووشتی بوو بۆ ئەورووپا.

لە چەند مانگی ڕابردوودا لە میونشن کۆنفرانسێکی دیکەی جیهانی بەسترا بۆ پرس و بابەتە هەنووکەییەکانی ئەمڕۆی جیهان کە هەرێمی کوردستان لەوێش بەشدار بوو. ئەمانە چیمان پێ دەڵێن؟ ئەم بەشدارییانەوە ئەم تۆپیکانە کە لەم کۆنفرانسانەدا باس دەکرێت. ئەوەمان پێ دەڵێن: ئەمڕۆ جیهان پێویستی بە ‹Corporation› هاریکارییە، چونکە کێشەکان جیهانین، سیستمی ئابووری گۆڕاوە و گۆڕانکارییەکان بە شێوەیەکن کە کێشەکان دەخولقێن بۆ جیهان، بە تەنیا وڵاتێك، جەمسەرێك، یان چەند جەمسەرێکی وەك وڵاتانی بەهێز چارەسەر نابن. لە ڕابردوودا ڕەنگە سەرکردایەتیی جیهان و چەند وڵاتێکی کردبێت، بەڵام ئەمڕۆ بارودۆخەکە پێویستی بە هاریکاری هەیە. ئەمڕۆ باس باسی ‹حکومەتی گلۆباڵی و ناشیۆناڵیزمی گلۆباڵییە. چونکە ئەگەر سەیری کێشەکانی جیهان بکەین، لە نموونەی وەك «گۆڕانی ئاووهەوا»، گەرمبوونی ژینگە، تیرۆریزم، ڕێکخستنی تەکنەلۆژیا و جیهانی سایبەر، چەکی ئەتۆمی، پەتا جیهانییە کوشندەکانی وەك کۆڤید -١٩ کامیان بە تەنیا وڵاتێك، یان چەند وڵاتێك توانییان چارەسەری بۆ بدۆزنەوە، یان ڕووبەڕووی ببنەوە؟ ئێستا باسە گەرمەکان بۆ چارەسەری هەر یەکە لەمانە باسی ((Global Regu-lation› واتە ڕێکخستنی جیهانییە))، نموونە کە دێتە سەر باسی ڕێکخستنی تەکنەلۆجیا و ئایتی، باسەکە باسی ئەوەیە چۆن جیهانی ڕێکی بخەین، نەك لۆکالی، واتە چۆن هەر وڵاتێك بە تەنیا ڕێکی دەخات. واتە لەمەولا بەرەو بەڕێوەبردنێکی ناشیۆناڵیزمی جیهانی دەڕۆین. بۆیە ئێستا باسەکە باسی ئەوە نییە کێ دەوڵەتە و کێ زلهێزە، کامە وڵات قەبارەی گەورەیە و دانیشتووانی زۆرە و



پ.ی.د. نەزاکەت حوسێن حەمەسەعید

بۆ گوڵان نووسیویەتی

پێگەی گەورەی هەیە لە جیهان و هێزێکی گەورەی سەربازی و مێژووی قووڵی هەیە، بەڵکو باسی ئەوەیە هەر وڵاتێك چۆن دەتوانێت لە چارەسەری یەکێك لەم کێشە جیهانییانە ڕۆڵی هەبێت، یان پێگەی هەبێت، ئۆفەری هەبێت و میکانیزمێك، یان شتێك پێشکەش بکات، تا ببێتە جێی بایەخ.

ڕەنگە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە هیچ کام لە سێ شۆڕشە پیشەسازییەکە لە ڕابرووددا نە ڕۆڵ و نە بایەخیان نەبوویێت، چونکە شەمەندەفەرەکە بەجێی هێشتن و هیچیان پێ نەبوو لەو شۆڕشانەدا بیخەنە ڕوو. خۆ لە شۆڕشی چوارەمی پیشەسازی کە شۆڕشی بەرهەمهێنانی مێشك و زیرەکی دەستکردیشە، تا ئێستا هیچیان دیار نییە پێشکەشی بکەن. لەم قەیرانەدا و لەم شۆڕشە نوێیەی کە ئەگەر بڕیار بێت، ناوی شۆڕشی وزە و گازی سرووشتی بێت، ئەگەر بیانەوێت دەتوانن هەبن، ئەگەر ئەڵتەرناتیڤیش نەبن، دەتوانن ببن و جێی بایەخ بن. ئەگەرچی باڵانسی هاوکێشەکەش بۆ هەموویان قورسە، بە تایبەتی لە نێوان ڕاگرتنی دڵی هەر دوو جەمسەر و بلۆکە جیهانییەکەی ئێستا کە ئەمریکا و ڕووسیایە، هەر وڵاتێکیش لەم وڵاتانە کە توانای بەرهەمهێنانی گاز و سووتەمەنییان هەیە، خاوەنی کۆمەڵێك قەیرانی سیاسی، تەکنیکی و نەبوونی ئامادەسازییەکی وان کە ناتوانن زوو پێی ڕابگەن. بەڵام دەرفەتێکە بۆ هەر وڵاتێك کە بتوانێت لەمەدا هەبێت و ڕۆڵی هەبێت و، ئەو بۆشاییە پڕبکەنەوە کە چەندین سەدەیە دروست بووە لە نێوان ئەوان و وڵاتانی پیشەسازی و بەرهەمهێن و پێشکەوتوو.

بوونی هەرێمی کوردستان لە هەر دوو کۆنفرانسی میونشن و ئیمارات، ئەم بایەخ پێدانە دەردەخات. ئەگەرچی قەبارەی وەبەرهێنانی گازی سرووشتی و وزەی هەرێم لە ناوچەکەشدا لە ئاست وڵاتانی وەك ئێران و قەتەر نییە، لە ئێستاشدا لە ڕووی ئامادەسازییەوە بۆ ئەو دابینکارییە ئامادە نییە، بەڵام گرنگ ئەوەیە، بەو هەمموو گرفتەوە کە هەیەتی، دەستی بەتاڵ نییە و شتێکی وەبەرهێناوە کە جێی بایەخ بێت بۆ جیهان. لە هەمان کاتدا جیۆپۆلەتیکی لە نێوان کۆمەڵێك وڵاتدایە کە شەڕی خۆیان هەمیشە لە دەرەوە دەکەن و سرووشتی ئیمپراتۆریەتیان هەیە، هەر بۆیە هەرێمی کوردستان زۆر جار تارگێتی شەڕ و ململانێکانی ئەوان بووە. بەڵام بە هێمنی جووڵانەوە و دیپلۆماسییانە زاڵ بوون بە سەر کێشە ناوخۆییەکان و کەمکردنەوەی گرژییەکان لەگەڵ حکومەتی عێراقی، ئیستیفزازنەکردنی نەیاران و ناحەزان و ڕکابەرەکانی لە ناوچەکەدا، ئامادەسازی تەکنیکی و توانایی بووە هۆی بەرهێنانی زیاتر، کە ئێستا بووەتە جێی بایەخ و ڕۆڵیشی دەبێت لەمەولا، لە بەشداربوون لە ڕووبەڕووبوونەوەی گرفت و قەیرانە جیهانییەکان و دەرفەت لە بەر دەمیدایە، چونکە بەرهەمێکی هەیە، جیهانی ئەمڕۆ و ئایندەش پێویستیەتی، هەر بۆیە دەبێت شانازی بکەین بە گەیشتنمان بەو ئاستە، ئەمەش ئەندازیاری و زیرەکی و سەرکردەی بەهێز و ئەو توانا مرۆییە قیادییەی دروست کردووە، کە ئێستا ڕابەری کورد جەنابی کاك مسعود بارزانی سەرۆکایەتییان دەکات.

# پاشقول لە ڕێکخراوەکان مەگرن

لە دوای هەر ڕووداوێکی کۆمەڵایەتییەوە، هەندێك کەس کە وەك چالاکان و کەسایەتیی ئایینی و مەدەنیی جۆراوجۆر خۆیان دەناسێنن، دژ بە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بە گشتی و ڕێکخراوەکانی ئافرەتان بەتایبەتی، دەست بە چالاکیی جۆراوجۆری وەك کەمپین و هاشتاگ و نووسینی وتار دەکەن، ئەمانە ئەگەرچی کێشە جەوهەرییەکەیان ڕوون نییە، بەڵام ئەگەر بۆیان بکرێت، نەك هەموو ڕێکخراوەکانی تایبەت بە پرسی ئافرەتان دادەخەن، بەڵکو ڕێگری لە هەموو هەنگاو و پرۆژەیەك دەکەن، کە هەوڵی کرانەوەی زیاتر و ئازادیی زیاتری ئافرەتان دەدەن و پارێزگاری لە شکۆی ئافرەتان دەکەن.


لە کوردستان زیاتر لە (٥٥٠٠) ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی هەن، کە لەو ژمارەیەیش (١٠٠) ڕێکخراویان کار بۆ پرسی ئافرەت دەکەن و پشتوانی ئەو پرسەن، ئەوانەی کە دەیانەوێت دژ بە هەنگاوەکانی ئافرەتان بوەستنەوە، سەرەتا لەو ڕێکخراوانەوە دەست پێ دەکەن، کەموکووڕیی چەند ڕێکخراوێکیان زەق دەکەنەوە و لەوێوە هەوڵی بێبەهاکردن و سووکایەتیکردن بە ئافرەت و پرسەکەی دەدەن.

**لە کوردستان زیاتر لە (٥٥٠٠) ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی هەن، کە لەو ژمارەیەیش (١٠٠) ڕێکخراویان کار بۆ پرسی ئافرەت دەکەن**

ئەگەر لەو ژمارە زۆرە، بەشێکیان ئامانجیان ئەوە بێت کە لە پەنای پرسی ئافرەتانەوە، هەوڵی بەدیهێنانی ئامانجە داراییەکان بدەن، ناکرێت ئەوانە وەك نموونەیەکی زەق بهێنرێنەوە و بەو هۆیەوە تۆمەت بدرێتە پاڵ هەموویان، چونکە لە ئەجێندای هیچ ڕێکخراوێکدا نییە، کار بۆ تێکدانی شیرازەی خێزان و داوای بێڕێزیکردن بە تاك و خێزان و هەڵوەشاندنەوەی خێزانەکان بکات، بە پێچەوانەوە ئەجێندا و ئامانجی ڕێکخراوەکان، برەودانە بە هۆشیارکردنەوەی ئافرەتان لە ڕووی یاسایی و کۆمەڵایەتی و بەختەوەریی خێزانی و پەرەپێدانی خۆشەویستیی نێوان تاکەکانی کۆمەڵگە، زۆربەشیان لەو ڕووەوە ڕۆڵی باشیان هەبووە.

**لە ئەجێندای هیچ ڕێکخراوێکدا نییە، کار بۆ تێکدانی شیرازەی خێزان و داوای بێڕێزیکردن بە تاك و خێزان و هەڵوەشاندنەوەی خێزانەکان بکات**

نابێت ئافرەتی کورد گرنگیی ئەو ڕێکخراوانە لەبیر بکات، کە توانییان پێگە و کەسایەتیی ژنی کورد بەهێز بکەن، تا لە هەموو بوارەکاندا بتوانن ئەرکی خۆیان بەجێ بگەیەنن، بە تایبەت لە کاری ئیداری و سیاسی و ڕێکخراوەیی و میدیایی، ئەوە ڕۆڵ و کاریگەریی ڕێکخراوەکان بوو، کە بوو بە هۆی هەموارکردنەوەی چەندین



**حەیات مەجید**

**بۆ گوڵانی نووسیوە**

یاسا و دەرکردنی یاسای باش لە خزمەت ئافرەتان و پرسەکەیاندا، ئەوە ڕێکخراوەکان بوون، چ بە کاری ڕێکخراوەیی و چ لەسەر شەقامیش، کاریان بۆ پرسی ئافرەتان دەکرد و چەندین گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتییان هێنا ئارا، هەوڵیان دا کە پێگەی ئافرەت بە پارێزراوی بچەسپێنن، تا بە کەم سەیر نەکرێن و خۆیشیان بە کەمیش ڕازی نەبن، هەروەها ئافرەتیان هۆشیار کردەوە لەوەی کە پێداگری لەسەر وەرگرتنی مافی خۆی و خێزانەکەی و کۆمەڵگەکەی بکات.

ئەوەندەی ئاگادار بم، زۆربەی ڕێکخراوەکانی ئافرەتان، جگە لە ئەجێندا و کاری قازانج نەویستی خۆیان، پردێکیش بوون بۆ گواستنەوەی داوا و ویستەکانی ئافرەت و دەنگێك بوون بۆ ئەو ئافرەتانەی کە ماف و ئازادییان پێشێل کراون. ئافرەتی کورد لە ڕێگەی هەر مینبەرێکەوە داوای ئازادی کردبێت، زانیویەتی چی دەوێت، شەڕی لەسەر مافی خۆی کردووە، تا تێگەیشتنە هەڵەکانی کۆمەڵگە لە بەرانبەر ئەو بگۆڕێت، بە تێگەیشتنێکی درووست و وەك مرۆڤێکی تەواو مافی هەبێت، هەروەها لە ئیشوکار و هەلی بەرەوپێشچووندا، کار بە بنەمای یەکسانیی جێندەری بکرێت، ڕێکخراوەکانی ئافرەتانیش بۆ هەمان مەبەست تێکۆشاون، بۆیە ڕۆژ بە ڕۆژ لە بەرەوپێشبردنی ڕەوشی مافی ئافرەتان و پرسەکەیاندا، ڕۆڵ و کاریگەرییان زیاتر دەردەکەون، ڕۆژ بە ڕۆژیش ئەوانەی کە دژیان دەوەستنەوە، ماندوو و تەنگەنەفەستر دەبن.

کاری ڕێکخراوەیی کارێکی بەرز و پیرۆز و ئامانجدارە، ڕێکخراوەکانی ئافرەتانیش کار بۆ بەرزڕاگرتنی بەهای مرۆڤ بە گشتی و ئافرەت بە تایبەتی دەکەن، بۆیە پێدانی هەر وەسفێکی دی بە ویست و داواکارییەکانی ئافرەتان و ڕێکخراوەکانی تایبەت بە پرسی ئافرەتان، بەدەر لە جەوهەری ویست و داواکارییەکانی ئافرەتان و ئەجێندای تایبەتی ڕێکخراوەکان، هەوڵدانە بۆ بەلاڕێدابردنی ڕاستییەکان و پاشقولگرتنە لە ئافرەت و هێز و تواناکەی و لێدانە لەو ئامانجە درووستانەی، کە ڕێکخراوەکانی ئافرەتانی لە پێناو دامەزراون، بۆیە دەزانین ئەوانەی کە بەو کارانە هەڵدەستن، خەمی چییانە و کوێیان دێشێ!

**زۆربەی ڕێکخراوەکانی ئافرەتان، جگە لە ئەجێندا و کاری قازانج نەویستی خۆیان، پردێکیش بوون بۆ گواستنەوەی داوا و ویستەکانی ئافرەت و دەنگێک بوون بۆ ئەو ئافرەتانەی کە ماف و ئازادییان پێشێل کراون**



# هاووڵاتییان به گەرمی پێشوازی لە مانگی ڕەمەزان دەکەن

ساڵانە لەگەڵ نزیکبوونەوەی مانگی پیرۆزی ڕەمەزان چین و توێژەکانی کۆمەڵگە بە گوڕ و تینەوە خۆیان بۆ پێشوازی لەم مانگە ئامادە دەکەن. کۆمەڵناسێك ڕایوایە ڕۆژووگرتن خۆ گرتنەوەیە لە چێژ و جۆرێك لە ڕەفتاری کۆنترۆڵکردنی جەستە و غەریزەکانە لەلایەن ئیرادەی مرۆڤەوە، پسپۆڕێکی بواری تەندروستیش هێما بۆ ئەوە دەکات کە بەڕۆژووبوون سوودی زۆری جەستەیی و دەروونی بۆ مرۆڤ هەیە، هۆکارێکیش دەبێت بۆ دروستکردنی دەوروبەرێکی تەندروست، ئەگەر بە گوێرەی ڕێنمایی ئایینی و پزیشکی بەڕۆژوو بووین. بەشداربووانی ئەم ڕاپۆرتەی گۆڤاری گوڵان لە دیدی خۆیانەوە گوزارشت لەم مانگە دەکەن.

گوڵان: کۆمەڵایەتی

کۆمەڵناس ئیبراهیم حاجی زەڵمی، سەرەتا باسی ئەوە دەکات کە «ڕەمەزان، مانگێکی تایبەت بە پەرستشە لە ئایینی ئیسلامدا، شوێنکەوتووانی ئایینی ئیسلام هەموو ساڵێك بە گەرموگوڕییەوە پێشوازی لە مانگی ڕەمەزان دەکەن، یەکێك لەو گەل و نەتەوانەی کە ئایینی ئیسلامیان وەرگرتووە و مانگی ڕەمەزان پیرۆزییەکی تایبەتی لایان هەیە، گەلی کوردە.» هاوکات دەڵێت: «ڕۆژوو بۆ خۆی خۆگرتنەوەیە لە چێژ و جۆرێك لە ڕەفتاری کۆنترۆڵکردنی جەستە و خواستە جەستەیی و غەریزەییەکانە لەلایەن ئیرادەی مرۆڤەوە.

لە ئیسلامدا مرۆڤ دەبێت خاوەن ئیرادەی کۆنترۆڵکەری خواستە نەفسی و چێژە غەریزییەکان بێت، واتە جەستە ملکەچی بڕیار و فەرمانەکانی ڕۆح بێت، ڕۆحێك کە ئیمان و ئیسلام تیایدا سەردارن، هەر لێرەوە، مانگی ڕەمەزان ڕاهێنانیکی پەرستشییانە و لە قاڵبێکی جەستە و خۆگرتنەوەیەکی باوەڕدارانەیە، چونکە ئیسلام پێی وایە کە مرۆڤی باوەڕدار دەبێت ئیرادەو ڕۆحی هەمیشە بەهێز بێت، تا بتوانێت هەر بۆ خۆی و ئەنانیەت کەنارگیر بکات و لەنێو کردەی تەزکییەی نەفس و پاککاریی دەروونیدا سەرکەوتوو بێت. بۆیە پێشوازیکردنی باوەڕداران بۆ ئەو مەبەستەیە، بۆ ئەو خۆڕاهێنانەیە تاوەکوو زیاتر جەستە بکەوێتە ژێر کۆنترۆڵەوە، هەر لەبەر ئەوەی ئایین لە پاڵ ئەوەی کردەیەکی پەرستشی تاکی و کۆمەڵی و ئاکارییە، لە هەمانکاتدا بە دەزگایەکی کۆنترۆڵی ڕەفتای تاکی کۆمەڵایەتی هەژمار دەکرێت».

دەروونناس خەندە کەمال جەخت لەوە دەکاتەوە کە «مانگی ڕەمەزان یەکێکە لە مانگە زۆر پیرۆزەکان و مانگی لێخۆشبوون و پاکبوونەوەیە لە گوناە و تاوان و مسوڵمانان بە دڵخۆشییەوە خۆیان بۆ ئەم مانگە ئامادە دەکەن». هەر لەو بارەیەوە گوتی: «ئێمەی خانمانی موسڵمان پێویستە بە باشی خۆمان ئامادە بکەین، لەبەر ئەوەی لەم مانگەدا ئەرکەکانمان قورستر دەبن، چونکە زۆربەی ماڵەکان منداڵی تێدایە کە فەرز نییە لە سەریان ڕۆژوو بگرن، پێویستە دایکان لە خواردن دروستکردن بۆیان ئیهمالی نەکەن. پێویستە بە تەواوی کاتەکانمان دابەش بکەین و بە فیڕۆی نەدەین، لە قورئان خوێندن و زیکر و نوێژ و نزا و پاڕانەوە و زیندووکردنەوەی شەوانی پیرۆزی قەدر و دەستگرتنی هەژاران، چونکە ئەو مانگە مانگی خێر و بەرەکەتە بۆ هەموو لایەك. پاشان ئامادەکردن و دروستکردنی خواردن و شیرینی بو بەربانگ.

پێویستە لە مانگی پیروزی ڕەمەزان ڕووژووگرتن لە کارو کردەوەکانمان ڕەنگ بداتەوە، بە جۆرێك بەسەبرتر و ڕووخۆشتر بین، نەك لە بەر ئەوەی بەڕووژووین تووڕە و عەسەبی بین.» گوتیشی: «ئینشائەڵڵا خوای گەورە بیکاتە نەسیبی هەموومان و لەو مانگە پیرۆزەدا قەڵەمی عەفوو بە سەر تاوان و هەلەکانماندا بهێنێت و دوای مانگی پیرۆزی ڕەمەزان هیدایەتی دابین لە سەر کارو کردەوەی چاکە».

د. ئازاد مەنتك پسپۆڕی نەخۆشییەکانی دڵ و هەناو، بەمجۆرە باس لە تەندروستیی بەڕۆژووان دەکات و دەڵێت: «بەڕۆژووبوون سوودی زۆری جەستەیی و دەروونی بۆ مرۆڤ هەیە، هۆکارێکیش دەبێت بۆ دروستکردنی دەوروبەرێکی تەندروست، ئەگەر بە گوێرەی ڕێنمایی ئایینی و پزیشکی بەڕۆژوو بووین. هەروەها بەڕۆژووبوون ئامرازێکی گرنگی بەدەستهێنانی دەوروبەرێکی تەندروستە، کە؛ هەموو وڵاتان یەکەم ئامانجی تەندروستییان دروستکردن و فەراهەمکردنی دەوروبەرێکی تەندروستە بۆ تاك و کۆمەڵگە، بەمە ژیانی ئێستا خۆش دەبێت و ئایندە زامن دەبێت».

ڕێکارەکانی پێش بەڕۆژووبوونیشی بەمجۆە دەستنیشان کرد: «هەر کاتێك مانگی ڕەمەزان دێت، مرۆڤەکان خۆیان ئامادە دەکەن بۆ ئەوەی مانگی ڕەمەزان بە تەواوی بەڕۆژوو بن. بۆ پزیشکان لە ژێر ڕێنمایی قورئانی پیرۆز، ئەوەیە؛ کە ئەو کەسانە بەیان بکەن کە عوزریان هەیە و دەتوانن بەڕۆژوو نەبن. بەم شێوەیە؛

١.ئەوانەی بە هۆکارێکی فەسلەجی ناتوانن بەڕۆژوو بن، هەروەك پیر و پەککەوتە و منداڵ و ئافرەت لە سووڕی مانگانە و ئەو کەسانەی لە سەفەرن.

٢. نەخۆش: لێرەش بە هۆی پیرۆزیی مانگی ڕەمەزان ئەرکی سەر شانی پزیشکان دەبێت، کە؛ ڕوونکردنەوە بدەن کە کێ لە نەخۆشان دەتوانن بەڕۆژوو نەبن. ئەوجا بۆی هەیە ڕووخسەتەکە کاتی بێت و بۆ چەند ڕۆژێك، یان چەند مانگێك بێت، یان هەتا هەتایە کەسەکە توانای نەبێت.

زۆر جار خەڵکانێك هەن، کە؛ لەگەڵ ئەوەی پزیشکان ڕێنمایی کردوون، کە؛ بەڕۆژوو نەبن، دەچن بەڕۆژوو دەبن. ئا لێرە پزیشك ڕێنمایی بە خۆی و خانەوادەکەی دەدات، کە: کاتی ڕۆژووەکە زۆری بۆ دێنێت چۆن هەڵسوکەوت بکەن.

**ئایین لە پاڵ ئەوەی کردەیەکی پەرستشی تاکی و کۆمەڵی و ئاکارییە، لە هەمانکاتدا بە دەزگایەکی کۆنترۆڵی ڕەفتای تاکی کۆمەڵایەتی هەژمار دەکرێت**

**مانگی ڕەمەزان یەکێکە لە مانگە زۆر پیرۆزەکان و مانگی لێخۆشبوون و پاکبوونەوەیە لە گوناە و تاوان و مسوڵمانان بە دڵخۆشییەوە خۆیان بۆ ئەم مانگە ئامادە دەکەن**

**زۆربەی ماڵەکان منداڵی تێدایە کە واجب نییە لە سەریان ڕۆژوو بگرن، پێویستە دایکان لە خواردن دروستکردن بۆیان ئیهمالی نەکەن**

### بە هۆی هەڵکشانی ڕێژەی ژنکوژی

# خوێندنەوەی جیاواز بۆ ڕۆڵی ڕێکخراوە داکۆکیکارەکانی مافی ئافرەت دەکرێت

**بزووتنەوەی ئافرەتان لە جیهاندا مێژوویەکی دوور و درێژی هەیە، لە کوردستانیش لە سەردەمی شۆڕش و لەسەر دەستی بارزانی-ی نەمر ڕێکخراوێك بۆ دەستەبەری مافەکانی ئافرەت هاتە دامەزراندن، لە دوای ڕاپەڕینەوە دەیان ڕێکخراوی دیکەی داکۆکیکار لە مافەکانی ئافرەت دروست بوون، بەڵام وەك ئاشکرایە لە چەند مانگی ڕابردوو لە هەرێمی کوردستان ژمارەیەك ئافرەت کوژران. لە بەرامبەردا کەسانێك ڕێکخراوەکانی ئافرەتان بەوە تاوانبار دەکەن کە ئەوان جگە لەوەی نەیانتوانیوە سنوورێك بۆ توندوتیژی دابنێن، هاوکات هۆکارێك بوون بۆ بە لاڕێدا بردنی ئافرەتان. لێرەدا پرسیارێك دێتە ئاراوە کە ئایا ئەو ڕێکخراوانە تا چەند خزمەتیان بە دۆزی ئافرەتان کردووە؟ بەشداربووانی ئەم ڕاپۆرتەی گۆڤاری گوڵان وەڵامی پرسیارەکە دەدەنەوە.**

■ گوڵان: کۆمەڵایەتی




دهـۆك بەرۆژی بەرپرسی ڕاگەیاندن و پەیوەندییەکان لە ئەنجومەنی سۆرانی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان، سەرەتا باسی ئەوە دەکات کە «ڕێکخراوەکانی ئافرەتان هۆکاری هوشیاریی تاکن لە کۆمەڵگەدا، هۆکاری سەرەکیی ژنکوشتن لە کوردستاندا دیاردەیەکی عەقڵی دواکەوتووی پیاوسالارییە لە کۆمەڵگەدا و دابونەریت و بە هەڵە تێگەیشتن لە ئایین تاوانی کوشتنی ئافرەتی بە بیانووی پاککردنەوەی شەرەف زیاد کردووە. هەروەها تاوانەکانی کوشتنی ئافرەت لە کۆمەڵگەی کوردستاندا، پاڵنەر و پاشخان و فاکتەری جیاجیای هەیە، لەهەر تاوانێکی لەم جۆرەدا چەندین هۆکاری جۆراوجۆر لە ژینگەی کۆمەڵایەتی و خێزانی ئامادەییان هەیە. چیرۆکی ژیانی ئەو ئافرەتانەی دەبنە قوربانیی هزری ڕزیوی شەرەفپارێزی پڕە لە ستەم و نادادی و ژینی سەخت.» هەر

لەو بارەیەوە گوتی:» لە تاوانی کوشتنی ئافرەتدا هەر بکوژ تاوانبار نییە، سەرەڕای پاشخانە کۆمەڵایەتی و بونیادییەکان، ئەوەی بانگەشەی گوێڕایەڵی و پاشکۆیی ئافرەت دەکات، ئەوەی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان هانی سزادانی ئافرەت دەدات و ڕەوایەتی بە توندوتیژی دەدات و سووکایەتی بە ئافرەت دەکات، هەموویان دەستیان بەو خوێنە سوورە و لەو تاوانەدا بەشدارن.

ئێمە وەکو ڕێکخراوەکانی ئافرەتانی کوردستان، هەردەم دووپاتی دەکەینەوە، کە سزای یاسایی بە تەنیا دادی مامەڵەکردن لەگەڵ تاوانەکانی کوشتنی ئافرەت نادات، لە بەر ئەوەی ڕەگی ئەم تاوانە بۆ ژینگەی کۆمەڵایەتی و هزری پیاوسالاری و شەرەفپارێزی دەگەڕێتەوە، دەبێ هەر لەوێشەوە بە دوای چارەسەرەوە بین، ئەویش بە گۆڕینی ئەو تێگەیشتنە کۆمەڵایەتییەی ڕەوایەتی بەم تاوانە دەدات، بە لێدان لەو بنەمایانەی ئاودێریی ئەو هزرە دەکەن و بەردەوامیی پێ دەدەن، لە ڕێگەی بەرەنگاریی هەموو ئەو ڕوانگە و پەیامانەی کە لە کەناڵ و پێگەی جیاجیاوە ژەهری کۆمەڵایەتی دەڕێژن و هانی کوشتنی ئافرەت دەدەن».

چیمەن فەیزوڵڵا سەرۆکی ڕێکخراوی ئەفرا بۆ هاوکاری و پەرەپێدانی مرۆیی، جەخت لەوە دەکاتەوە کە «ڕۆڵی هەر تاکێك لە پاراستنی مافە ڕەواکانی خۆی وەك مرۆڤێکی خاوەن هزر بابەتێکی حاشاهەڵنەگرە و ناکرێت هێج لایەنێك یا کەسێك تۆمەتبار بکرێت لە وەی کە ڕۆڵی بووە لە بەلاڕێدا بردنی ئەو تاکە لە ناو کۆمەڵگە. بەڵام هەڵسەنگاندیی نادروست دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی مەترسی لەسەر تاك لە ئاستی بنەماڵە و لە ئاستی کۆمەڵگەش. ئەوەی کە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵەی مەدەنی و بە تایبەتیش ڕێکخراوەکانی پاراستنی ژنان چ جۆرە ڕۆڵیکیان هەیە لە چارەسەری بابەتەکانی پەیوەست بە ژنان، دەگەڕێتەوە سەر بنەماکانی سەرەکیی ڕێکخراوەکە لەگەڵ کەلتوور و عورفی کۆمەڵگە، کە لە لایەك پەسەندبوونی کاری ڕێکخراوەیی لەلایەن ئەو کۆمەڵگەیە و لە لایەکی دیکەش خۆگونجاندنی پلانی ڕێکخراوەکانی لەگەڵ ڕۆحییەتی کۆمەڵگە پێویستە، کە وا دەکات لە ئاستی هۆشیارکردنەوەی هەم تاك و هەم بنەماڵە بتوانن ڕۆڵی ئەرێنی بگێڕن. ئەگەر چالاکییەکانی ڕێکخراوەکان لە ئاراستەی بیرکردنەوە کۆمەڵگە نەبێت، نە تەنیا نابێتە ئامراز بۆ بەرزکردنەوە ئاستی هۆشیاری و چارەسەری کێشەکان، بەڵکو دەبێتە هۆکاری سەرەکی بۆ لەناوبردنی مافە ڕەواکانی ژنان لە ناو کۆمەڵگە و، زۆر جاریش دەبێتە هۆی ناتێگەیشتنی کۆمەڵگە لەسەر بنەماکانی ئازادیی تاکە کەسی و هەروەها ژنان.» گوتیشی: «هەر بۆیە لە تاوانبارکردنی ڕێکخراوەکان لە بابەتەکانی پەیوەست بە ژنان، نابێت ئەو ڕاستییە لە بیر بکرێت کە خێزان وەك سەرچاوەی سەرەکیی بابەتی کۆشتنی ژنان لە کۆمەڵگە دەستنیشان دەکرێن، بە هۆکاری ئەوەی بنەما سەرەکییەکانی خۆناسین و خۆپاراستن و هۆشیاری لە بنەماڵەوە بە تاك دەبەخشرێت، هەر بۆیە حکومەت بە کارکردن لەسەر خێزان و جۆری پەروەردە لە ناو خێزانەکان دەتوانێت تا ڕاددەیەکی بەرچاو بابەتی کۆشتنی ژنان لە کۆمەڵگە کەم بکات».

دوریا شێروانی سەرۆکی ڕێکخراوی ئایلان بۆ پرسی ئافرەتان و منداڵان، وتەکانی بەوە دەست پێ دەکات «ڕۆژانە دەبینین و دەبیستین کەوا ڕێژەی کوشتن و خۆکوشتن لە هەڵکشان و داکشاندایە و ئەوەش هۆکاری جیاوازی خۆی هەیە. بەشێك لە تاکەکانی کۆمەڵگە هۆکاری کوشتنی ژن دەخەنە ئەستۆی ڕێکخراوەکانی تایبەت بە کاروباری خانمان گوایە هۆکارێکن بۆ لاساربوون و لادان لە ڕێچکە و یاسا کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەکەمان لەلایەن ژنانەوە. دەتوانم بڵێم بەشێك لەم بۆچوونانە ڕاستن، چونکە کرانەوەیەکی لە ڕاددەبەدەری بێ پلان و بەرنامەی پێشوەخت ئەنجامی نەرێنی بە دوای خۆیدا دێنێت چونکە لە دەستەبەرکردن و داواکردنی مافی ئافرەتان پێویستە ئێمە ئەوەمان لە بەر چاو بێت، کۆمەڵگەی کوردی خێزان و تاکی جیاوازی تێدایە کە هەڵگری بیروڕای جیاواز و خاوەنی ژینگەی جیاوازن، ئەو کرانەوەیەی لە ژینگەی شارێکی مەزن یان پایتەخت جیاوازە لە ژینگە و عاداتی گوندێکی دوورەدەست و خێزانێکی کراوە و بیر فراوان جیاوازە لە خێزانێکی هەڵگری داب و نەریتی کوردی، یان هەڵگری بیر و باوەڕێکی دیکە بە جۆرێك کە ناکرێت لە نێو ئەم تاك و کەسایەتییانەی کۆمەڵگە ئیدیعای ئازادیی جل پۆشین و دەرچوون بکەیت، لە کاتێکدا مافی ئافرەت لە چوارچێوەی جل و دەرچوون تەسك ناکرێتەوە، بەڵکو دەبێت ئامانج و بەرنامەی باشتر و گونجاوتر بێت، بەپێی جیاوازیی ژینگە و خێزان و تاك، دوای ئەوەش ئەم کرانەوە لە ناکاوەی کۆمەڵگەکەمان بەڕووی ئینتەرنێت و تۆڕی کۆمەڵایەتی و دراما دۆبلاژکراوەکان کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی لەسەر تاك بە تاکی ئەم وڵاتە جێهێشتووە، بە جۆرێك بە بێ جیاوازی ڕەگەزی کۆمەڵێك سنووری دیاریکراو بە زەین درا و ئەنجامەکەی بە لێك ترازانی خێزانی و خیانەتی هاوسەری و کوشتن و خۆکوشتن کۆتایی هات،، کاتێك ئەم حاڵەتەش دێتە کایەوە، ڕێکخراوەکانی خانمان بە ئەرکی خۆیان دەزانن بەشێکیان بەرگری لە ژیانی ئافرەتێك بکەن کە خەریکە ڕووبەڕووی مەرگ دەبێتەوە و پێویستی بە دەستێکە هاوکاری بکات و لەو تارماییە ڕزگاری بکات وەك مرۆڤێك و تاکێکی ئەم کۆمەڵگەیە».



دهـۆك بەڕۆژی :

**سزای یاسایی بە تەنیا دادی مامەڵەکردن لەگەڵ تاوانەکانی کوشتنی ئافرەت نادات، لە بەر ئەوەی ڕەگی ئەم تاوانە بۆ ژینگەی کۆمەڵایەتی و هزری پیاوسالاری و شەرەفپارێزی دەگەڕێتەوە**



چیمەن فەیزوڵڵا :

**ئەگەر چالاکییەکانی ڕێکخراوەکان لە ئاراستەی بیرکردنەوە کۆمەڵگە نەبێت، نە تەنیا نابێتە ئامراز بۆ بەرزکردنەوە ئاستی هۆشیاری و چارەسەری کێشەکان، بەڵکۆ دەبێتە هۆکاری سەرەکی بۆ لەناوبردنی مافە ڕەواکانی ژنان**



دوریا شێروانی :

**ئەم کرانەوە لە ناکاوەی کۆمەڵگەکەمان بەڕووی ئینتەرنێت و تۆڕی کۆمەڵایەتی و دراما دۆبلاژکراوەکان کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی لەسەر تاک بە تاکی ئەم وڵاتە جێهێشتووە**

### با لە ڕۆژی جیهانیی هۆشیاریی ئۆتیزمدا

# ئاوڕ لە منداڵانی خاوەن پێداویستیی تایبەت بدرێتەوە بۆ ئەوەی تێکەڵی کۆمەڵگە بکرێنەوە

**ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بە هاوکاری ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی، ٢ی نیسانی هەموو ساڵێکی وەك ڕۆژی جیهانیی ئۆتیزم دیاری کردووە. هەر بەپێی ئامارەکانی ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی، ژمارەی ئەوانەی لە جیهاندا ئۆتیزمیان هەیە (٧٠) ملیۆن مەسی تێپەڕاندووە. پسپۆڕانی ئەم بوارە ئاماژە بەوە دەکەن کە ڕێژەکە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە هەڵکشاندایە و سەرپەرشتیارێکی پەروەردەییش ڕایوایە ناهۆشیاریی مامەڵەی خێزانەکان و بەکارهێنانی زۆری ئای پات و مۆبایل لە لایەن منداڵانەوە تووشبوونی زۆر زۆرتر کردووە. بەشداربووانی ئەم ڕاپۆرتەی گۆڤاری گوڵان خوێندنەوەی زیاتر بۆ بابەتەکە دەکەن.**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**



بەپێی ئامارە نافەرمییەکان لە هەرێمی کوردستان زیاتر لە چوار هەزار تووشبووی ئۆتیزم هەن، لە کاتێکدا شارەزایانی ئەم بوارە دەڵێن بەشێکی زۆری هاووڵاتیان منداڵە تووشبووەکانیان دەشارنەوە.

دایکی میر وەك خۆی باسی دەکات، کوڕەکەی ئۆتیزمی هەیە و بەمجۆرە گوزارشت لە ئازارەکانی خێزانەکەیان دەکات و دەڵێت: «ئەو دایکانەی وەکو من دەناڵێنن بۆ منداڵەکانیان پێیان دەڵێم هەستتان پێ دەکەم کە چەندە ماندوو و هەناسە سارد و دڵ بە خەم و چاو بە فرمێسکن، بەڵام تکایە هەستنەوە، بە قوەت بن خوای گەورە ئێوەی هەڵبژاردووە ئەو منداڵەی بە ئێوە داوە. تۆی دایك دەتوانی ئاگاداری منداڵەکەت بیت و خاوەن دڵێکی گەورە و ئیرادە و سەبر وتەحەمولێکی بێ وێنەی، ئەو منداڵەی خودا پێی بەخشیوی، تکایە مەگری و خەم لە داهاتووی منداڵەکەت مەخۆ، بیدە دەستی خودای گەورە، فرمێسکەکانت بسڕە و کات بە فیڕۆ مەدە. ئێمەی دایکان منداڵەکانمان پێویستیان پێمانە، دایك لە هەموو کەس زیاتر دەتوانێت یارمەتیی منداڵەکەی بدات و کاتی بۆ تەرخان بکات. دەزانم زور زەحمەتە ئەو قسانە بەتایبەت ئەگەر منداڵی دیکەتان هەبێت و بەرپرسیارێتی ماڵتان لەسەر بێت، بەڵام ئەو منداڵە لە هەمووان زیاتر پێویستی پێمان هەیە». گوتیشی: «بە ڕاستی دەردەسەریمان زۆرە بە دەست ئەو جێگەیانەی ڕاهێنان بە منداڵان دەکەن، بێجگە لەوەی مانگانە پارەیەکی زۆر وەردەگرن بەڵام ئامادە نین هیچ مان فێر بکەن کە چۆن لە ماڵەوە تەدریبی پێ بکەین و چۆن مامەڵەی لەگەڵ بکەین، جگە لەوانیش بردیتمە کن ئەو کەسانەی ناویان لە خۆیان نایە مودەڕیب بە داخەوە وەزعی منداڵەکە خراپتر دەکەن، باوەڕ بکەن مودەڕیبێك بە لاستیق لە کوڕەکەمی دەدا، بە حیساب تەعدیل سلووکی لەگەڵ دەکات، لە کاتێکدا منداڵەکەم زۆر بێ زەرەرە و بەس حەرەکەی زۆر بوو، ئەوە کە تەعزیبی دەدا، مناقشەم لەگەڵ کرد دەمگوت قبووڵ ناکەم لێی بدەی، دەیگوت دەبی تۆش لە ماڵێ لێی بدەی.

ڕاهێنەرێکی دی دەمبردە لای بە حیساب مەشقی پێ دەکرد، بەس لەسەر کورسی حەپسی دەکرد، هەتا کاتی

مەشقی تەواو دەبوو، ڕاهێنەر زۆرن بەڵام بێ ئەزموون و ئیختیساسن، هەروەها معاناتمان لەگەڵ کۆمەڵگە هەیە، زۆر جار بە چاوێکی بێ بەزەیی سەیرمان دەکەن، وەکو بڵێی ئێمە تووشی ئۆتیزممان کردبن، لە هەموو دونیا زانراوە کە ئۆتیزم بۆماوەییە، شاشە و مۆبایل ڕاستە باش نییە منداڵ سەیری بکات، بەڵام مندال تووشی ئۆتیزم ناکات، هەرچەندە ئەو قسەیە زۆر قورسە کە دەیکەم، چونکە منیش دایکێکی ڕوشنبیر و خوێندەوارم، کەچی تاکو ئێستا کەسە نزیکەکانیشمان نازانن منداڵەکەمان تۆتیزمی هەیە. تەنانەت ئەو فەیسبووکەی دامنایە بە ناوی کوڕەکەمە بە ناوی خۆم نییە، لە بەر ئەوە نییە کە من تەقەبولی نەخوشیی منداڵەکەم ناکەم، یان پێم شەرمە، بەخوای بەس لەبەر ئەوەمە دوارۆژی لە کۆمەڵگە لەو موجتەمعە بی ڕەحمە و نەزانەی کە لێی دەژین، نەفەوتێت، چونکە سبەی ڕۆژێ پەنابەخوا کە گەورە بوو، چووە مەکتەب گاڵتەی پی نەکەن و بە شێتە ناوی نەهێنن. بەداخەوە هەمیشە وتوومە کۆمەڵگەکەمان هیچ ڕۆشنبیرییان نییە لە سەر ئۆتیزم. بە خوای من کوڕەکەم بە هەموو دونیا ناگوڕمەوە و شانازیی زۆر زۆریشی پێ دەکەم».

ڕەحمان عەلی پسپۆڕ و شارەزا لە ئۆتیزم و گرفتە ژیرییەکان، سەرەتا باسی ئەوە دەکات کە «ئۆتیزم یەکێکە لە ئاڵۆزترین حاڵەتەکانی دواکەوتنی ژیری کە کۆمەڵێك کێشە و گرفت بۆ کەسەکە دروست دەکات، لە ڕووی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی و زمان و ڕەفتار، لە ساڵی **١٩٤٣** دەستنیشان کراوە و ساڵ بە ساڵیش گۆڕانکاری بە سەر دەستنیشانکردن و نیشانەکانیدا هاتووە. لە ساڵانی شەستەکان و حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو لە ١٠ هەزار منداڵ یەکێك تووش دەبوو، بەداخەوە لە ئێستادا ڕێژەکەی هەڵکشاوە و لە ١٠٠ منداڵ یەکێکیان ئۆتیزمی دەبێت. لە هەندێك وڵات ڕێژەکەی زۆرترە و دوو کەس تووش دەبن، لە کوردستانیشدا ڕێژەکە زۆرە بەڵام بەداخەوە ئامارێکی فەرمی و وردمان نییە، بەڵام ئەگەری هەیە چوار هەزار منداڵی تووشبوو لە کوردستان هەبن، ساڵانە لە هەموو دونیا ڕۆژێك تەرخان کراوە بۆ هۆشیاریی ئۆتیزم، ئەویش لە پێناو هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگە و خێزان لە ئۆتیزم، تەنانەت لە ڕاگەیاندنەکانیش هۆشیاری بڵاو دەکرێتەوە کە ڕیز لەو منداڵانە بگیردرێت، چالاکییەکان بۆ ماوەی مانگێك بەردەوام دەبێت و ڕەنگی شین بژاردەی هۆشیاریی ئۆتیزمە بە حوکمی ئەوەی ڕەنگێکی ئارامبەخشە». ئەوەشی خستە ڕوو کە «ئۆتیزم نیشانەکانی جۆراوجۆرە و نەخۆشییەکە تووشی هەموو چین و توێژێك دەبێت، پێویستە خێزان هەرگیز لە چاکبوونەوەی منداڵەکەیان بێ ئومێد نەبن و هەوڵی لەگەڵ بدەن، جێی باسە کاری کەم بۆ ئەو منداڵانە کراوە، وێڕای بوونی سێ سەنتەری ڕاهێنان و شیاندن کە سەر بە وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتین، بەداخەوە ڕێژەی سەنتەرەکان کەمن و تەنیا لە سەنتەری شارەکان بوونیان هەیە، تەنانەت گرفتی قوتابخانە و خوێندنیشیان هەیە». گوتیشی: «ساڵانە لە شارەکانی کوردستان لە ژێر دروشمی جیا جیا ئەو یادە دەکرێتەوە و دیاری بە سەر منداڵەکاندا دابەش دەکرێت، بەڵام بەداخەوە لە ساڵی **٢٠١٣** بە دواوە خاوەن پێداویستیی تایبەت مووچەی بۆ نەبڕاوەتەوە، تەنانەت ڕێژەیەکی زۆر کەم لە تووشبووانی ئۆتیزم مووچەیان هەیە، هاوکات تووشبووان لە بارودۆخێکی باشدا نین، بەداخەوە بەهۆی ناهۆشیاریی کۆمەڵگە و خێزان مامەڵەی دروستیان لەگەڵ ناکرێت، زۆرجار منداڵی ئۆتیزم لە ماڵەوە بەستراوەتەوە».

تانیا جەمال سەرپەرشتیاری پەروەردەییە و سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «لە هەرێمی کوردستان ڕۆژ بە ڕۆژ تووشبووانی ئۆتیزم لە زیادبووندان، ئەمەش هۆکاری زۆری هەیە، ناهۆشیاریی مامەڵەی خێزانەکان و بەکارهێنانی زۆری ئای پات و مۆبایل لە لایەن منداڵانەوە تووشبووانی بە ئۆتیزم زۆر زۆرتر کردووە، ناهۆشیاری لە پەروەردە و ناسینەوەی نەخۆشییەکەش کارەکەی ئاڵۆزتر کردووە». گوتیشی: «لەگەڵ ئەوەی سەنتەر و ڕاهێنانی زۆر بڵاو بووەتەوە، بەڵام نەك نەتوانراوە چارەسەر بکرێت، بە پێچەوانەوە حاڵەتەکە زۆر زیادی کردووە، ئەوەش هۆکارەکەی ئەوەیە کە حاڵەتی ئۆتیزم ناسینەوە و ڕاهێنان و چارەسەریان لای ئێمە زۆرجار ڕێگە ڕاستەکە ناگرێتە بەر، ئەویش بە هۆی ناشارەزایی و کەم ئەزموونیی کارمەندان و ڕاهێنەران و کەمیی پسپۆڕان لەو بوارەدا وای کردووە، تووشبووان ئاسان دەستیان بە کەسی پسپۆڕ نەگات، هەندێك جاریش و لە هەندێك سەنتەرەکان هێندەی بیر لە قازانجی ماددی دەکەنەوە، هێندە بیر لە ڕاهێنەری باش ناکەنەوە».

ئەو سەرپەرشتاری پەروەردەییە لە کۆتایی وتەکانیدا جەختی لەوە کردەوە کە «جگە لەوەی ئۆتیزم بابەتێکی نوێیە بۆ ئێمە و تاك و تەرا نەبێت پسپۆڕی تایبەتمان نییە لەو بوارەدا، لەبەر ئەوە باشترین چارەسەر ئەوەیە کە هەموو ئەوانەی کار لەگەڵ تووشبووانی ئۆتیزمدا دەکەن، کەسی ڕاهێنراو بن و لە بەر دەستی کەسانی پسپۆڕ و شارەزا ڕاهێنرابن و بەردەوام زانیارییەکانیان نوێ بکرێتەوە».

**ڕەنگی شین بژاردەی هۆشیاریی ئۆتیزمە بە حوکمی ئەوەی ڕەنگێکی ئارامبەخشە**

**پێویستە خێزان هەرگیز لە چاکبوونەوەی منداڵەکەیان بێ ئومێد نەبن و هەوڵی لەگەڵ بدەن**

**ڕێژەی سەنتەرەکان کەمن و تەنیا لە سەنتەری شارەکان بوونیان هەیە، تەنانەت گرفتی قوتابخانە و خوێندنیشیان هەیە**

**لە ساڵی ٢٠١٣ بە دواوە خاوەنپێداویستیی تایبەت مووچەی بۆ نەبڕاوەتەوە، تەنانەت ڕێژەیەکی زۆر کەم لە تووشبووانی ئۆتیزم مووچەیان هەیە**



# ئۆكرايینەكان ڕەنگە لە شەڕە ماددییەكە بدۆڕێن، بەڵام لە شەڕە ڕۆحییەكە نابەزن

(٢-٢)

**لە بارەی مێژووی ماددی و مێژووی ڕۆحی، یان قودسی، ئەوەی ئەمڕۆ ئۆكرایینەكان دەیكەن، بابەتێكە سەد ساڵ پێش ئێستا (كاوێس ئاغا) خوێندنەوەی بۆی هەبووە، بۆیە بەشێك لە كتێبەكەم، (كاوێس ئاغا، مێژوونووسی هونەرمەند) كە هیوادارم لە ئایندەیەكی نزیك چاپ ببێت، لێرە دادەنێم.**

مرۆڤ، یان میللەت، دەتوانێت لە جەنگێكدا بەهۆی زۆر هۆكاری ماددیی جیاوازەوە، تووشی دۆڕان ببێت و شەڕەكە نەباتەوە، بەڵام گرنگ ئەوەیە دوای دۆڕانەكە تووشی بەزین نەبێت، كاوێس ئاغا ئێمە لە بەرابەر دوو هەردوو چەمكی (دۆڕان) و (بەزین)دا دادەنێت.

میللەت بە كوشتنی سمایل ئاغا شەڕێك دەدۆڕێنێت، ڕەنگە شۆڕشێكی كوردی لەناو بچێت، بەڵام گیانی بەرخۆدان و خەباتكردن بۆ سەربەخۆیی هەر بەردەوام دەبێت، ئەمەش واتا نەبەزین!

كاوێس ئاغا دەیەوێت كورد نەبەزێت، چونكە سەرباری قارەمانی و پاڵەوانی و شەڕ و شۆڕش و قوربانیدان، (فەلەك) لەگەڵ ئێمەدا خائینە، فەلەك ڕەمزێكە بۆ هێزگەلی سیاسیی نێو دەوڵەتی ئەو كات، هەروەها دوژمن و نەیارانی كورد، كە نووسینەوەی مێژوو بە زۆرداری لە دەست ئەواندایە. ئەوان ئەو هێزەن لە شەڕی یەكەمی جیهانیدا سەركەوتن و نەخشەیەكی سیاسیی نوێیان بەسەر كورداندا سەپاند، ڕاستە ئەوان لە لایەنی ماددییەوە مێژوویێكی ئاشكرایان پەیدا كرد، نەخشەیەكی سیاسیان بەسەر خاكی كوردستاندا سەپاند، مێژووی ماددییان وەك ئەوەی خۆیان ویستیان بە پارچەپارچەكردنی كوردستان نووسییەوە، بەڵام مێژووی موقەدەس و ڕەمزی لە نێو دڵ و ڕۆحی كوردان دایە، مێژووی قودسی بەهاگەلی مرۆیی و ئەخلاقی و هەقانی لە نێو خۆیدا بە زیندوویی دەهێڵێتەوە.

ئەو مێژووە ماددی نییە، ئەگەر هەموو كوردیش بكوژرێن حەیف نییە، بەڵام حەیف ئەوەیە هێزەكانی نێودەوڵەتی و نەیارەكان، لە ئاست هەڵوێستی مرۆڤایەتی خائین دەرچوون، لەگەڵ ژیان و جیهان خائین بوون، لەگەڵ ڕۆح و ڕەمز و هێماكانی زیندووبوون ڕاستگۆ نەبوون.

ئەم هێزانەی جیهان، ڕاستە لە لایەنی ماددییەوە، لە جەنگەكانی داگیركردندا سەركەوتن، چونكە چەك و جبەخانەی پێشكەوتوو و لەشكر و سوپایەكی گەورەیان هەبوو، بەڵام لە لایەنی ڕەمزی و ڕۆحییەوە سەر نەكەوتن، نەخێر ئەوان هێزێكی بەزیو و دۆڕاون، هەر چەند بە كوشتنی كوردان شاد ببن، بەڵام كورد خاوەن هەق و سەرمایەیەكی قودسین، كە ئەمەش خەونە بە سەربەخۆیی و ئازادی و سەربەستی، كە هیچ هێز و مێژوونووسێك ناتوانێت، ئەم خەونە لە ڕۆحی كوردان دەربێنێ، كورد بە مردنی سمایل ئاغای شكاك شۆڕشێكی لەدەست دا، بەڵام نەبەزین!

هەروەها كاوێس ئاغا لە لاوكی (بابێ عەبدولكەریم نایف) دا، دەڵێت: «بەلێ زەرێ د حەیفێ چوو دا نیمە ل من هاتە كوشتنێ پاشایەك ل پاشایێ حەموودیا».

لێرەدا دەبینین كاوێس ئاغا بۆ كوشتنی كەسێك كە پاشایە خەمبارە، پاشا ڕەمزە بۆ میللەتەكەی، لە قاڵبی كەسی خۆی و تاكییەكەی دەردەچێت و دەبێتە ڕەمزێكی مێژوویی ڕۆحی، بۆیە حەیف بۆ ئەو ڕەمزەیە كە دەكوژرێت، چونكە كوشتنەكەی دەبێتە ئەگەری شادی و كەیفخۆشی بۆ دوژمنان.

ڕەمز بۆ میللەتان گرنگن، ڕەمز سەرمایەیەكی قودسییە، هێزێكی دەروونی و مەعنەوی بە گەل دەدەن، بۆیە كاوێس ئاغا لە حەیفی ئەمەدایە، كە ڕەمزێكی نەتەوە نەمێنێت، چونكە ئەو هێزێكی قودسییە و بۆ چارەنووسی میللەت لە هێزی ماددی گرنگتر و كاریگەرترە.

هەروەها كاوێس ئاغا لە لاوكی (كەلێ كاشخانێ)دا دەڵێت: «ئەز د حەیفێ چ دانیمە ل پاش كوڕە لاوكێ من، دمینی
لۆ، بووكا سالێ دەست ب خەنە
لاوكۆ، لێ، لێ سەر ب خێلی».

یان دبێژیت: «وەی لێ هەی لۆ لاوۆ ب كەلێ كاشخانێ
دا كەتم دایێ ڕەبەنێ
لێ لێ، وا ب گێڕە، بەلێ تۆپ و جەبەخانێ ڕۆمی
گرانە، لێ هاتن وێرە
وەلێ كوڕۆ وەزێ د حەیفێ چ دانیمە، دە لۆ بووكا سالێ
دەست ب خەنە سەر ب خێلێ هێلا چ ژ كێ ڕە؟»

كاوێس ئاغا، لێرەدا باسی خەمێك دەكات، كە لە لایەنی ماددییەوە زۆر دیار نییە، بەڵام لە لایەنی ڕۆحی و ڕەمزییەوە كاریگەرە، دایكی لاوكۆ لە حەیفی ئەمەدا نییە كوڕەكەی





هۆشەنگ شێخ محەمەد

بۆ گوڵانی نووسیوە

لە نێو لەشکری ڕۆمیدا دەبێتە سەرباز، هەرچەندە تۆپ و جبەخانەی ڕۆمییان گرانە! بەڵام ئەو لە خەمی بووکی یەك ساڵیدایە، چۆن بە تەنیا بمێنێتەوە؟! چۆن بێ زاواکەی بژیت و شەوگار و ڕۆژگاری دەرباز بکات؟ چۆن کاتەکانی فیزیکی و ڕۆحی بەبێ پیاوەکەی تێپەڕێنێت؟ چۆن بتوانێت بژیەت و پیاوەکەی لە نێو لەشکرێکی گەورە و گرانی دوژمنکار دابێت؟.

کاوێس ئاغا بە دیتنی ئەو وردەکارییە نادیار و شاردراوانەی نێو مێژووی ماددی، قووڵایی و ماددەیەکی قورس و سەرەکی و زیندوو بە لاوکەکانی دەدات، وشەی سادە و زمانی دەربڕینەکەی، تێگەیشتنێکی مرۆیی و ڕەسەن لە نێو خۆیدا دیار دەخات، ئەو قووڵاییە مرۆییەی لە نێو مێژووی قودسی لە لاوکەکانی کاوێس ئاغادا دەبیندرێن، بە پلەی نایاب خاوەن زمانێکی ڕەسەن و مرۆیین، چونکە زمانی کاوێس ئاغا، گەلێك سادەیە و پەنا ناباتە بەر هیچ وتارێکی دینی، یان تەنانەت سۆفیگەری، یان تەریقەت و هەر شتێکی دی، کە پەیوەندی بە بەهایەکی ئاسمانییەوە هەبێت، نەخێر زمانێکی سەرزەمینی، کۆمەڵایەتی، مرۆیی گرێدراوی خاك و سرووشت و دەروونی مرۆڤ بەکاردێنێت، وابەستەی دۆزە ڕۆحی و ڕەمزییەکەیەتی، واتا قودسییەتی بابەتەکانی کاوێس ئاغا لە مرۆڤ و ئازادی و سەربەخۆیی پێك دێت. ئەمانە لای کاوێس ئاغا دەبنە هەقیقەت لە قودسیبووندا، واتا مێژووی قودسی لە تێگەیشتنی کاوێس ئاغادا بۆ ژیان و زیندووبوون و ئەزموونی مرۆڤ لە جیهانەوە دێت، ئەو جیهانەی هێزگەلی سەردەست دەیانەوێت کۆنترۆڵی بکەن، کاوێس ئاغاش دەیەوێت ئازادبێت، ئەو جیهانەی هێزەکانی دوژمنان، دەیانەوێت بەهاگەلی ڕەمزی و مەعنەویی ڕۆحی لە ناو ببەن، کاوێس ئاغاش دەیەوێت ئەو بەهایانە بپارێزێت!.

کاوێس ئاغا لە لاوکی (خێلیدۆ)دا دەڵێت: «بەلێ حەیفێ من کوشتنێ ڕەزگۆی نیە، بەلێ حەیفێ من چەفتەکانی خێلیدی دانە دەستێ وان دەلالان.

برنە شارێ (ئەرزەرۆمێ) بەلێ من زانی، برا بزانە دانە سەد و بیست کاوڕێ دەم ب خالێ، نەما نەما نەما نەما خێلیدۆ م دورێ مەلەزگرێ، نەما، بەرێ مەلەزگری ب دارێ دڕی، وەسپێ خێلیدی ڕەزگۆ ل سەرێ مەیدانێ تیۆ ل سەری مەیدانی دەنرێ، بلا کولا حەلەبێ بکەوێت ل مالا (عەلی خانێ حەیدەرانی، ل سەرێ مەیدانێ جۆتەکە دەمانچان دابوو ل بەژنێ خێلیدی ڕەزگۆ کەکی نوری سواری دەلۆنیگارێ، بەلێ حەیفێ من کوشتنی واغاییێ گران نینە، حەیفێ من دێ چەفتەکانی خێلیدی ڕەزگۆ دانە دەستێ وان دەلالان، برنە شارێ (ئەرزەڕۆمێ) بەلێ دان ب سەد و بیست کاوری جەو نەبرین، نەما، نەما، نەما، نەما خێلیدۆ مدورێ مەلەزگرێ...».

خێلیدۆ سوارچاك و قارەمانێکی کورد بووە، ناوی ئەسپەکەی (دەلۆ نیگار) بووە، بە دەستی (عەلی خانی حەیدەران) دەکوژرێت، جگە لەوەی کوشتنی خەسارەتێکی گەورە بووە، بەڵام کاوێس ئاغا دەڵێت: «لە حەیفی ئەمەدام، کە جەمەدانی و چەڤییە و پێڵاوەکەیان لە شاری ئەرزەڕۆمەوە فرۆشتووە!»

لای کاوێس ئاغا فرۆشتنی ئەم کەلوپەلانە، سنووری ماددیبوونەکەی خۆیان تێدەپەڕێنن و بەهایەکی قودسی پەیدا دەکەن، جەمەدانی و کەڤیك و دەرسۆك و پێڵاو و هەسپ و هەر شتێکی دی کەسێکی قارەمانی وەك (خێلیدۆ)، دەبێت مرۆڤ بە شانازییەوە بیانپارێزێت، نەوەك لە ئەرزەڕۆمی بفرۆشرێن.

بێبەهاکردنی قودسییێتی شتەکان، شتگەلی ماددی و داماڵینیان لە بەها و ڕەمزگەلی موقەدەس و ڕۆحانی، یەکێکە لە سیماکانی سستمگەلی نوێی جیهان، کاویس ئاغا پێش نزیکەی سەد ساڵ، بە لاوکەکانی هاوار دەکات و ئاگادارمان دەکاتەوە، کە دوژمنەکانی ئێمە بزاڤ دەکەن مێژووی قودسیی ئێمە تاڵان بکەن،سەرمایەی ڕەمزی و مەعنەویی ئێمە لەنێوببەن.

ئەو مێژووەی نەتەوە و مرۆڤەکان دەپارێزێت و هەستی شانازیکردنیان پێدەدات، مێژووی ماددی نییە، بەڵکو مێژووی ڕۆحە، موقەدەسێکی زەمینی و وابەستەی خاك و گەل و نیشتمان و ئازادی و سەربەخۆییە، وابەستەی کەسانی قارەمان و شۆڕشگێڕ و شۆڕش و قوربانیدان و خەباتی ژن و پیاو و منداڵ و پیر و لاو و ئاغا و عەشیرەت و سوارچاکانی کوردە، مێژوویەك، دەروون و هێزی ڕەوانی و ئەقڵی و ڕۆحیی مرۆڤ، پێش هێزگەلی ماددی پەیدا دەکات، مێژوویەك مرۆڤ فێر دەکات لە خراپترین کات و شوێندا، لە نەخۆشترین دۆخدا، هەرگیز نەبەزێت.

**کاویس ئاغا پێش نزیکەی سەد ساڵ، بە لاوکەکانی هاوار دەکات و ئاگادارمان دەکاتەوە، کە دوژمنەکانی ئێمە بزاڤ دەکەن مێژووی قودسیی ئێمە تاڵان بکەن،سەرمایەی ڕەمزی و مەعنەویی ئێمە لەنێوببەن**

# ستاتیکای پ

ئا/ تاریق كارێزی



زێدەڕۆیی ناكەین ئەگەر بڵێین، كورد لە ڕووی جل و بەرگەوە یەكێكە لە نەتەوە هەرە دەوڵەمەندەكانی جیهان، لە ڕووی هونەر ستایلی جل و بەرگ و هەمەچەشنیی پۆشاكەوە، خاوەن میراتێكی زۆر گەورە و بەرینە. ژیار و شارستانیەتی هەر نەتەوەیەك، تا ئەندازەیەكی زۆر زادەی ژینگەی وڵات و نیشتیمانەكەیەتی، پۆشاكیش بەشێكی گرنگە لە میراتی شارستانیی هەرە نەتەوەیەك.
هەمەچەشنی لە تۆپۆگرافیای كوردستان وەك یەكەمین زێدی دووەمین وەچەی بەرەی مرۆڤایەتی، كە ئامێزی بەرز و سەركەشی جوودیی بۆ كەشتییەكەی حەزرەتی نووح كردەوە، دوو توخمی زۆر گرنگی بۆ میراتی شارستانیی كورد بەدی هێنا. لە لایەك ئەم نیشتیمانە بوو بە لانكەی دووەمین وەچەی مرۆڤایەتی و قووڵاییەكی بێ وێنەی مێژووی پێ بەخشی، لە لایەكی دیكەوە هەمەڕەنگیی سروشتەكەی ڕێی بۆ ئازادیی خەڵكەكەی خۆش كرد، لە هەر دەڤەرێكدا ئازادانە بیر بكەنەوە و هەستی داهێنان و خۆ گونجاندن لەگەڵ سروشت و ژینگەیان لە لا، لە ئاستێكی بەرز و باڵادا بێت. لەم ئازادییەشدا كەرەستەی بەردەست، لە پاڵ سەلیقەی جوانخوازانەی كورد، ڕۆڵی باڵایان لە چۆنیەتی هەڵبژاردنی ستایل و كەرەستەی خاوی جل و بەرگ و جۆری ڕەنگدا هەبوو.
سەرمای زستان، چیای سەخت و عاسێ و سروشتی ڕەنگینی وڵات، لە دێر زەمانەوە كوردیان بەرەو ئەوە بردووە، لە تەوقی سەرەوە تا بنی پێ پۆشتە بێت. ئەمەش لە گەردانەی زمانی كوردیشدا ڕەنگی داوەتەوە. چەندین وشە بۆ گوزارشت كردن لە پۆشاك پۆشین بەكار هاتوون، بۆ نموونە: كڵاو و جەمەدانە (لەسەر دەكرێن)، پەنجەوانە و بازن (لە دەست دەكرێن)، شەرواڵ و دەرپێ، خڕخاڵ و پاوانە، گۆرەوی و پێڵاویش (لە پێ دەكرێن)، كورتەك و كراس و چۆخە و سەڵتە (لەبەر دەكرێن)، ئەنگوستیلە و ئەڵقەش (لە پەنجە دەكرێن). لەو هەمەڕەنگییەوە دەوڵەمەندیی پۆشاكی كوردیمان بۆ دەردەكەوێت، ئەمەش دەروازەیەكی گەورە بە ڕووی توخمەكانی جوانیدا دەكاتەوە.





# ـــــــــۆشاکی کوردی



لە جل و بەرگی پیاواندا جوانییەکی زۆر لە ڕەنگ و فرەیی و دیزایندا دەبینین. سەر و مێزەر بە جەمەدانە و مشکی و چیت و کڵاو و سەرکڵاوییەوە، جوانییەك بە سەر و سیمای پیاو دەدەن، پاشان ئەگەر ڕانك و چۆخە بە نموونەی باڵاپۆشی پیاوان وەربگرین، جوانی لە دیزاین و فەڕاحی بۆ جەستە و هەمەجۆری لە ڕەنگدا پیشان دەدات، جگە لەوەی پشتێن بۆ خۆی دەرفەتێکی زۆری جوانی و گورج و گۆڵی بۆ پیاوی کورد دەستەبەر دەکات. خۆ ئەگەر بەرەو ئارایشت یان زەروورەتی فەقیانە و دەسماڵ و پووزەوانە و گۆرەوی و ئیکسیسواری شتانی بەرپشتێن بچین، دەبینین جل و بەرگی پیاوانی کورد، مۆدیڵێکی زۆر جوان و سەرنج ڕاکێشی پۆشاکی پڕ لە ستاتیکا و جوانی دەخاتە ڕوو.

لە پۆشاکی ئافرەتاندا، هەموو نەتەوەکان بە مەودایەکی زۆر دەکەونە دوای کوردەوە. هەزاران خانە و کارگە و دامەزراوەی جل و بەرگ و پۆشاك لە جیهاندا هەن، دیزاینەری زۆر بە توانا لەو خانە و کارگە و دامەزراوانەدا کار دەکەن، دنیای پۆشاك و جل و بەرگ لە جیهاندا بەرحوکمی هەژموونی بەرهەمی ئەوانە، هەتا ئێستا تێکڕای دامەزراوەکانی دیزاینی جل و بەرگ لە جیهاندا، نەیانتوانیوە پۆشاکێکی هێندە جوان و سەرنج ڕاکێش بە ئەندازەی جوانیی پۆشاکی ئافرەتی کورد دیزاین بکەن.

ستاتیکای پۆشاکی ئافرەتی کورد لە چەندین ڕەگەزدا خۆی دەنوێنێت. باڵاپۆشە، فرە پارچەیە، دیزاینێکی دەوڵەمەند و شاهانەی هەیە، بێ سنوور دەرگا بە ڕووی ڕەنگ و نەخش و فرەیی پێکهاتەیان دەکاتەوە، لە بەرزترین ئاستی جوانی و شۆخ و شەنگیدا، خزمەت بە لایەنەکانی جوانیی ئافرەت دەکات تا ئەندازەی ئەوەی هەر ئافرەتێك جلی کوردی بپۆشێت، چەشنی خانمێکی شازادە خۆ دەنوێنێت.



# ئەزموون خەڵاتی تایبەتی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی «مۆنس»ی بەلژیکای بەدەست هێنا



فیلمی سینەمایی «ئەزموون» The Exam چوارەمین فیلمی بڵندی سینەماکاری کورد «شەوکەت ئەمین کورکی»، لە بەشی «پێشبڕکێی نێودەوڵەتی» سی و حەوتەمین خولی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی «مۆنس» Mons لە شاری مۆنس لە وڵاتی بەلژیکا نمایشکرا و، لەلایەن بینەران و ڕخنەگرانی سینەماییەوە بە گەرمی پێشوازیی لێکرا و، لەلایەن ئەندامانی لیژنەی دادوەرییەوە خەڵاتی تایبەتی پێ بەخشرا.

سی و حەوتەمین خولی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی «مۆنس» بە نمایشی کۆمەڵێك فیلم لە سینەماکارانی وڵاتانی جیهان و، لە بەشە جۆراوجۆرەکانی پێشبڕکێ و دەرەوەی پێشبڕکێی لەوانە: بەشی «پێشبڕکێی نێودەوڵەتی»، بەشی «پێشبڕکێی سینەمای ئەورووپا»، بەشی پێشبڕکێی «خەڵاتی بینەران»، بەشی پێشبڕکێی «کورتە فیلمی بەلژیکا»، لیژنەی دادوەرانی بەشی «پێشبڕکێی ٤٠٠ زەربە»، بەشی «یەکەمین نمایشی بەلژیکا»، بەشی «فیلمە بڵندە سینەماییەکان»، بەشی «عاشقانی فیلم»، بەشی «مێژووی سینەما»، بەشی «سینەمای بەلژیکا»، بەشی «کۆبوونەوەی ئەنجوومەنەکان»، بەشی «سیمینارە سینەماییەکان»، بەشی پسپۆڕانەی «ڤۆرکشۆپی فێرکاری»، لە ڕۆژانی ١١ تا ١٩ی مارسی ئەساڵ لە شاری مۆنس لە وڵاتی بەلژیکا بەڕێوەچوو.

# خەڵاتی تەها کەریمی لە یەکەمین فێستیڤاڵی فیلمی «کورت و کرمانجی» پێشکەش کرا

**بە یاد و پێشکەشکردنی خەڵاتی سینەماکاری کورد ڕەوانشاد «تەها کەریمی» و خەڵاتی دەرهێنەری کورد شەهید «خەلیل داخ» یەکەمین خولی فیستیڤاڵی فیلمی «کورت و کرمانجی» بەڕێوە چوو.**

یەکەمین خولی فێستیڤاڵی یەك خولەکی کورتە فیلمی «کورت و کرمانجی» Kurt û Kurmancî بە بەرپرسیاریی «فێرات کێڤێر» FeratKevir وێنەگری کوردی دانیشتووی وڵاتی ئەڵمانیا، «ئاردین دێرین» ArdînDîren دیکۆمێنتساز و ڕۆژنامەوانی کوردی باکووری کوردستان و «فەرهات بایسال» Ferhat Bay-sal بەرپرسی ماڵپەڕی «سینەمای کورد»ی دانیشتووی وڵاتی بەلژیکا، بە یاد و پێشکەش کردنی خەڵاتی سینەماکاری کورد ڕەوانشاد «تەها کەریمی» و خەڵاتی شەهید «خەلیل داخ» Xelîldağ دەرهێنەری کورد و بە تەرکیز لەسەر تایبەتمەندی و تواناکانی زمانی کوردی و بە هەوڵی ماڵپەڕی «سینەمای کورد» بە ناونیشانی (www.sinemayakurdi.net) و «تۆر فیلم» Tor Film و هەروەها بە هاوکاریی یەکێتی مامۆستایانی کورد لە ئەورووپا بۆ ماوەی مانگێك بە شێوەی ئۆنلاین بەڕێوە چوو.

هۆگران و بینەرانی سینەما، دوای بینینی ١٦ بەرهەمی ئامادەبوو، لە بەشی کۆتایی یەکەمین خولی فێستیڤاڵی یەك خولەکی کورتە فیلمی «کورت و کرمانجی»، بە ٨٦٤١ دەنگ دەنگیاندا کە دوای کۆتایی هاتنی قۆناغی دەنگدان، فیلمە براوەکان دەستنیشان کران و بەم شێوەیە خەڵات بەسەریاندا دابەشکرا:

خەڵاتی یەکەم: بە ناونیشانی خەڵاتی سینەمای «ئاموودە» Amûdê بڕی ٥٠٠ یۆرۆ بە کورتە فیلمی «ئێستا بەبێ ترس» ÊdîBêyîTîrs لە دەرهێنانی «ڕەزوان دیهارۆ» Ridwan Diharo بە بەدەستهێنانی ٢٠١٧ دەنگ بەخشرا.

خەڵاتی دووهەم: بە ناونیشانی خەڵاتی ڕەوانشاد «تەها کەریمی» سینەماکاری بانەیی بڕی ٥٠٠ یۆرۆ بە کورتە فیلمی «ق.و.خ» Q-W-X لە دەرهێنانی «نووروڵا ئاکجان» NurullahAkcan بە بە بەدەستهێنانی ١٩٤٩ دەنگ پێشکەش کرا.

خەڵاتی سێیەم: بە ناونیشانی خەڵاتی شەهید «خەلیل داخ» Xelîldağ دەرهێنەری کورد بڕی ٥٠٠ یۆرۆ بە کورتە فیلمی «زەینی منداڵی» HişêZarok لە دەرهێنانی «فیرات یاووز» Firat Yavuzبە بەدەستهێنانی ١٧١٤ دەنگ بەخشرا.

خەڵاتی کوردستان: خەڵاتی تایبەتی «کوردستان» بە کورتە فیلمی «لە ماڵێ» Li Malê لە دەرهێنانی «خەلیل ئاکگوڵ» XelîlAkgul بە بەدەستهێنانی ١٣٥٨ دەنگ پێشکەش کرا.

لە وتاری کۆتایی بەرپرسانی یەکەمین خولی فێستیڤاڵی یەك خولەکی کورتە فیلمی کورت و کرمانجیدا هاتووە: ئێمە بە بینەران و فیلمسازانی بەشداربوو لەم فێستیڤاڵە دەڵێین کە ماڵەکانتان لەو کاتەوە گەشەی کرد و پڕ لە ڕۆشنبیری بوو، کە کورتە فیلمە کوردییەکانتان بۆ ماوەی مانگێك لە سەرتاسەری ئەم جیهانەوە بینی. زۆر سوپاسی ئەو فیلمسازانە دەکەین کە ئەم بەرهەمە کورتە پڕمانا و کاریگەریان ساز کردووە.





دڵسۆزعوبێد

یاریزانی گۆڕەپان و مەیدانی هەڵبژاردەی عێراق:

# خەمساردیی لایەنی پەیوەندیدار و گرنگی نەدان بە یارییەکە نیگەرانیی لای ئێمە دروست کردووە

**شاری سلێمانی هەمـوو کات بـەوە نـاوی دەرکردووە کـە لـە یارییەکانی گۆڕەپان ومەیدان و، لـە دروستکردنی چەندین یاریزانی بەتوانا لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان و بگرە لە عێراقیش پێشەنگ بووە، یانەی سیروانی نوێ یەکێکە لـەو یانانـەی کـە بـەردەوام لـە هەوڵی پێگەیاندنی یاریزانانی ئاسـتە جیاوازەکانـدا بـووە، یەکێك لـە یاریزانە بەتواناکانی یانەکـەش (دڵسـۆز عوبید)ـە، کـە ماوەیەکی زۆرە لـە نـاو گۆڕەپانەکانی کوردستان و عێراقدا دەبینرێت، بەتایبـەت لـە یاریی ڕاکردنی خێرادر بە شدارە و، خاوەنی چەندین ئەنجامی باشە، دڵسۆز لەدایکبـووی سـاڵی ١٩٩٠ی ناحیـەی پیرەمەگروونـە، بـۆ هەریـەك لـە یانەکانی پیرەمەگروون و سـەرچنار و پێشمەرگەی هەولێر و پێشـمەرگەی سـلێمانی و تیمـاو ئەلموتەقیـن و فەتاتـی بەغـداد یاریـی کـردوە، ئێسـتاش یاریزانی یانـەی سیروانی نوێیە، دەرچووی کۆلێژی پەروەردەی وەرزشییە و ئێستا قوتابی ماستەرە لە زانکۆی سلێمانی، ئێمـەش لـە نزیکـەوە چەند پرسیاریکمان لـێ کرد ئەوەیش بەمجۆرە وەڵامـی پرسیارەکانی گۆڤـاری گوڵانی دایـەوە.**

**دیمانە: کارزان کانەبی**

*** ماوەیەکـی زۆرە یاریـی گۆڕەپـان و مەیـدان دەکەیـت، ئـەم یارییـە چـی پـێ بەخشـیت؟**

- وەك دەزانـن نزیکـە ١٢ سـاڵە مـن یاریزانـی ئـەم بـوارەم، ئـەم یارییـە زۆر شـتی جوانـی بەمـن بـە خشـیوە، کەسـانی باشـم تێـدا ناسـیوە، هەروەهـا دەسـتکەوت و کۆمەڵـێ یادگاریـی جوانیشـم هەیـە.

*** بۆچی یاریی گۆڕەپان و مەیدانت هەڵبژارد؟**

-هەسـتم کـرد دەتوانـم لـەم یارییـەدا خـۆم ببینمـەوە، چونکـە پێشـتر یاریـی جیاوازتـرم ئەنجـام دابـوو.

***هەست ناکەیت یارییەکی قورست هەڵبژاردووە؟**

-لەگـەڵ ڕۆحمـدا تێکـەڵ بـووە، قورسـە بـەڵام مـن خۆشـم دەوێت دوای ماندووبوون دڵخۆشی بە خشیوە پێم.

*** ئاستی یاریی گۆڕەپان و مەیدان چۆن دەبینیت لـە کوردسـتان؟**

-کۆمەڵێـك یاریزانـی باشـمان هەیـە، چەنـدان ئەنجـام و دەسـتکەوتی باشـمان هەیـە، بـەڵام خـەم سـاردیی لایەنـی پەیوەندیـدار و گرنگـی نـەدان بـە یارییەکـە نیگەرانـی لای ئێمـە دروسـت کـردووە زۆر کات.

*** پێت باشە چی بکرێت بۆ بەرەو پێشـبردنی ئـەم یارییـە لـە کوردسـتان، بـۆ ئـەوەی بگاتـە ئاسـتێکی بـەرز؟**

- دابینکردنـی یاریگـەی تایبـەت، ئەمـە گرنگتریـن شـتە بـۆ یارییەکـەی ئێمـە، کـە ئـەم کارە بکرێت ئـەم یارییـە دەچێتـە قۆناغێکـی باشـتر.

*** خەونت لەم یارییەدا چییە؟**

-خەونـی مـن وەك هەمـوو یاریزانێـك گەیشـتنە بـە ئۆلۆمپیـاد، بـەڵام مـن پێـکان ڕێگریـی لـێ کـردم و، مـاوەی زیاتـر لـە یـەك سـاڵ دابـڕام.

*** چۆن بوو یانەی سیروانی نوێت هەڵبژارد؟**

- مـن نزیکـەی ١٠ سـاڵە لـە یانـەی سـیروانی نوێـم، بێگومـان هەڵبژاردنـی ئـەو یانەیـەش فـەخر و شـانازییە بۆ مـن.

*** باشترین ئەنجامەکانت وەکو یاریزان چی بوون؟**

- خاوەنـی شـەش مەدالیـای زیـو و برۆنـزم لـە پاڵەوانێتـی دەرەوە، خاوەنـی دوو ڕیکـۆردی عێراقیـم و چەندیـن ئەنجامـی شایسـتەم هەیـە، کـە بەکـەم بـووم.

*** جگـە لـە یاریی گۆڕەپان و مەیدان چ یارییەکی دیکـەت ئەنجام داوە ؟**

-یارییـە سیانییەکانم ئەنجام داوە لەگـەڵ هەڵبـژاردەی عێـراق، تۆپـی دەسـت و پاسکیلسـواری، لەگـەڵ هەڵبـژاردەی زانکـۆ، فوتسـاڵ و تۆپـی بالـە لەگـەڵ هەڵبــژاردەی پـەروەردوکان.

*** هیواو ئاواتت لەم یارییە؟**

-هیـوام کردنـەوەی فێرگەیەکـی گەورەیـە بـۆ یارییەکـەم بـۆ هـەردوو ڕەگـەز.

*** بڕیارت نەداوە ڕوو لە بواری ڕاهێنەری بکەیت؟**

- جـارێ بڕیـاری ئـەوەم نـەداوە، دەمـەوێت کاتـێ بڕیـار بـدەم کـە بروانامەیەکـی نێودەوڵەتـی ڕاهێنەرایەتیـم هەبێـت.

*** هیچ یانەیەك داوای گرێبەستی لێ نەکردووی؟**

- بێگومـان یانـە هەبـووە، بـەڵام مانـەوەم لـە سـیروانی نـوێ هەڵبـژاردووە.

*** خانەوادەکەت تا چەند هاوکارتن؟**

-خانەوادەکەم زۆر هاوکار و پاڵپشتمن بۆ وەرزشکردنم.

*** ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتاییدا؟**

-زۆر سـوپاس بـۆ گۆڤـاری گـوڵان بـە هیـوای ئـەوەم سـەرجەم یاریزانـان بـە سـەر بکرێنـەوە.

# هەندرێن شەڕی بەدەستهێنانی ئەنجامی گەورە دەکات

هەر چەندە یارییەکانی خولی نایابی یانەکانی کوردستان چەند هەفتەیەکی ماوە و، یانەی هەندرێنی شاری هەولێریش لە سەرەتای دەستپێکی یارییەکانی ئەم وەرزەی خولە گەورەکەی کوردستاندا، بە کۆمەڵێك یاریزانی شارەکە شەڕی بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستەی کردووە، یانەی هەندرێن تەنیا بە شەش خاڵ لە دوای یانەی سیروانی نوێ دێت، ستافی ڕاهێنەرانیش نایانەوێت لە ئێستاوە دەستبەرداری خولەکە ببن بۆ یانە ڕکابەرەکەیان، لەم بارەشەوە دڵشاد مەعرووف ڕاهێنەری یانەی وەرزشیی هەندرێن، بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «بۆ ئێمە هەموو یارییەك گرنگیی خۆی هەیە، چونکە دەمانەوێت لەم چەند یارییەی ماومانە، شەڕی ئەنجامی شایستە بکەین، خولەکە خۆی گرنگە یانەکان هەموویان بەهێزن، هەر یارییەك بۆ هەر تیپێك وەکو یاریی کۆتایی وایە، ڕاستە ئێمە شەش خاڵ لە دواوەین، بەڵام بێ هیوا نابین و لە تۆپی پێدا هەموو شتێك ڕوو دەدات، ئێمە لەم چەند

# ئارارات متمانەی بەخشییە عەبدوڵا مەحموود

تیپی تۆپی پێی یانەی وەرزشی ئارارات ئەم وەرزە لە خولی نایابی یانەکانی کوردستان ئاستێکی مام ناوەندی هەیە، لە سەرەتای خولەکەش یانەکە متماتەی بەخشیبووە ( ئە نو ە ر محە مە د ) ی ڕاهێنەری پێشووی یانەکە، بەڵام بەهۆی ئەنجامە خراپەکانی لە چەند یاریی ڕابردوودا، دەستەی ڕاهێنەرانی یانەکە بە فەرمی دەستیان لە مەشقی یانەکە کێشایەوە، کارگێڕیی یانەی وەرزشیی ئاراراتیش بە فەرمی عەبدوڵا مەحمودی ڕاهێنەری بەناوبانگی کوردستانی بە ڕاهێنەری یانەکە دەستنیشان کرد، لەم بارەشەوە (سۆران جەوهەر) سکرتێری یانەی وەرزشیی ئارارات بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «هێنانی ستافی ڕاهێنەرانی تازەی یانەکەمان تەنیا بۆ ئەو چەند یارییە، بۆ ئەوەی شوێنی ستافی ڕاهێنەرانی پێشوو پڕ بکەنەوە، کە بە ئارەزووی خۆیان دەستیان لە مەشقی یانەکە بەردابوو، هۆکارەکەشی بۆ خراپیی چەند یارییەکی تیپەکەمان دەگەڕێتەوە»، سۆران جەوهەر گوتیشی: «ئامانجی ئێمە لەم وەرزە تەنیا مانەوەمانە لە خولەکە، هەر چەندە ئێستا لە ناوەڕاستی خولەکەداین و دەمانەوێت ئەو چەند یارییەی ماومانە، ئاست و ئەنجامی باش پێشکەش بکەین، بۆیە دەمانەوێت بزانین ئەم یارییانەی ئەنجامی دەدەین ئەنجامەکانمان چۆن دەبێ، دوای تەواو بوونی خولەکەش ئەو کات بڕیاری دەستەی کارگێڕی دەدرێت، بۆ ئەوەی ساڵی داهاتوو چی بکەین، ئێستا تەنیا بیر لەو چەند یارییە دەکەینەوە کە ماوە، بۆ ئەوەی ئەنجامەکانمان باش بێت، تیپەکەش بێتەوە سەر ڕێچکەی سەرکەوتن»، کاپتن عەبدوڵاش یەکێکە لە ڕاهێنەرە بەتواناکانی کوردستان، کە ئەرکی مەشقی یانەکەی وەرگرتووە و، ئەوەی لە توانامان‌دا بێت هاوکاریی تیپەکە و دەستەی ڕاهێنەران دەکەین، بۆ باشتر بوونی ئەنجامی شایستە، هیچ کێشەو گرفتێکیش لە تیپەکەماندا نییە، هەوڵ دەدەین ئەنجامەکانمان باشتر بکەین».



یارییەی ماومانە شەڕی سێ خاڵەکان دەکەین و، وەکو ستافی ڕاهێنەران پلانی تۆکمەی خۆمان هەیە بۆ ئەو چەند یارییەی ماومانە، دەمانەوێت بێ شکست لێی دەربچێن و، بتوانین بگەینە تیپی ڕکابەرمان، بۆ ئەوەی ژمارەی خاڵەکانمان وەکو یەکی لێ بکەین، بگرە بە پێش ئەوانیش بکەوین، یانەکان ئێستا هەمووی ڕکابەری یەکتری دەکەن، هەندێك شەڕی مانەوە و هەندێکیش شەڕی بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە دەکەن، دلشاد گوتیشی: «هیچ کێشەو گرفتێکمان نییە و یاریزانەکانمان ڕۆحییەتی ئەوەیان تێدایە کە ئەنجامی گەورە بەدەست بهێنین، وەکو ڕاهێنەرانیش متمانەمان بەخۆمان هەیە بۆ ئەوەی ئەنجامەکانی داهاتوومان دڵخۆشکەر بێت».



# خەڵات ئەسعەد دەچێتە بەغداد

هەر چەندە ئەم وەرزە یانەی ئافرەتانی هەولێر نازناوی خولی نایابی فوتساڵی یانەکانی کوردستانی بەدەست هێنا، لە پشت سەرکەوتنەکانی یانەکەش کچە گۆڵپارێزی قەزای ئاکرێ (خەڵات ئەسعەد) هەبوو، خەڵات ئەم وەرزە نازناوی باشترین گۆڵپارێزی خولی نایابی کوردستان بەدەستهێنا، بەهۆی ئاست بەرزیشی لەلایەن ژمارەیەك لە یانەکانی شاری بەغداد گرێبەستی پێشکەش کراوە، لەم بارەشەوە خەڵات بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «سوپاس بۆ خودای گەورە ئەمساڵ توانیمان ئاستێکی بەرز پێشکەش بکەین لەگەڵ یانەی ئافرەتانی هەولێر و، توانیمان نازناوەکەش بهێنینەوە پایتەختی کوردستان، بۆ خولەکانی عێراقیش ئێمە هەمووساڵێك یاری بۆ یانەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراق دەکەین و، خۆشمان یاریزانی هەڵبژاردەی خانمانی عێراقین، بۆیە ئەم وەرزە چەندین یانە داوای گرێبەستیان لێمان کردووە، دواجار لەگەڵ یانەی زەورای شاری بەغداد گەیشتینە ڕێکەوتن، بۆ ئەوەی لە خولەکانی عێراقی یارییان بۆ بکەین»، خەڵات ئەسعەد گوتیشی: «بۆ ئەم وەرزە هەر خولێکی عێراقی هەبێت، ئێمە بە پێی ئەو گرێبەستەی ئەنجاممان داوە یاری بۆ یانەی زەورا دەکەین، ئەوەی لە توانامان‌دا بێت وەکو یاریزانانی کوردستان ئەنجامی دەدەین بۆ ئەوەی بتوانین لە ئاستی عێراقیش ئاستمان بەرز بێت، بڕوای تەواویشم بەخۆم هەیە کە بتوانم لە یانەی زەوراش سەرکەوتوو بم و ناوی خۆم و ئەوانیش بەرز ڕابگرم، لە خولەکانی عێراقیش ڕکابەری لە نێوان یانەکاندا زۆرە، دەمانەوێ یانەی زەورا بگەیەنینە لووتکەی یانەکانی عێراقی، ئێستا لە بەغدا هیچ گرفتێکمان نییە و، لێرەین بۆ ئەوەی بتوانین ناوی کوردستان بەرز ڕابگرین لە نێو هەموو یاریزانانی عێراقدا».



# چارەنووسی سێ کوچکەی پاریس سانت جێرمان چییە

ڕۆژنامەکانی فەرەنسا هەواڵێکی چاوەڕواننەکراوی لەبارەی داهاتووی لیۆنێل مێسی، نیمار و ئێمباپێ بڵاوکردەوە.

کیلیان ئێمباپێ گرێبەستەکەی لە هاوینی داهاتوودا لەگەڵ یانە فەرەنسییەکە تەواو دەبێت، ماوەیەکی زۆرە ناوی بە یانەی ڕیال مەدرید بەستراوە و یانەی شاهانە دەیەوێت ئەو یاریزانە بباتە ڕیزەکانی، بەڵام پاریس سانت جێرمان کار بۆ ئەوە دەکات ئەو یاریزانە بهێڵێتەوە.

بەپێی هەواڵی میدیای فەرەنسا کارگێری یانەی پاریس سانت جێرمان بیر لەوە دەکاتەوە، دەستبەرداری هەریەکە لە لیۆنێل مێسی و نیمار ببێت، بۆ ئەوەی گوشارەکانی سەر یانەکەی کەم بکاتەوە و لە بەرامبەر ئەوەدا کار بۆ ئەوە بکات ئێمباپێ ڕازی بکات لەگەڵ یانەکە بمێنێتەوە.

سەرچاوەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن پاریس سانت جێرمان ئامادەی تێدایە دەستبەرداری هەریەکە لە مێسی و نیمار ببێت، بۆ ئەوەی ئێمباپێ بۆ ڕیال مەدرید بە مووچەیەکی بەرز و پارەیەکی خەیاڵی گرێبەستی یاریزانەکە نوێ بکاتەوە و ڕازیی بکات بە مانەوە لە یانەکەدا.

گرێبەستی مێسی لە ٢٠٢٣ لەگەڵ پاریس سانت جێرمان تەواو دەبێت، گرێبەستی نیمار لە هاوینی ٢٠٢٥، بۆیە دەستبەداربوون لەو دوو یاریزانە ئاسان نابێت، بەمەش نوێکردنەوەی گرێبەستی کیلیان ئێمباپێ بۆ پاریس سانت جێرمان کارێکی زۆر قورس دەبێت.

کارگێری یانە فەرەنسییەکە کار بۆ ئەوە دەکات لە بونیادنانەوەی پرۆژەی یانەکە تەنیا یەک یاریزانی بە مووچەی گەورە هەبێت، بۆ ئەوەی بتوانێت بەشێوەیەکی باشتر پرۆژەکەی گەشە پێبدات.






# بەمەرج دەبێتە ڕاهێنەری مانچستەر یۆنایتد

ئێریک تێن هاگ بە مەرجی دەستبەرداربوون لە کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ ئامادەیە ڕاهێنەرایەتی یانەی مانچستەر یۆنایتدی ئینگلیزی وەربگرێت.

ڕۆژنامەی دەیلی مەیلی بەریتانی بڵاویکردووە ئێریک تێن هاگ، ڕاهێنەری یانەی ئەیاکسی هۆڵەندی بەمەرجی دەستبەرداربوونی مانچستەر یۆنایتد لە سێ یاریزان ئامادەیە ڕاهێنەرایەتی ئەو یانەیە وەربگرێت، ئەو سێ یاریزانەش کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ، پۆڵ پۆگبا و هاری ماگوایەرن.

بەپێی ڕۆژنامەکە کارگێری یانەی مانچستەر یۆنایتد لەگەڵ تێن هاگ کۆبووەتەوە، کۆبوونەوەکەش ئەرێنی بووە، بەڵام ڕاهێنەرەکە مەرجی هەیە بۆ وەرگرتنی یانەکە.

سەرچاوەکە ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە تێن هاگ دەیەوێت پرۆژەیەکی نوێ لە مانچستەر یۆنایتد بونیادبنێت بۆ ئەوەی پرۆژەکەشی بەخێرایی گەشە پێبدات دەیەوێت ڕۆناڵدۆ، پۆگبا و ماگوایەر لە دەرەوەی یانەکە بن، بۆ ئەوەی گوشاری لەسەر نەبێت.

جگە لە تین هاگ، ماوریسیۆ پۆچێتینۆ ڕاهێنەری یانەی پاریس سانت جێرمان بەربژێرێکی دیکەیە بۆ وەرگرتنی ڕاهێنەرایەتی یانە ئینگلیزییەکە.

دەیلی مەیل دەڵێت: دوو یانەی دیکە ڕکابەری مانچستەر یۆنایتد دەکەن، بۆ ئەوەی تێن هاگ ڕازی بکەن ببێتە ڕاهێنەری تیپەکانیان، بەڵام ناوی یانەکانی ئاشکرا نەکردووە.




# چارنووسی ئەستێرییەکی بەرشلۆنە دیار نییە

داهاتووی رۆناڵد ئاراوخۆ، بەرگریکاری ئۆرۆگوای و یانەی بەرشلۆنە تاوەکو ئێستا بەتەواوی لەگەڵ یانەکە دیار نییە و چەند یانەش رکابەری لەسەر گواستنەوەی دەکەن.

بەپێی هەواڵی میدیای بەریتانیا، هەردوو یانەی ئەرسناڵ و چێڵسی ئینگلیزی چاودێری بارودۆخی یاریزانە ئۆرۆگواییەکە دەکەن، بۆ ئەوەی لە کەمترین هەلدا گرێبەستی لەگەڵدا واژۆبکەن و یاریزانەکە ببەنە خولی نایابی ئینگلیزی.

گرێبەستی ئاراوخۆ لەگەڵ بەرشلۆنە لە هاوینی ٢٠٢٣ تەواودەبێت، تاوەکو ئێستا هەنگاوەکانی یانە ئیسپانییەکە بۆ نوێکردنەوەی گرێبەستی ئەو یاریزانە بێ ئەنجام بووە و دیارنییە، کە یاریزانەکە بەردەوام دەبێت یان نا.

چاڤی هێرناندێز راهێنەری یانەی بەرشلۆنە داوای لە کارگێڕی یانەکەی کردووە نوێکردنەوەی گرێبەستی ئاراوخۆ پێویستییەکی گرنگە و لە داهاتوودا بەشێکی گرنگ دەبێت لە پرۆژەکەی لە یانەکەدا، بەڵام یاریزانەکە چاوی لەوەیە مووچەکەی بەرزبکرێتەوە، بۆ ئەوەی گرێبەستەکەی نوێ بکاتەوە.

بەپێی هەواڵێکی رۆژنامەی دەیلی ئێکسپرێسی بەریتانی، ئاراوخۆ دەستەوارەی بەرشلۆنەی بۆ نوێکردنەوەی گرێبەستەکەی رەتکردووە. بەرگریکارەکەی ئۆرۆگوای تەمەنی ٢٣ساڵە، لە ٢٠٢٠ پەیوەندی بە یانەی بەرشلۆنە کردووە و نرخی ئێستای دەگاتە ٤٠ ملیۆن یۆرۆ، بەڵام بەهۆی ئەو ئاستە بەرزەی پێشکەش دەکات، پێناچێت کارگێڕی یانە کەتەلۆنییەکە بە ئاسانی دەستبەرداری ئەو یاریزانە ببێت.

# تێستی کۆڤید١٩ بە دوو دڵۆپ لیکی دەم

لە سەرەتای پەتای کۆڤید١٩دا، تێستی PCR تاکە تێستی جێگای متمانە بوو، بەڵام نرخەکەی گران و کاتی زۆری دەوێت، پاشان تێستی ئەنتیجین Anti- gen test کە خێراتر و هەرزانترە، بەڵام زۆر جێگای متمانە نییە، بۆیە زانایان لە هەوڵی دۆزینەوەی ڕێگەی خێراتر و جێگەی متمانەدا بوون. بەم دواییە زانایان گەیشتنە بەردەستکردنی دەزگایەکی بچووک و سووک و هەرزان، کە بە تیشک کاردەکات بۆ تێستی دەستنیشانکردنی کۆڤید١٩ بە وەرگرتنی چەند دڵۆپێک لیکی دەم، لە ماوەیەکی زۆر کەمدا، باسیان لەمەش کردووە کە هەستیارییی تێستەکە دەگاتە ٩١,٢٪. ئەم دەزگا نوێیە تیشکی فلۆرێسێنت بەکاردێنێت بۆ دۆزینەوەی چڕیی ڤایرۆس لە شلەی لیکدا. تەنیا دوو دڵۆپ لیک لە ڕێگای تیوبێکی زۆر بچووکەوە وەردەگیرێت و لەگەڵ گیراوەیەکدا تێکەڵ دەبێت، کە دژەتەنی فلۆرێسێنتی تێدایە، پاشان گیراوەکە بە کەناڵێکدا تێدەپەڕێنرێت، کە بە تیشکی لەیزەر بەرنامەکراوە، لەکاتی بوونی ڤایرۆسی کۆڤید١٩ ئەوا بە سیگناڵی فلۆرێسێنت پیشان دەدرێت، ئەنجامەکە لە ماوەی کەمتر لە ٣٠ خولەک دەردەکەوێت. دەکرێت بەم دەزگا نوێیە ڕۆژانە ٢٠٠٠ تێست ئەنجام بدرێت، واتە هەرزان دەوەستێت، هەروەها دەتوانرێت کە دەزگاکە لە هەموو شوێنێک و بۆ هەر کەسێک بەکار بهێنرێت، دەزگاکە بۆ بەکارهێنانی هەمەجۆرەیە، واتە دەتوانرێت کە بۆ دەستنیشانکردنی ڤایرۆسی دیکەش بەرنامە بکرێت، وەکو ڤایرۆسی کۆرۆنای وەرزی، ڤایرۆسی ئەنفلەوەنزا، لەگەڵ بەکتریای ئی کۆلای E-coli.









# پرۆتینی ئاژەڵی، یان پرۆتینی ڕووەکی؟

ڕۆژانە خواردنی بڕی تەواوی پرۆتین گرنگە بۆ تەندروستی، پرۆتین لە خۆراکی ئاژەڵی و ڕووەکیدا هەیە، لە ڕابردوودا پرۆتینی ئاژەڵی بە پرۆتینی کلاسی یەکەم ناودەبرا گوایە لە پرۆتینی ڕووەکی باشترە، بەڵام زانا و پسپۆڕان جەخت دەکەنەوە کە لە ڕووی کوالێتییەوە جیاوازییان نییە، تەنیا لە ڕووی پێکهاتن و جۆرەکانی یەکەی بنەڕەتیی پرۆتینەکان نەبێت. هەموو پرۆتینەکان Proteins لە ترشی ئەمینی Amino acids جیاواز پێك هاتوون، شانەکانی لەش بۆ دروستکردنی پرۆتین نزیکەی ٢٠ جۆری جیاواز لە ترشی ئەمینی بەکاردەهێنن. لەش دەتوانێت کە هەندێك جۆری ترشی ئەمینی دروست بکات، بەڵام نۆ جۆری گرنگی دیکە هەیە، کە بە ترشە ئەمینە (زەروورەکان Essential) ناسراون و لەش ناتوانێت دروستیان بکات، بۆیە پێویستە تەنیا لە خۆراکەوە وەربگیرێن. پرۆتین ئاژەڵی بە پرۆتینی تەواو ناسراوە، چونکە هەر نۆ ترشە ئەمینییە گرنگەکان لەخۆدەگرێت، بە هەمان شێوە هەندێك پرۆتینی ڕووەکی وەکو بەزالیا و پاقلەی سۆیا Soyabeans بە پرۆتینی تەواو ناسراون، بەڵام زۆربەی پرۆتینە ڕووەکییەکانی دیکە بە پرۆتینی ناتەواو دەناسرێن، چونکە هەموو ترشە ئەمینییە گرنگەگان لەخۆناگرن، وەك پاقلەمەنییەکان و گەنم. سەرچاوە دەوڵەمەندەکانی پرۆتینی ئاژەڵی: گۆشت، ماسی و خۆراکی دەریایی، هێلکە،پەلەوەر، شیر و بەرهەمەکانی شیر. سەرچاوە دەوڵەمەندەکانی پرۆتینی ڕووەکی: پاقلەمەنییەکان، سۆیا و بەرهەمەکانی وەکو تۆفو Tofu، کاکڵەکانی وەکو گوێز و باوی و کازو، گەنم بەتایبەتی گەنمی سەوز، هەوێن Yeast.

# زیانەکانی نووستن پاش ژەمێکی چەوری پارشێو

لەگەڵ خواردن و هەرسکردنی خۆراك، گەلێك گۆڕانی بایۆلۆژی لە لەشدا ڕوودەدەن بەتایبەتی لە ئاستی شەکری خوێن، هاتووچۆی خوێن، هەروەها ئاستی هۆرمۆنەکان کە هەموویان کاریگەریی دەکەنە سەر ئاستی وزەی لەش، بۆیە پێویستە ئەمە بزانرێت کە خەو دەکەوێتە ژێر کاریگەریی ئەوەی کە ئێمە چی دەخۆین و کەی دەخۆین، ئەوەش ڕوونە کە هەرسکردنی خۆراکی چەور کاتێکی زیاتری دەوێت بەراورد بە خۆراکی کاربۆهیدراتی و پرۆتینی، بۆیە پاش خواردنی ژەمێکی قورس و چەوری پارشێو، هەرگیز هەوڵ مەدە کە ڕاستەوخۆ، یان پاش ماوەیەکی کورت ڕاکشێیت، یان بخەویت. زیانەکانی نووستن پاش ژەمی چەوری پارشێو بریتین لە: کۆبوونەوەی گاز لە گەدە و ڕیخۆڵەدا Bloating، ئازاری گەدە، بەدهەرسی و دڵەکزێ Heartburn بەتایبەتی کە ژەمە چەورەکە هاوکات بێت لەگەڵ تیژیی وەکو ساس و خۆراکی تیژدا، هەستکردن بە ناڕەحەتیی سك و ناڕەحەتیی گشتیی لەش، واتە لەجیاتی هەستکردن بە حەسانەوە پاش ڕاکشان، بە ماوەیەك هەست دەکەیت کە خەو و حەسانەوەکەت لێ تاڵ دەبێت و ناچار واز لە نووستن دەهێنیت و، لەوانەشە کە بەناچاری دەرمان بەکاربهێنیت و ڕۆژووەکەت مەدەست بچێت.



# ئەو هۆکارانەی ئاستی شەکری خوێن بەرز دەکەنەوە

لەشی هەر یەکێك بە شێوەیەکی جیاواز کاردانەوەی دەبێت بەرانبەر بەو هۆکارانەی کە کاریگەری دەکەنە سەر ئاستی شەکری خوێن. پێویستە نەخۆشانی شەکرە لە هەموو کەسێك زیاتر بەم هۆکارانە ئاشنا ببن، بۆ ڕێگرتن لە بەرزبوونەوەی ئاستی شەکری خوێن، کە ئەگەری ئاڵۆزییەکانی زیاد دەکات. ئەو خۆراکانەی کە دەبنە ئەگەری بەرزبوونەوەی ئاستی شەکری خوێن بریتین لە: بڕی زیادی کاربۆهیدرات، شیرینی، خۆراکە نیشاستەییەکان، شلەمەنییە شیرینکراوەکان، خواردنەوە وزەبەخشەکان، میوەی وشککراو، بڕی زیادی قاوە، یان چای ڕەش تا ڕادەی ئەوەی کە بڕی ڕۆژانەی کافائین Caffeine لە ٤٠٠ ملگم زیاتر بێت، خۆراکی چەور، خۆراکی خێرا وپیتزا. هۆکارە ناخۆراکییەکان کە هاندەرن بۆ بەرزبوونەوەی ئاستی شەکری خوێن ئەمانەن: سترێسی کار Job Stress بەتایبەتی لە نەخۆشانی شەکرەدا، کەمبوونەوەی ڕێژەی شلەی لەش Dehydration، سکچوون و ڕشانەوە بۆ ماوەی زیاتر لە دوو کاتژمێر کە هاندەرە بۆ کەمبوونەوەی شلەی لەش، گەرما و ئارەقەکردن، خۆربردن Sunburn، نەخۆشیی پوك بەتایبەتی کە درێژخایەن بێت، خواردنەوە ئەلکهولییەکان، زیانی لابەلای هەندێك دەرمان وەکو ستیرۆیدەکان، دژەخەمۆکییەکان، هەندێك دەرمانی دژەژی، هەندێك دەرمانی هەڵامەت و ئەنفلوەنزا، لەگەڵ دەنکۆڵەی ڕێگرتن لە دووگیانی کە هۆرمۆنی ئیسترۆجینی تێدابێت.







## چۆن کێشی لەشت کۆنترۆڵ بکەیت

کاریگەریی ڕۆژووگرتن لەسەر کێشی لەش لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە جیاوازە، بۆنموونە لە هەندێك کەسدا نابێتە هۆی گۆڕان لە کێشی لەشدا، کەچی لە هەندێك کەسی دیکەدا کێشی لەش زیاد یان کەم دەکات. مانگی ڕەمەزان دەرفەتێکی زێڕینە بۆ دابەزاندنی کێشی زیادی لەش، بۆیە ئەو کەسانەی کە کێشی لەشیان زیادە، یان قەڵەون، دەتوانن کە هاوکات لەگەڵ ڕۆژوودا پەیڕەوی چەند هەنگاوێك بکەن، بەمەبەستی کەمکردنەوەی کێشی لەش، وەك:

# سوودەکانی مەشقی وەرزشی بۆ تەندروستیی دەروونی

ئەوە زانراوە کە مەشقی وەرزشی گەلێك سوودی تەندروستیی بۆ لەش هەیە، وەك بەهێزکردنی ماسوولکەکان و ئێسك و بەهێزکردنی دڵ و سییەکان، هاوکات لەگەڵ خۆپاراستن لە ئەگەری تووشبوون بە چەندین نەخۆشی، بەڵام ئەمەش سەلمێنراوە کە مەشقی وەرزشی سوودی زۆری بۆ مێشك و تەندروستیی دەروونی هەیە. لەکاتی ئەنجامدانی هەر مەشقێکی وەرزشی، گۆڕانێکی کیمیایی ئاڵۆز لە لەشدا روودەدات، کە هاندەرە بۆ کاریگەرییە پۆزەتیڤەکانی مەشقی فیزیکی، لەگەڵ زیادبوونی لێدانەکانی دڵدا گەیشتنی خوێن بۆ مێشك زیاتر دەبێت، واتە تێکرای ڕێژەی گەیشتنی ئۆکسجین بۆ شانەکانی مێشك زیاتر دەبێت، ئەمەش هاندەرە بۆ باشتربوونی فرمانە جیاوازەکانی مێشك. سوودەکانی دیکەی مەشقی وەرزشی بریتین لە: کەمکردنەوەی ئەگەری ڕوودانی جەڵتەی مێشك، خۆپاراستن لە ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشیی ئەلزهایمەر، سووککردنی سترێس لە ڕێگای کەمکردنەوەی ئاستی هۆرمۆنەکانی سترێس، وەك: کۆرتیسۆڵ Cortisol و ئەدرینالین Adrenaline، سووککردنی نیشانەکانی خەمۆکی و پەستی، بەرزکردنەوەی ئاستی باوەڕ بەخۆبوون Self-confidence، باشترکردنی مەزاج، باشترکردنی کوالێتی خەو کە زۆر گرنگە بۆ تەندروستیی دەروونی و مێشك، باشترکردنی ئاستی بیرکردنەوە و یاد، یان بیرهاتنەوە.





## ترۆڵ دەکەیت لە مانگی ڕەمەزاندا

• هەر کە کەمێك هەستت بە تێربوون کرد، زوو واز لە خواردن بهێنە، لەوکاتەی کە گەدە شوێنی زیاتری خۆراك دەگرێت.

• بڕی زیاتری سەوزەی جۆراوجۆر بخۆ لە ژەمەکانی پارشێو و بەربانگدا، بەمەرجێك نیوەی ژەمەکان پێکبهێنێت.

• بە وردی چاودێریی ئەو شلەمەنییانە بکە کە لە کاتی جیاوازی بەربانگ و پاش بەربانگدا دەیانخۆیتەوە، بۆنموونە دووربکەوە لە زیاد خواردنەوەی هەر شلەمەنییەکی شیرینکراو و خواردنەوە گازی و وزەبەخشەکان Energy drinks.

• دووربکەوە لە خۆراکی لە زەیت سوورکراوە و خۆراکی خێرا، لەبەر بڕی زیادی چەوری و وزە.

• جووڵە و چالاکیی بەدەنی زیاتر بکە، بەتایبەتی ماوەیەك پاش ژەمی بەربانگ کە هەفتانە لە ١٥٠ خولەك کەمتر نەبێت، پیادەڕۆیی باشترین هەڵبژاردەیە.

• بڕی کەمتری شیرینی بخۆ، تەنانەت خورما بە بڕی کەم بخۆ، چونکە ڕێژەی شەکر لە خورمادا بەرزە.

• دانەوێڵەی تەواو بە بڕی مامناوەند بخۆ وەك: ساوار، نانی گەنمی تەواو Whole wheat یان شوفان.

# ڕۆبۆتەکەی تێسلا کۆپییەک لە مرۆڤ

چندنین ساڵە مرۆڤ بیر لەوە دەکاتەوە بەهاوکاری زەینی دەستکرد، ڕۆبۆتی مرۆڤ شێوە دروست بکات. ڕۆبۆتێك هەموو هەڵسوکەوت و کرداری لە مرۆڤ بچێت.

«ئیلان ماسك» نیازی هەیە ئەو خەونە بە کرداری بێنێتە دی. ڕۆبۆتێکی مرۆڤ شێوەی بەرهەم هێناوە بەناوی (tesla optimus) ڕەنگە لە ساڵی ٢٠٢٤دا بخرێتە ڕوو.

سەرمایەدارترین کەسی دونیا واتە « ماسك» پێیوایە ئەو خەونە زۆریش مەحاڵ و نەکردنی نییە. لە دیمانەیەکدا وتی، ڕۆبۆتی «ئۆپتیموس» هەمە کارەیە، گشت ئەو کردارانەی مرۆڤێکی ئاسایی ئەنجامی دەدات دەتوانی ئەنجامی بدات.

«ئیلان ماسك» پێیوایە ئێمە دەتوانین گشت زانیارییەکانی مێشکمان کۆپی بکەین تەنانەت بیرەوەری و کەسایەتیشمان و دواتر بۆ ڕۆبۆتێك بیگوازینەوە. زیاتر لەوبارەوە دەدوێ و دەڵێ بۆ ئەوەی لەبواری بەرهەمهێنانی ڕۆبۆتی مرۆڤ شێوەدا سەرکەوتوو بین، دەبێ ئەندامەکانی جەستەشی ڕێك وەك ئەندامی جەستەی مرۆڤ بچێت.







## کۆمپیوتەرێکی بچووک بەقەد ماوسێک

کاتێك مۆبایلە زیرەکەکان بەرهەم هاتن، ئەو بیرۆکەیە دروست بوو کە مۆبایل شوێنی کۆمپیوتەر دەگرێتەوە، بەڵام لەم سەردەمەدا پێدەچێت ئەم شتە پێچەوانە بێت و کۆمپیوتەر شوێنی مۆبایل بگرێتەوە. بۆ سەلماندنی ئەم بۆچوونە بەرهەمهێنانی کۆمپیوتەری Com- puter W100D لەلایەن کۆمپانیای ZTE ەوە کە لە مۆبایلێك بچووکترە و کێشی کەمترە. کۆمپیوتەرەکە بەقد ماوسێکی کۆمپیوتەر دەبێت و لە گیرفان دەخرێت. کێشی تەنیا ٥٥ گرامە. لەسەر سیستەمی هەورگەیە واتە لەبری ئەوەی داتاگەیەکی لەسەر بێت پرۆگرامەکانی لە ئینتەرنێت وەردەگرێت و فایلەکانیش دادەبەزێنە سەر هەژمارێکی تایبەت و لە ئینتەرنێتدا و بەشێوەی هەورگە رادەگیرێن. بەهۆی ئەوەی تازە بەرهەم هاتووە و نەکەوتۆتە بازاڕەوە زانیارییەکی ئەوتۆ لەسەر پارچەکانی نییە.



# درۆنێک بە ڕەشەبا و ڕێژنەبارانیش تێکناچێت

درۆن یان بەواتایەکی دیکە کوادکۆپتەر، بەراستی کارئاسانی لە زۆر بواردا کردووە، لە بواری فیلم هەڵگرتنەوە و سینەما و تیڤیدا گەورەترین ڕۆڵی بینیوە. لە بەرزاییەکی زۆرەوە وێنەی گرتووە کە پێشووتر دەبا بە کۆپتەری تایبەت گیرابا. کێشەیەکی درۆنەکان ئەوە بووە کە لە ئاست بای بەهێزو ڕێژنە باراندا خۆڕاگر نین. کۆمپانیای DJI کە گەورەترین کۆمپانیای بەرهەم هێنی درۆنە، درۆنێکی بەرهەم هێناوە بەناوی DJI M30 کە توانای هەیە لە ئاست با و بارانی زۆر بەهێزیشدا خۆڕاگر بێ و کێشەی بۆ نەیەتە پێش.

درۆنی ناوبراو لە ئاست گەرما و سەرمای زۆر بەهێزیش خۆڕاگرە، بۆ نموونە دەتوانێت لە سەرمای ٢٠ پلە ژێر سفر و ٥٠ پلە سەرووی سفر خۆڕاگربێ و بێ کێشە بێ. بە داگرتنی دوگمەیەك کۆدەکرێتەوە.

درۆنەکە دەتوانێت بۆ ماوەی ٤١ خولەك بەئاسماندا بفڕێت. بە ماوەیەکی زۆر کەمیش شەحن دەبێتەوە. داکی درۆنەکە پشتیوانی لە وێستگەی کەشناسی ناوخۆی، کامێرای چاودێرین ئالیارەکان دەکات. بەمەودای ٧ کیلۆمەتر هەڵدەفڕێت. کامێراکەی ٤٨ میگاپیسکلە. زوومی ئۆپتیکالی ٥ هەتا ١٦ بەرابەرە و زووم دیجیتالی ٢٠٠ بەرابەرە. کامێرایەکی دیکەی ١٢ میگاپیکسلی تێدایە کە بە کوالیتی 4K فیلم هەڵدەگرێتەوە. مەوداناسی لەیزەری هەیە دەتوانێت لە مەودای ١٢٠٠ مەتر تەنەکان دەستنیشان بکا.



# قفڵی زیرەکی هواوی بەبێ کلیل

کۆمپانیای هواوی بەم دواییانە نوێترین بەرهەمی تەکنەلۆژی خۆی بڵاوکردەوە. قفڵێکی زیرەك و کارامە. قفێڵك بۆ کردنەوەی پێوستی بە هیچ کلیلێك نییە.

قفڵە زیرەکەکە لەبواری ئەمنییەتییەوە زۆر بەهێزە. وێنەی رووخسارەکان دەناسێتەوە و بەناسینەوەی روخسارەکان دەکرێتەوە ئەگەر پێشووتر ئیزنیان پێدابێ.

قفڵی زیرەکی smart door lock pro پاش ئەوەی بەکارهێنەر لەبەر دەرگا راوەستا دەستبەجێ دەکرێتەوە. هواوی رایدەگەیەنێ کە کەسانی دیکە کە نیازیان هەبێ دەرگا بکەنەوە بە ملیۆن ساڵیش پێیان ناکرێتەوە، مەگەر بیشکێنن، ئەوکاتیش کە دەستکاری بکرێت بەکارهێنەری قفڵەکە ئاگادار دەکاتەوە. لە پشتەوەی قفڵەکە شاشەیەك هەیە کە روخساری ئەوانەی لە پشت دەرگان نیشان دەدا. قفڵەکە بە چەند شێوازێك دەکرێتەوە. بە پەنجە مۆر، مۆبایل، کاتژمێری زیرەك، پاسۆرد، کارتی تایبەت و تەنانەت کلیلیش. زۆریش پێویستی بەکارەبا نییە. یەکجار شەحنکردنەوە هەتا ٦ مانگ هیچ وزەیەکی ناوێت.



## ئاپێکی مۆبایل تێستی کرۆنا دەکا

کۆمپانیایەکی ئوسترالی ئاپێکی تایبەتی بەرهەمهێناوە کە دەکرێت بەهۆیەوە تێستی دیاریکردنی کرۆنای پێ ئەنجام بدرێ و وردبینییەکی زۆریشی هەیە. کرۆنا بە هەموو شێوەکانی وەك کۆڤید١٩ و دێلتا و ئومیکرۆن.. ئاپی ResApp بەهۆی کۆخەی مرۆڤی تووشی ئەو کارە ئەنجام دەدات، گوایە شێوازی کۆخەی مرۆڤی تووش بوو بە کرۆنا جیاوازی هەیە لە کۆخەیەکی ئاسایی و پەتای وەرزی. بەهۆی ئەو ئاپەوە نە تەنیا کرۆنا دیاری دەکرێت، بەڵکو نەخۆشیەکانی وەك نەخۆشی سیەکان و رەبۆیش دیاری دەکرێت. جگە لە لێکدانەوەی کۆخە و هەناسەدان، دەتوانێت ئەوانەی تووشی خەوزڕانیش بوونە بەهۆی ئەو ئاپەوە دیاری بکرێت. بەکارهێنانی ئاپەکە زۆر ئاسانە، لەو تاقیکردنەوانەی لەسەر ئاپەکە کراوە دەرکەوتووە، وردبینی ئاپەکە زۆر لەو ئامێرانەی کە لە ماڵەوە بۆ تێستی کرۆنا دەکرێن زیاترە..



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**بەڕێزێك دەپرسێت، چۆن دەکرێت لە مۆبایلەکەمدا کە دوو ژمارەی لەسەرە دوو ئاپی WhatsApp دابنێم؟**

خوێنەری بەڕێز لە زۆربەی مۆبایلەکانی ئەندرۆیدا دوو بەش هەیە یان بە Clone App نووسراوە یا بە Dual App نووسراوە و هەندێك جاریش بە Twin App نووسراوە، ئەم بەشە لە setting دایە بکەوە، کاتێك کرایەوە، زۆربەی ئاپەکان نووسراون لەودا WhatsApp هەڵبژێرە. دوای ئەوە Rename Cloned App هەڵبژێرە. ناوەکەی بگۆڕە بەوجۆرەی کە خۆت نیازتە بۆ نموونە ناوی بنێ واتساپی دوو.. دواتر ئایکۆنی پرۆگرامەکە دەبن بە دوو ئایکۆن لەسەر شاشە. ئەوکات بە ویستی خۆت ژمارەی تایبەتی بۆ دابنێ..

## پرۆگرامێک بۆ دروستکردنی پرۆگرامی فێرکاری


یەکێك لە شێوازەکانی فێربوونی پرۆگرامێکی کۆمپیوتەر، یان شارەزایی و زانیاری لەبارەی سیستەم و بابەتەکانی پەیوەندیدار بە کۆمپیوتەرەوە، سەیرکردنی فیلمی فێرکارییە. بێگومان ئەو فیلمە فێرکارییانیەش بە پرۆگرامی تایبەت بەخۆیان دروست دەکرێن. یەکێك لەباشترین پرۆگرامەکانی تایبەت بە دروستکردنی فیلمی فێرکاری پرۆگرامی TechSmith Camtasia Studioیە. بەهۆی ئەو پرۆگرامەوە دەتوانی باشترین پرۆگرام و فیلمی فێرکاری دروست بکەی و بە CD یان بە فلاش بڵاوی بکەیەوە، یان لەسەر ئینتەرنێت دایبنێی.




بەشێك لە تایبەتمەندییەکانی پرۆگرامەکە ئەمانەن: ریکۆرد کردنی تەواو یان بەشێك لە لاپەڕەیەك. تۆمارکردنی وێنەی بە کامێرای کۆمپیوتەرەوە. هاوبەشیکردنی بابەتەکانی گرنگ. دابەزاندنە سەر یوتیوۆب بە کوالیتی فول ئێچ دی. دانانی فیلمی ئەنمەیشن یا فلاش لە کاتی تۆمارکردنی فیلمی فێرکاریدا. تۆمارکردنی دەنگی دەرەوە یا ژوورەوە. تۆمارکردنی کرتەکانی ماوس و دوگمەکان. زۆر تایبەتمەندی دیکەش لەکاتی تاقیکردنەوەدا دەکرێ بەکارهێنەر تاقیان بکاتەوە.



# دات پاد هەستی بینین بە نابینایان دەبەخشێ



لەگەڵ پێشکەوتنی تەکنەلۆژیای سەردەمدا هەر رۆژە هەواڵی بەرهەمێکی نوێ بڵاودەبێتەوە. بەشێك لەو بەرهەمە نوێیانە لە خزمەت مرۆڤە کەم بینا و نابیناکان دانە، بۆ نموونە دەکرێ ئاماژە بە Sound-scape و Narrator مایکرۆسۆفت بکرێ. جگە لە کامێراکانی جۆری OrCam کە هەموو شتێك بۆ مرۆڤە نابیناکان دەخوێنێتەوە و ئەوەی بیبینێ پێیاندەناسێنێ.

خەتی برێڵ تایبەتە بە نابینایان کە خەتەکە بەرجەستەیە و دەستی لێدەدرێ و بەهۆی دەستلێدانەوە مرۆڤە نابیناکان دەیخوێننەوە.

تەبلێتی dotpad تایبەتە بە نابینایان و خەتی برێڵی لەسەر داندراوە، نە تەنیا خەت بەڵکو وێنەکانیش بە شێوەی بەرجەستە نیشان دەدات. خۆی لە ۲٤۰۰ خاڵ پێکهاتووە و توانای نیشاندانی ۳۰۰ کارەکتەری برێڵی هەیە. خۆی تەبلێتەکە لە دوو بەش پێکهاتووە بەشی خوارەوە بۆ دەقەکان داندراوە ئەوەی سەرەوە بۆ وێنەکان.

تەبلێتی datpad لە سیستەمی بلوتوس بۆ پەیوەندییەکان سوود وەردەگرێ. هەروەها لەگەڵ سیستەمی ئایفۆنیش دەگونجێت.



## ماڵپەڕێک بۆ سڕینەوەی باکگراوەندی فیلم

بە پرۆگرامەکانی فۆتۆشۆپ و هاوشێوەکانی دەکرێت باکگراوەندی وێنە، واتە وێنەی پشت وێنەی سەرەکی لابەرین. ئەم کارە لە فیلمیشدا بەهۆی پرۆگرامی تایبەت بەخۆیەوە دەکرێت. ئەگەر نیازت نییە بە هۆی پرۆگرام ئەم کارە بکەی، ئەوە سەر لەماڵپەڕی unscreen.. com بدە. لەم ماڵپەڕەدا بەبێ بەرامبەر باکگراوەندی فیلم بسڕەوە. بەهۆی ئەو ماڵپەڕەوە پێویستت بە هەڵبژاردنی پیکسل، رەنگ و رێکخستنێکی تایبەتی نییە. هەر ئەوەندە بەسە کە فیلمەکەت لەسەر ماڵپەڕەکە دابەزێنی. خۆی ئۆتۆماتیکی باکگراوەندەکە لادەبات و دەتوانی باکگراوەندی دیکەشی بۆ دابنێی.

## پرینتەری گیرفان



پرینتەرە بچووکەکان، راستە بەهۆی ئەوەی کە کاغەزی سایزی ستاندەر هەڵناگرن، سوودێکی وایان نییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانن زۆر ئەرك ئەنجام بدەن. بۆ نموونە پرینتەری poooli کە کاغەزی رۆڵ دەخوێنێتەوە و لە گیرفاندا جێگای دەبێتەوە. پرینتەری ناوبراو لە بواری دیزاینەوە لە ریزی یەکەمەکان دێت.

ئەوەی مەبەستتە چ لەسەر کۆمپیوتەر، یا مۆبایل بێت، بە سوود وەرگرتن لە سیستەمی وای-فای یا بلوتوس بە ئاسانی چاپ دەکرێن. پرینتەرەکە بۆ کارتە ریکلامییەکان، یادداشتەکان، پێرستی کاری رۆژانە. وەسڵی کڕین و فرۆشتن و کۆدی بارکۆدەکان گونجاوە.


پرینتەرەکە شەحن دەکرێتەوە و بۆ ماوەیەکی زۆر شەحن لەخۆیدا رادەگرێت. بۆ چاپکردن پێویستی بە حیبری تایبەت نییە، بەڵکو کاغەزی تایبەتی لەگەڵدایە، هەمان ئەو کاغەزانەی کە لە ئامێرەکانی کاشێر سوودی لێوەردەگیرێت.





## گەشانەوە و ڕازاندنەوەی دیکۆری ماڵ لە ڕەمەزاندا





هاتنەوەی مانگی ڕەمەزانی پیرۆز، مانای جوانی و بەهای ئایینی خۆی هەیە، لەگەڵ هاتنی ئەو مانگە پیرۆزە، هەوڵدە دیمەن و نشونمایەکی ڕەمەزانانە بە ماڵەکەتەوە پێوە دیار بێت، هەوڵدە لە سەرەتای مانگەکەوە تا کۆتایی کەشێکی ئایینی لە دیکۆر و کەرەستەکاندا هەبێت، سەرەتا دەتوانی بە هەڵواسینی وێنە و تابلۆی ئایینی دەست پێبکەیت، بە تایبەت لە دیوارەکانی ژووری دانیشتن و خواردن، دواتر بە هەڵکردنی ڕووناکی و کەرەستەکانی تایبەت بەو مانگە وەك فانۆسی ڕەنگاوڕەنگ و گلۆپی زەرد و زنجیرە لیدەکان، کەرەستەکانی نەخشێنراو بە نەخشی زوخرەفە و مزگەوت و مانگ و ئەستێرە لە شوێنە بەرچاوەکاندا دابنێ، هەروەها کاری دەستڕەنگینی و کارەکانی خۆت بیر مەکە، بە جوانی هەڵیانواسە، سەرین و سەرچەف و بەرماڵەکانی نوێژ با هەمیشە دیار و بەرچاو بن، دانانی قورئانی پیرۆز دیمەنێکی گرانبەها و پایەبەرزی دەبێت، دانانی مۆم لە کاتی نانی بەربانگ و لە پارشێوانیش خوانێکی ڕازاوە ئامادە بکە، با خاتوونی و دەستڕەنگینت پێوە دیار بێت کە گوزارشت لە مانگی ڕەمەزانەوە بکات، گرنگی بە پاك و خاوێنی خواردن و کەرەستەکانت بدە، کە ئەوەش هۆکارێکە بۆ ڕازاوەیی و گەشاندنەوەی دیکۆری ماڵەکەت لە مانگی ڕەمەزاندا.





## دەستە جلی وەرزی بەهار بە کۆلێکشنی ساڵی ٢٠٢٢

لە وەرزی بەهاردا کەشوهەوا گۆڕانکاری بەسەردا دێت، جلی تەنك و کراوە دەردەکەونەوە، بەمەش بەشێکی جەستە بەدەرەوە دەبێت، لەم کاتەدا دەتوانین سوود لە دەستەجل و ئێکسسوارەکان وەربگرین، تاوەکو لەگەڵ کەشی گەشت و دەرچوونی بەهارەدا بریسکەی ئێکسسوارەکان بەرچاو بکەون، مارکە بە ناوبانگەکانی جیهان دەستە جل و ئێکسسوارەکان لەم وەرزەدا بە جوانترین شێوە ئامادە دەکەن، دیارترینیان: دۆڵس ئەند گابانە- Dolce&Gabbana، کە مۆدێکی نایابی پێڵاوی وەرزشیی بۆ وەرزی بەهار تەرخان کردووە، کە ناسکی و سادەیی دەبەخشێت، ڕەنگەکەشی نیۆد و شینن کە جوانترین ڕەنگن و لەگەڵ وەرزی بەهاردا دەگونجێن، مارکەی لۆیی- Loewe کاری لەسەر چاوێلکەی کراوە و قەبارە مامناوەند کردووە، کە بە هاوێنەی ڕەنگ هەنگوینی ڕازاوەتەوە، مارکەی فێندی - Fendi بە جانتای گەورە مۆدەکانی نمایش دەکات، مارکەی سی بای چلۆی- See by Chloé بلووز و بەدیی بەهاریی تەسك و مل بازنەیی کردووەتە مۆدە، جێمی چۆ- Jimmy Choo، پانتۆڵی جۆری شامۆی کراوەی بە مۆدی باوی بەهار داناوە.



# مۆدی جلە پۆشتەکان بۆ مانگی ڕەمەزان

هاتنەوەی مانگی ڕەمەزان، مانگی خۆشی و خێر و بەرەکەت، مانگێکە بۆ دووبارە ئامادەکاری ماڵ و گۆڕینی جل و بەرگ و پۆشینی ڕەفتەکانە، ئەوانەی کە قژیان دەکەنەوە بۆ ڕێزگرتن لەو مانگە ڕەفتە لەسەر دەکەن، ڕەفتە و جلی پۆشتە لەو مانگەدا باو دەبێ، مۆدەکانی ڕەفتە، بە چەندین شێوازی جۆراوجۆر هەن، پسپۆری جلی پۆشتە (سارا موحەمەد)، چەندین شێوازی ڕەفتە باس دەکات و دەڵێ: لەو مانگەدا، زۆربەی خانمان جلی پۆشتە و ڕەفتە لەسەرە دەکەن، مۆدە جوانەکانی جلی پۆشتە بریتین لە: کراسێکی درێژ لە پێستی قۆڵ درێژ و بە پشتێنێکی گەورە بۆ کەمەر، هەروەها لەگەڵ خشلی زێڕ و ڕەنگ زێڕ لە ڕەنگی شینی ئاسمانی لەگەڵ پووتی سپی و چاوێلکە بۆ شوێنی دەرچوون و سەردانی گونجاوە، مۆدی مۆنۆکۆم بە ڕەنگی هێمن کە بلووز یان بەدی سپی و لەگەڵ جینزی سپی یان شین، بە چاکێتێکی درێژ لەگەڵ ڕەفتەی نیللی یان سەوز و قاوەیی، لەگەڵ خشلی جۆراوجۆر و پێڵاوی قاوەیی، مۆدی کلاسیك، بریتییە لە کراسی بەدڵلەی درێژ لە شێوەی پۆشتەی تەواو حجاب، لەگەڵ بلیزەری درێژ تا سەر ئەژنۆ، بە پانتۆڵی قوماشی باستییل و بلووز و ڕەفتە، لەگەڵ پێڵاوێکی وەرزشی، دوا مۆدە، تەنوورەی کراوەی درێژ، لەگەڵ قەمیس و ڕەفتەی ڕەنگاورەنگ و پێڵاوی فلات، مۆدێکی شیك دەبەخشێت.







# وەزیری گەیاندن کاری دلیڤەری دەکات

گۆڕانکاری لە پێگە و پایەی ژیانی مرۆڤ، بە پێی قۆناغ و ڕووداوەکان دەگۆڕێت، هەندێك لە ئاستێکی نزمەوە بۆ بەرز هەنگاو دەنێن، هەندێکی دیکەش لە بەرزییەوە بەرەو نزمی بە ناچاری دەکەون، وەك ئەو وەزیرە ئەفغانستانییە کە ڕۆژانێك ئەمری بەسەر وڵاتێکدا دەڕۆیشت، بەڵام ئێستا لە وڵاتانی ئەوروپا کاری دلیڤەری دەکات، (سەید ئەحمەد شا سادات)، بەر لە ڕووخانی حکومەتی ئەفغانستان وەزیری گەیاندن بوو، دوای ئەوەی بزووتنەوەی تاڵیبان دەستی بەسەر وڵاتدا گرت، ئەویش بە ناچاری کۆچی کرد بۆ وڵاتی ئەوروپا، لەوێدا کارێکی وای دەست نەکەوتووە، چەندین پۆستیشی ڕەت کردووەتەوە، ئێستا لە شاری لایبیزیگی ئەڵمانیا دەژی و کاری گەیاندنی خواردن بۆ کۆمپانیای لیفراندۆ لە شێوەی دلیڤەری دەکات و، خواردن بۆ خەڵك دەگەیەنێت، وەك خۆی دەڵێت: «ڕاستە پلەی وەزیرم هەبووە، بەڵام ژیان دەگۆڕێت و ئێستا لێرەم، نازانم لە داهاتوودا چارەنووسم بە کوێ دەگات».



## شاخەوانانی کورد بە ئاڵای کوردستانەوە لە بەرزترین چیای ئەفریقا

سێ شاخەوانی کورد بەمەبەستی گەیشتن بە بەرزترین لووتکە چیای کیشوەری ئەفریقا، ڕوو دەکەنە وڵاتی (تانزانیا)، لووتکە چیای کلیمانجارو کەوتووەتە وڵاتی تانزانیا لە بەشی ڕۆژهەڵاتی کیشوەری ئەفریقا، «ڕزگار جەمال عەلی» کە یەکێکە لەو سێ شاخەوانە کوردە، لەوبارەیەوە گوتی: «ویستمان دنیایەکی جیاواز و شاخێکی جیاواز ببینین، بۆ ئەوەی ئەزموونێکی نوێ و وانەیەکی نوێ لە دنیای شاخەوانییدا تاقی بکەینەوە و فێرببین، بۆیە بەرزترین لووتکە چیای ئەفریقامان هەڵبژارد بۆ ئەو گەشتە»، ڕزگار گوتیشی: «گەشتەکەمان لە ساتی دەستپێکەوە تا گەڕانەوە بۆ شوێنی دەستپێك، ماوەی شەش ڕۆژی خایاند، لەکاتێکدا زۆرینەی گەشتە شاخەوانییەکان هەندێك جار ٨ ڕۆژ و تا ١٠ڕۆژیش دەخایەنێت»، ڕزگار جەمال ئاماژەی بەوەشدا، کە وەك ڕێزگرتنێك لە هێما و سیمبولی نەتەوەییمان، لەو گەشتەیاندا ئاڵای کوردستانیشمان بردە سەر بەرزترین شوێنی چیاکە، ڕزگار جەمال کە هاوکات ئەندامی گرووپی شاخەوانیی هەولێرە دەڵێت تێچووی ئەو گەشتەیان لەسەر گیرفانی خۆیان ئەنجام داوە و داوای هاوکارییان لە کەس نەکردووە، ئاواتی ئەوەش دەخوازێت کە بتوانێت لە داهاتوودا بۆ لووتکە بەرزەکانی دیکەی دنیا گەشتی شاخەوانیی ئەنجام بدات و، لەگەڵ خۆیشیدا ئاڵای کوردستان بباتە شوێنە بەرزەکانی جیهان، لووتکە شاخی کلیمانجارو Kiliman-jaro، ٥٨٩٥ مەتر بەرزە لەڕووی دەریاوە و، بەرزترین لووتکە شاخی کیشوەری ئەفریقایە کە لە وڵاتی تانزانیا هەڵکەوتووە، هاو سنوورە لەگەڵ وڵاتی کینیا.






## باڵەخانە و تاوەری زیکزاگ




پێشکەوتنی بواری ئەندازیاری یەکێکە لە داهێنانە مۆدێرنەکان، نەخش و دیزاینی هەندێك لە تاوەر و باڵەخانەکان ڕووپۆشی نەخش و نیگاریان ئەوەندە سەیر و سەرنجڕاکێشە، کە دەبنە مایەی سەرسوڕمان کە ئاخۆ ئەو دیزاینە چۆن و بە چ شێوەیەك کراوە. تاوەری زیکزاگ، یەکێکە لەو تاوەرە سەیرانەی کە بووەتە جێگەی سەرنجی میوانان و ئەوانەی بە لایدا تێپەڕ دەبن، بەڵام تاوەری (مەیز) دەکەوێتە شاری دوبەیی ئیمارات، کە ڕووپۆشی دەرەوەی لە شێوەی یاریی ( مازی ) و نەخشی زیکزاگە، بەرزیی تاوەرەکە دەگاتە (٤٠) نهۆم و بەشی پێشەوەی لە چەندین ڕێرەووە دروست کراوە، تا ئێستا بە سەیرترین تاوەر دادەنرێت و، ناویشی لە کتێبی ژمارەیی پێوانەکانی (گینس)دا تۆمار کراوە.



# به ژیانی داوای مۆڵەتی نەکردووە!



وەرگرتنی مۆڵەت لە کاردا مافێکی ئاسایی هەموو کەسێکە کە بە مەبەستی گەشت و دەرچوون و پشوودان و کاری تایبەت وەری بگرێت، هەر کەسێك بۆی هەیە مۆڵەت وەربگرێت، کەچی ئەو پیاوە بەریتانییە تا ئێستا هیچ مۆڵەتی وەرنەگرتووە، بریان کۆرلی پیاوێکی بەریتانیە لە تەمەنی ١٥ ساڵییەوە لە کارگەی پێڵاوی «Clarks» دەستی بەکار کردووە و ماوەی ٧٠ ساڵ لە هەمان شوێندا لە کارکردن بەردەوام بووە، لەو ماوەیەدا هیچ ڕۆژێك مۆڵەتی وەرنەگرتووە و، تەواوی کاتەکانی بۆ کارەکەی تەرخان کردووە.



## کاریکاتێر

ئەم کاریکاتێرە ئاماژە بە ورچێکی گەورە دەکات، کە داوا لە ئافرەتێك دەکات تا خاوەندارێتیی ئافرەتەکە بکات، کاریکاتێرەکە گوزارشت لە ڕووسیا دەکات، کە داوا لە ئۆکرانیا دەکات خاوەندارێتی ئەو وڵاتە بکات.




## میوزیک

کوڕان ناگرین- Boys Don›t Cry یەکێکە لە گۆرانییە تازەکانی پۆپ، لە مانگی سێی ئمساڵ کاری تەواو بووە و لە یوتوب بڵاو کراوەتەوە، لە گوتنی کچە ناوداری جیهانی (ئەنیتا)یە و لە ئەلبوومی Boys Don›t Cry، لە جۆری پۆپە.



## فیلم

## خۆشەویستی ڕەنگکوێرە - Love Is Color Blind




فیلمێکە باس لە هونەرمەندێك دەکات کە لە دوای ڕووداوێك تووشی کێشەی ڕەنگکوێری دەبێت، هاوڕێیەکی نزیکی هەوڵی یارمەتیدانی دەدات، دواتر دەکەونە داوی خۆشەویستییەوە، ماوەی فیلمەکە دوو کاتژمێر و پێنج خولەکە، لە دەرهێنانی (جۆن لیۆ گارسیا)، لەلایەن کۆمپانیای ستار سینەما بەرهەم هێنراوە، لە ساڵی ٢٠٢١ تەواو بووە، بەڵام لە ساڵی ٢٠٢٢ نمایش کراوە، لە نواندنی (بێللا ماریانۆ، دۆنی پانگیلانین، جییمیان لیسپۆ، ئیسنەر ڕۆنالۆ)یە.

### کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩

لەلایەنی پیشەییەوە واز لە بیرکردنەوەی نەرێنی بهێنە، دەنا ڕۆژێکی خراپ دەبێت بۆت، تووڕەیی ڕەفتاری توندت لەگەڵ خۆشەویستەکەت، تووشی جۆرێك لە ماندوبونی دەروونیت دەکات، گرنگە لەپێناو ئارام بوونەوەتدا شەوانە لەکاتی خۆیدا بخەویت.

### گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠

لەلایەنی پیشەییەوە ڕۆژێکی قورس دەبێت و ڕەنگە تووشی کۆمەڵێك بەربەستی نوێ ببیت، بەڵام هەوڵ بدە ئامادەی ڕووبەڕووبوونە بیت، هەڵەکانی ڕابردووت دووبارە مەکەرەوە و، بەدوای پەیوەندی سۆزداریی نوێدا بگەڕێ، پێویستە جەستەت پشووبدات و ئارام ببیتەوە.

### جمک ٥/٢١ - ٦/٢٠

متمانەبەخۆبوونت یارمەتیدەرە بۆ ئەوەی باشتر لەگەڵ هاوپیشەکانت و کارەکەت بگونجێیت، سەرەڕای قورسییەکان، گرنگە بەشداریی هەموو بۆنە کۆمەڵایەتییەکان بکەیت و ئاسوودەبیت، مانەوەت بۆ ماوەی ڕۆژێك لەماڵەوە ئارامت دەکاتەوەو، ڕەنگە دەرفەتێکی باشیش بێت بۆ بیرکردنەوە .

### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢

لەلایەنی پیشەییەوە ڕۆژێکی باشە بۆ ئەوەی هەنگاوی نوێ بنێیت و پرۆژەکانت بخەیتە بواری جێبەجێکردنەوە، پەیوەندییت لەگەڵ کەسێك زۆر بەهێز دەبێت، ڕەنگە بگۆڕیت بۆ خۆشەویستی و پێویستە خۆتی بۆ ئامادە بکەیت، گرنگە بایەخ بە مانەوە لە ناو سرووشتدا بدەیت.

### شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢

لەلایەنی پیشەییەوە لە بەردەمتدا دەرگای نوێ دەکرێتەوە و ڕێگەت ڕووناك دەبێتەوە، ڕابردو بگۆڕە لە ڕووی سۆزدارییەوە و گرنگی بە ئێستا بدە، لە پێناو پاراستنی تەندروستیت ژەمە خۆراکییەکانت ڕێك بخەرەوە و، گرنگی بە خۆراکی تەندروست بدە.


### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

دەتەوێت پرۆژەیەکی تایبەت بە خۆت هەبێت، کەواتە دەبێت زیاتر ماندوببیت و هەنگاوی نوێ بنێیت، پێویستت بە کەسێك هەیە پشتیوانیت بکات و خۆشەویستیت پێ ببەخشێت، بۆ ئەوەی باشتر بیربکەیتەوە، کاتەکانی کار و خەو و خواردنت ڕێك بخەرەوە.



## پەند و وتە

بارۆچ سیپۆنزا فەیلەسووفی هۆڵەندی، داهێنەری ڕاتیۆنالیزم لە ساڵی ١٦٣٢ لە شاری ئەمستردامی هۆڵەندا لەدایکبووە و لە ساڵی ١٦٧٧ لە هۆڵەندا کۆچی دوایی کردووە، دەربارەی پێوەری مرۆڤ بۆ کاری چاکە و خراپە دەڵێت: «گەورەترین پێوەری مرۆڤ بەر لەوەی ویژدانی هەبێت، دڵی خوودی کەسەکەیە، کە پێوەرە بۆ ئەنجامدانی کاری باش و خراپ».



## یاری وێنە

لەم وێنەیەدا چەند گورگێك هەن، دووانیان بە جوانی دیارن، هەوڵ بدە گورگی دیکە لە ماوەی (٣٠) چرکەدا بدۆزیتەوە و شوێنەکەی ئاشکرا بکەیت.



بۆ زانیاریت

## مانگی شوبات و ٢٨ ڕۆژ

FEBRUARY

جیاواز لە هەموو مانگەکانی ساڵ بە تەنیا مانگی شوبات (مانگی دوو) تەنیا ٢٨ ڕۆژە و لە ساڵی پڕیشدا کە ٣٦٦ ڕۆژە دەبێتە ٢٩ ڕۆژ، مێژووی ئەم بابەتە زۆر کۆنە، یولیوس قەیسەر لە ساڵی ٤٦ ی پێش زاینی هەوڵی ڕێکخستنی ساڵنامەی دا، چونکە ئەو ساڵە ڕۆژەکانی کەم بووەتەوە بۆ تەنیا ٤٤٤ ڕۆژ،بە ئارەزوی خۆیان ئەو کاتە دەستکارییان دەکرد، بۆیە بڕیاری دا کە ئەو بابەتە ڕێك بخرێت، دوای چەندین کۆبونەوە بە بەشداریی شارەزایانی بواری فەلسەفەو ماتماتیك و پرسکردن بە کیلیۆپاترا، بڕیاردرا ڕۆژەکانی ساڵ بە ٣٦٥ دیاری بکرێت، لە کاتی دەستکردن بە دابەشکردنی ٣٦٥ ڕۆژەکەی ساڵ بەسەر ١٢ مانگدا بە جۆرێك حەوت مانگیان ٣٠ و ئەوانی دیکە ٣١ ڕۆژ، ئیدی ئەو گرفتە هاتە پێش کە مانگێکیان بەس ٢٨ ڕۆژ دەمێنێتەوە، دوای ململانێیەکی زۆر لە نێوان پیاوانی ئاینی و دەسەڵاتداراندا کە هەریەکەیان بە بیانوویەکی جیاواز نەیاندەهێشت ئەو ٢٨ ڕۆژە بەر هیچ کام لە مانگەکانی ساڵ بکەوێت، بۆ نمونە: هەندێك دەیانگوت نابێت مانگی یەك ٢٨ بێت کە لای ئەوان پیرۆز بووە و سەرەتای ساڵ بووە و مانگی ١٢ کۆتایی ساڵە و کۆمەڵێك ڕێکخستن دەچێتە ئەو مانگەوە، دوای دانوستانێکی زۆر گوتیان لە مانگی شوبات واتە مانگی دوو باشترمان دەست ناکەوێت، بۆ تا دواجار بە بڕیاری هەموان ئەم مانگە بە ٢٨ ڕۆژ دیاری کرا و تا ئێستاش وایە.



## ئوتۆمبێل - Cars

**مورەجەع چییە و ئیشی چییە لە ئۆتۆمبێلدا**

ڕێکخەری پەستانی بەنزین (Fuel Rail Pressure Sensor) بەشێکی گرنگە لە ناو سیستەمی بەنزیندا، کە بەزمانی بازار بە مورەجەع ناو دەبرێت، وەکو بە ناوەکەیدا دیارە، ئەرکی سەرەکی بریتییە لە ڕێکخستن و پاراستنی پەستانی (زەختی) بەنزین بە جێگیری، بۆ ئەوەی نۆزڵەکان پرژاندنێکی دروستی بەنزین بکەن و، بزوێنەر لە هەموو بارودۆخێکدا بە سافی ئیش بکات، شوێنی مورەجەع لەو ئۆتۆمبێلانەی کە هێڵی گەرانەوەی بەنزینی زیادەیان هەیە بۆناو تانکی، دەکەوێتە سەر Fuel Rail کە بە شمشاڵ ناو دەبرێت و بە زۆری لە سەر ڤاکیۆمی دەکشنی سارد ئیش دەکات، بەڵام لەو ئۆتۆمبێلانەدا کە هێڵی گەڕانەوەی بەنزینی زیادەیان نییە و تەنیا لە یەك هێڵی ناردنی بەنزین پێك هاتووە، ڕاستەوخۆ لەسەر قاعیدەی فیول پەمپ دەبەسترێت، تێکچوونی گاریگەری لەسەر کەم و زیاد تێکردنی نۆزڵەکان هەیە و، لەگەڵ ئەوەشدا گاریگەریی گەورە لەسەر ئیشکردنی بزوێنەر جێ دەهێڵێت.



### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

کاتێك تووشی هەندێك کێشە دەبیت لە کارەکەت هەوڵبدە ڕاوێژ بە کەسانی شارەزا بکەیت، لە ڕووی سۆزدارییەوە خۆت بەدوور بگرە لە ڕابردوو و، گرنگی بە لاپەڕەیەکی نوێ بدە لە ژیانت، وا باشترە بایەخ بە سیستمی خۆراکی تەندروست بدەیت لە پێناو پاراستنی تەندروستیت.



### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

لەلایەنی پیشەییەوە هەرگیز پەلەمەکە لە بڕیارەکانت دەربارەی کار و چالاکییەکانت، هاوکات مەکەوەرە ژێر کاریگەریی هاوپیشەکانت، لەگەڵ خۆشەویستەکەت پەیوەندییەکی ڕۆمانسی و ئاسوودەبەخش دروست بکە، ڕێگەمەدە ڕۆتین زاڵبێت، ئەگەر هەستت بە تورەیی کرد، هەوڵ بدە خۆڕاگر بە.




### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

زۆر بەسوودە بەشێوەیەکی ورد سەرنج بدەیتە کار و پڕۆژەکانت، بەڵام متمانەی تەواوت بە خۆت هەبێت، لەڕووی کۆمەڵایەتی و خێزانییەوە ئەم ماوەیە بە قۆناغێکی قورس و پڕ کێشەدا تێپەڕ دەبیت، تەندروستیت فەرامۆش مەکە و لەکاتی پێویستدا سەردانی پزیشك بکە.



### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

هەمو کاتەکانت بە کار و پیشەکەتەوە مەکوژە، چونکە کۆمەڵێك بابەتی گرنگتر هەیە لە ژیانتدا، هەوڵ بدە یەکسانی ڕابگریت، واز لە گفتوگۆی قورس بهێنە لەگەڵ خۆشەویستەکەت، چونکە ڕەنگە ناکۆکی دروست ببێت، ئاگاداری چوونەدەرەوەکانت بە کاتێك کەشوهەوا ساردە.




### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١

ئەمڕۆ گرنگە ئەرکەکانت بە باشی جێبەجێ بکەیت، بە بێ ئەوەی هەست بە پەستانی زۆر بکەیت و کارەکان لە خۆت ئاڵۆز بکەیت، ڕێگەمەدە کەسانی نزیکت دەست وەربدەنە نێوان خۆت و خۆشەویستەکەتەوە، پێویستە بەتەنیا خۆتان چارەسەری کێشەکانتان بکەن، بەبێ پرسی پزیشك هیچ دەرمانێك مەخۆ.




### شایان ٩/٢٣ - ١٠/٢٢


لەلایەنی پیشەییەوە ڕەنگە بانگهێشتی کۆمەڵێك پڕۆژەی گرنگ بکرێیت، هەوڵ بدە کەسانی دەوروبەرت لە کارەکەت بێزار نەکەیت، پەیوەندییت لەگەڵ خۆشەویستەکەت باش نییە و ڕەنگە تووشی جۆرێك لە دڵەڕاوکێ ببیت، ئەمەش دەبێتە هۆی بڕیاری خێرا، خواردنی تەندروست فەرامۆش مەکە.





بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆرمی (ئای ئۆ ئێس) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:
https://apps.apple.com/us/app/gulan-media/id1586050534#?platform=iphone




## ئێستا دەتوانی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ هەریەکە لە پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) و (ئەندرۆید) دابەزێنی بۆ ئەوەی سوودمەند بی لە دوایین هەواڵ و زانیارییەکان




بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئەندرۆید) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:
https://play.google.com/store/apps/details?id=com.gulan.media




# www.gulanmedia.com

Weekly Gulan April 4, 2022 Issue,No.1311


# TimeNet Company.Ltd

time net
Network expertise

TimeNet Company specialises in IT, ICT, Croporation Computerizing and Implementation of Networking across Kurdistan and Iraq

Our Company provides:
Dedicated Internet Services
VSAT
..........Copper Wired Networking
.............Wireless Networking
............Fiber Optic Networking
VoIP Video Streamnig
VPNs
CCTV Cameras
Electronic Door

کۆمپانیای تایم نێت شارەزاین لە تەکنەلۆژیای زانیاری و بە کۆمپیوتەر کردنی کۆمپانیا و ڕێکخراوەکان بە گوێرەی ئیش و کارەکانیان.

خزمەتگوزاریەکانمان:
گەیاندنی ئینتەرنێت بە ڕێگای... Dedicated و VSAT
دامەزراندنی تۆڕ بە
..... تەلی مس
..... بێ تەل
..... فایبر ئۆپتیک

دامەزراندنی دەنگ و ڤیدیۆ بەڕێی ئینتەرنێت
دامەزراندنی تۆڕی راستەقینە تایبەت
دامەزراندنی سیستەمی چاودێری کامێرا
دامەزراندنی سیستەمی دەرگای ئەلیکترۆنی

Tel : +964 750 380 7676
: +964 750 710 0782

sales@time-net.net
www.time-net.net

Erbil, Ankawa, Iraq
Khabat Street - Karez Districit 240/1/626